چەند تیشکێك لە خۆری

# شارستانێتیی ئیسلامی


فاروق ڕەسوڵ یەحیا
هیوا شارباژێڕیی
د.دیاری ئەحمەد ئیسماعیل
هەمزە شەشۆیی

سەردار عەبدوڕەحمان ئیبراهیم
جەمال محەممەد ئەمین
هاوژین تاڵیب ڕەزا
ئەنوەر فەتاح محەممەد

د.زریان حاجی
محەممەد حسێن کەریم
تەها فەرەج ماوەتی



بیری ئوون خامەی نوێ
توێشووی قەڵەم

# چەند تیشکێك لە خۆری شارستانێتیی ئیسلامی

چەند تیشکێك لە خۆری

# شارستانێتیی ئیسلامی

چەند تیشکێك لە خۆری

# شارستانێتیی ئیسلامی

ئامادەکردنی: کۆمەڵێک نووسەر

چەند تیشکێك لە خۆری

# شارستانێتیی ئیسلامی

ئامادەکردنی: کۆمەڵێک نووسەر

تێکست دیزاین: ئۆپاڵ دیزاینس

دیزاینی بەرگ: ناوەندی ڕێنوێن

نۆبەتی چاپ: یەکەم

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٤٣٦)ـی ساڵی (٢٠٢١)ـی پێدراوە.

**مافی یاسایی لە چاپدانەوەی ئەم پەرتوکە تەنها بۆ ناوەندی ئیعجاز و توێشووی قەڵەمە**

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی/ د. محەممەد شێخ تاهیر بەرزنجی | 7 |
| شارستانێتیی قورئان و شارستانێتیی خۆرئاوا بەراورد و دەرەنجام/ م. فاروق ڕەسوڵ یەحیا | 13 |
| مەنهەجیەتی پێغەمبەر و بونیادنانی شارستانیەت/ م. هیوا محەممەد جەلال (هیوا شارباژێڕیی) | 35 |
| شارستانیەتی ئیسلامی، خۆرێکی گەشاوە بوو بەسەر ئەوروپا../ د. زریان حاجی | 53 |
| گرنگیی کتێبخانە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا/ م. هەمزە سەعید شەشۆیی | 83 |
| ڕەهەندی مرۆڤبوون لە پزیشکیی ئیسلامیدا/ د. دیاری ئەحمەد ئیسماعیل قەساب | 99 |
| نەخۆشخانەکان لە شارستانییەتی ئیسلامیدا/ م. تەها فەرەج ماوەتی | 109 |
| گەشەسەندنی بوارەکانی زانستی جوگرافیا لای زانا موسڵمانەکان/ م. سەردار عەبدوڕەحمان ئیبراهیم | 129 |
| زانایانی موسڵمان لە سەردەمی شارستانێتیی ئیسلامیدا/ م. جەمال محەممەد ئەمین | 141 |
| نموونەی پرشنگداران لە سەردەمی زێڕینی وڵاتی موسڵمانان/ شێخ محەممەد حسێن کەریم | 163 |
| سەرقافڵە موسڵمانەکان لە زانستە تاقیگەرییەکاندا/ م. ئەنوەر فەتاح محەممەد | 183 |
| مەجریتیی گەردوونناس و کیمیاگەری موسڵمانان لە ئەندەلووس/ هاوژین تاڵیب ڕەزا | 197 |

# پێشەکی

## سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە

خـوای پاکوبێگـەردی بەهـەق و، بەدیهێنـەری مـرۆڤ و گـەردوون، دەفەرموێـت: ﴿هُـوَ أَنشَـأَكُم مِّـنَ ٱلأَرضِ وَٱسـتَعمَرَكُم فِيهَا﴾[هـود:٦١]، واتـە: «هـەر ئـەوە لـەم زەوییـە ئێـوەی بـەدی هێنـا و، ئاوەدانکرنـەوەی زەویـی پـێ سـپاردن».

پێشەوای ڕاڤەکارانی قورئانی پیرۆز «ئیمامی طەبەری» دەڵێت:

﴿وَٱسـتَعمَرَكُم فِيهَـا﴾ واتـە: مرۆڤـی کـردووە بـە ئاوەدانکـەرەوەی زەوی (بـە کشـتوکاڵ، بیناکـردن،... تـاد).

خـوای پـەروەردگار لـە سـوورەتی «البقرة»شـدا دەفەرموێـت: ﴿إِنِّي جَاعِـلٌ فِي ٱلأَرضِ خَلِيفَـةً﴾ [البقـرة:30]، واتـە: «بـە ڕاسـتی مـن دەمـەوێ بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی زەوی جێنشـینێکی تێـدا دابنێـم».

ئایەتـی پیـرۆزی تریـش زۆرن بۆمـان ڕوون دەکەنـەوە کـە ئـەرك و فرمانـی مـرۆڤ لـە دنیـادا ئاوەدانکردنـەوەی زەوییـە و، سـوودوەرگرتنە لـە تـەواوی ئـەو شـتانەی لـە زەویـدان، کـە هەمووییـان بـۆ خێـر و قازانجـی مرۆڤـەکان دروسـت کـراون. هەروەهـا بـۆ بەرپاکردنـی یەکخواپەرسـتی و بەڕێوەبردنـی کاروبـاری ژیانـی خۆیـان بـە دادپەروەرانـە، کـە ئەمـەش بناغـەی پەیـام و بانگـەوازی گشـت پێغەمبـەران بـووە - درووديـان لەسـەر بێـت - بـۆ گـرۆی ئادەمیـزاد..

بەو شێوەیە پێغەمبەران بەدوای یەکدا لەلایەن پەروەردگارییانەوە بۆ مرۆڤایەتی ڕەوانە کران و، پەیامەکەشیان هەموو واتایەکی چاکەکاری و دادپەروەریی لەخۆگرتبوو. ئنجا بە تێپەڕبوونی کات و سەدەکانیش شارستانێتیی جۆراوجۆر پەیدا بوون و، سەردەمانێکی جیاواز لە بنیادنان یاخود داڕمانی شارستانێتییەکان هاتنەکایەوە و، بەرپاکردنی دادپەروەری یان بڵاوبوونەوەی ستەم دەستی بەسەر مرۆڤایەتیدا کێشا.. ئەوەش بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی کە دواهەمین پەیامی ئاسمان بۆ دواهەمین پێغەمبەر (محەممەدی سەروەرمان (ﷺ)) بۆ تەواوکردنی ماناکانی دادپەروەری و هەموو کارێکی چاك و باش ڕەوانە کرا. وەك ئەوەی کە پێشەوایانی فەرمووده و سیرە بە سەنەدی صەحیح ئەو فەرمووده مەرفووعەیان هێناوە کە: (إِنَّمَا بُعِثْتُ لِأُتَمِّمَ محاسن الأخلاق) یان (مَكَارِمَ الْأَخْلَاقِ)، واتە: «من بۆ ئەوە نێردراوم کە تەواوکاری بە هەموو سیفەتە بەرز و جوانەکانی ڕەوشتبەرزی ببەخشم».

فەیلەسووفان و تۆێژەران پێناسەی جۆراوجۆر و جیاوازیان بۆ «شارستانییەت» هەیە، بەڵام لەوانەیە باشترین و کورتترین و گەورەترینی ئەو مانایانە پێناسەکەی بیرمەند و سەرکردەی موسڵمانی کۆچکردوو (عەلی عیزەت بیگۆڤیچ) بێت -ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت- کاتێك کە دەڵێت: (کلتور واتە بۆچی زیندوو بین یان بۆچی بژیین؟ بەڵام شارستانێتی واتە چۆن زیندوو بین یان چۆن و بە چ شێوەیەك بژین؟)[1].

پێغەمبەری سەروەرمان (ﷺ) یەکەمین خشتی بۆ بنیادی شارستانێتیی ئیسلامی دانا، لەسەر بناغەکانی دادپەروەری و ئازادیی بیروڕا و ڕزگارکردنی مرۆڤ لە کۆتی بەندایەتیکردنی بۆ برا مرۆڤەکەی خۆی بەرەو بەندایەتی بۆ خوای تاك و تەنیا و، دژایەتیی خراپەکاری.

(١) من مذكرات بيكوفيتش المترجم إلى العربية.

مرۆڤایەتی لە سەردەمی خیلافەتی ڕاشیدیندا دروستبوونی تەلاری شارستانێتیی ئیسلامی بەخۆیەوە بینی، پاشان چەماوەی شارستانێتیی ئیسلام چەند ماوەیەکی جیاجیای هەڵکشان و داکشانی هاتە ڕێ. نەیارانی ئیسلامیش لە ڕۆژهەڵاتناسان و هاوڕاکانیان هەوڵیان دا بە جەختەوە ساتەوەختەکانی کەوتن و بەربادی و شۆربوونەوە پێش چاو بخەن و، بە زیادەڕۆییەوە لە پێش چاودا گەورەی بکەن. لە هەمان کاتیشدا بێدەنگییان هەڵبژارد لە ئاستی ئەو کاتانەی کە شارستانێتیی ئیسلام تیایاندا گەیشتبووە ترۆپك لە دادپەروەری و چاکەکاری و ڕێزگرتندا لە مرۆڤ. ئەم کارە ڕقاوییەشیان کارێکی ئامانجدارە، چونکە ئەوان باش دەزانن کە ئەگەر نەوەی نوێ تێبگات لەوەی کە سەر بە شارستانێتییەکی بڵند و ژیانێکی مەدەنیی پێشکەوتوو و مێژوویەکی پرشنگداری پڕ لە نموونەی دادپەروەری و جوانە، ئەوا کەسێکی بەهێز و خۆڕاگر و دەروون دامەزراو دەردەچێت.

خوێنەری بەڕێز لەم کتێبە بەنرخەدا بە چەندین نموونەی جوانی پێشکەوتنی مەدەنی و بڵندیی شارستانێتی و ڕێزی مرۆڤ ئاشنا دەبێت، کە چەندین ماوەی جۆراوجۆری خایاندووە بە درێژایی چوارده سەده لە سەرەتای هەڵهاتنی خۆری ئیسلامەوە.

ئەم کتێبەی بەردەستمان چەند بابەتێکی گرنگی لەخۆگرتووە، بە پێنووسی چەند مامۆستایەکی ناسراو بە شارەزا لە بواری ڕۆشنبیری و مێژووی ڕەسەنی ئیسلامدا، لە پێش هەموویانەوە بەڕێز جەنابی «مامۆستا فاروق ڕەسوڵ یەحیا» خوای گەورە بیپارێزێت لەگەڵ مامۆستا بەڕێزەکانی تردا، کە هەموویان کەسانی متمانەپێکراون لەلای ئەهلی عیلم و، خوای گەورە قەڵەمێکی بەبڕشت و بیروهۆشێکی وریا و سەردێکی زانستییانەی ڕێك و ڕەوانی بە هەریەکەیان بەخشیوە و، پاش ڕۆچوونە نێو قووڵایی سەرچاوە متمانە پێکراوەکان، توانیویانە لە نێو هەزاران ڕیوایەتی مێژوویی

لاواز و بـــە نرخـــدا، گەوهـــەر و مرواریـــەکان دەربـــارەی شارســـتانێتیی ئیســـلام پێـــش چـــاو بخـــەن.

ئـــەم کتێبـــە بەنرخـــە دوا ئەنجـــام کاری مرۆڤـــە و، هەرگیـــز نەنگـــی نییـــە کـــە ئەگـــەر وەکـــو هەمـــوو کارێکـــی دیکـــەی مرۆڤـــەکان هەڵـــە و خـــەوشی تێـــدا هەبێـــت.

جـــا ئەگـــەر ئـــەم کتێبـــە و تەوەرەکانـــی و زانیارییەکانـــی نـــاوی دروســـت و تـــەواو بـــن، ئـــەوا چاکـــە و پشـــتیوانیی خـــوای گەورەیـــە.. خـــۆ ئەگـــەر هـــەر هەڵـــە و خەوشێکیشـــی تێـــدا بێـــت، بـــە دڵنیاییـــەوە لـــە ئێمەوەیـــە و، داوای لێخۆشـــبوون لـــە خـــوای گـــەورە دەکەیـــن.

وآخرُ دعوانا أن الحمدُ لِلّٰهِ رَبِّ الْعالَمين.

د. محەممەد شێخ تاهیر بەرزنجی



# شارستانێتیی قورئان و شارستانێتیی خۆرئاوا بەراورد و دەرەنجام

بەپێی لێکدانەوەی مامۆستا سەعیدی نوورسی

نووسین و ئامادەکردنی:
فاروق ڕەسوڵ یەحیا

فاروق ڕەسوڵ یەحیا
faruq.r@gmail.com

## پێشەکی

لای هەمووان ڕوونە ئەو شارستانێتییەی کە موسڵمانان لەسەر بنەماکانی ئایینی ئیسلام دایانمەزراند، چەند سەدەیەکی خایاند و، گەلێ شاکاری زێڕینیشی لە تۆماری ڕووداوەکانی مێژوودا نەخشاند.

بە هەمان جۆر ئەوەش ڕوونە کە وەك هەر تەقالایەکی مرۆڤانە لە جێبەجێکردنی بنەماکاندا - بە وێنەی شارستانێتییەکانی دیکە - هەوراز و نشێو، ڕاست و هەڵەی، لە مێژووی دریژخایەنیدا هاتووەتە ڕێ..

بەڵام جێی سەرنج ئەوەیە کە چەندەش موسڵمانان لە قۆناغی نوشوستیدا بووبن و لە جێبەجێکردنی ئەو بنەمایانە کەمتەرخەمییان نواندبێت، هێشتا هەر چاکەکارییەکانی شارستانێتیی ئەوان (کاتێ جڵەوی شارستانێتییان لە دەستدا بووە) بەسەر خراپەکانی قۆناغەکەیاندا زاڵ بووە. ئەوەش بە پێچەوانەی شارستانێتیی ڕۆژگار، کە لەسەر بنەماکانی دید و فەلسەفەی کەڵەکەبووی کۆن و نوێی خۆرئاوا دامەزراوە و، هەتا زیاتر لە دۆخی پێشکەوتن و بەرەودا بێت پتر لایەنە خراپەکانی بەسەر لایەنە باشەکانیدا پەرە دەسێنێت. دەبینی مرۆڤی ئەم سەردەمە، چەندە لە ڕووە ئەرێنییەکانی شارستانێتیی ئێستا بەرخوردار بووە، زۆر لەوە زیاتر گیرۆدەی لایەنە نەرێنییەکانیەتی لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا..

هەموو ئەو جەنگە خوێناوی و، زەوتکارییە ئابووری و، داگیرکارییە سەربازی و، لەخشتەبردنە فیکری و فەلسەفی و، داڕمانە ڕەوشتی و، تۆقاندنە هەمە ڕەهەند و، زاڵکردنە ئاشکرایەی ستەمکاران بەسەر میللەتاندا، لەم سەردەمە و لە سەرانسەری ئێستای گۆی زەویدا، بەشێکن لەو واقیعە کارەساتاوییە بەردەوامەی کە قورسیی تای لایەنە خراپەکانی شارستانێتیی ڕۆژگار بەسەر تای لایەنە باشەکانی، لە بەرچاودا بەرجەستە دەکەن!

ئەم واقیعە دژوارە، مرۆڤی خوازیاری دۆزینەوەی بنج و بناغەی ڕووداوەکان دەکاتە عەوداڵی گەڕان بە دوای هۆکارەکان و لێکدانەوەی دەرەنجامەکان..

یەکێك لەوانە مامۆستا سەعیدی نوورسییە - بە ڕەحمەت بێت - کە هەر زوو ئەم دیاردەیە سەرنجی ڕاکێشا و، بە نیازی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و تاوتوێکردن، بە وریاییەوە ڕۆشتە ناو قووڵایی بابەتەکە و، دواجار هۆکار و دەرەنجامەکانی بە وردی دیاری کرد و، لە گۆشەی جیاجیاوە لێکدانەوەکانی خۆی خستە پێش چاو.

هەوڵ دەدەین لەم لاپەڕە کەمانەدا بە پوختی لە چەند ڕوویەکیان بدوێین، چونکە بەراوردکارییەکانی نووسی لە نێوان ڕێنمایی قورئان پیرۆز و، بەخششە فیکری و فەلسەفییەکانی مرۆڤ لە ئاستی شارستانێتیدا هەمە لایەنەیە و، مەگەر لە لایەن قەڵەمی پسپۆڕی بابەت بە تۆژینەوەی زانستییانەی گشتگیر مافی خۆی پێ بدرێت، دەنا لەم وتارەدا هەر هێندە بوار لە بەردەستدایە کە هەندێ لەو گۆشە ڕوانین و بەراوردانە باس بکرێت کە تێگەیشتن لێیان گشتییە بۆ هەمووان و تایبەت نییە تەنها بە کەسانی پسپۆڕ.

## خاڵی ڕوانگە و دەسپێك

دەبێ ئەوەش بڵێین کە مامۆستا سەعیدی نووڕسی، وەك بیریار و زانایەکی نوێکاری موسڵمان، ڕوانگەی لێکدانەوەکانی بۆ هەر دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشی چەرخەکەی، بێگومان لە تیشکی ڕووناکیی قورئانی پیرۆز و سوننەتی خاوێندا دەبێت و، ڕوانینێکی بەرینی هەردوو دنیا بین مەودای بینینەکانی دیاری دەکەن، بە پێچەوانەی هەر لێکدانەوەیەك کە لە تیشکی ئەو دوو ڕووناکییەدا ئەنجام نەدرابێت و، بینینەکانیشی لە نێو بازنەی بەرتەسکی ئەم ژیانەی دنیا و بەرژەوەندییە کاتییەکاندا قەتیس بووبێت.

## دەرچوونی چەمکی «خۆرئاوا» لە واتا جوگرافییەکەی

مامۆستا نووڕسی لە بەراوردەکانیدا ئەو هەستە بە خوێنەر دەدات کە (دوای کەناردانی کاریگەریی ئوممەتی ئیسلام لەسەر شانۆی ڕووداوەکان) لە هەر شوێنێکی ئیستای زەویدا «شارستانێتی» هەبێت، تەنانەت لەوپەڕی خۆرهەڵاتیش، هەر بەشێکە لە «شارستانێتیی خۆرئاوا»، چونکە لە هەردوو ڕووی تیۆر و جێبەجێکردنەوە (چ لە ڕوخسار چ لە ناوەرۆکدا) لەسەر هەمان بناغەکانی ئەو دامەزراوە..

کەواتە هەرکاتێ چەمکی «خۆرئاوا» یان «ئەوروپا» لەو بەراوردانەدا بەکاردەهێنێت، مەبەستی ئەو کەرتە جوگرافییەی نەخشەی گۆی زەوی نییە کە لای هەمووان زانراوە، بەڵکو مەبەست سەرجەمی ئەو فەلسەفە و هزر و تیۆر و پراکتیکەی شارستانێتیی ڕۆژگارە کە لەگەڵ بناغەکانی شارستانێتیی قورئاندا یەك ناگرنەوە.

## تێبینییەك بۆ پاڕێز لە تێگەیشتنی هەڵە

لە پێشدا ئەو تێبینییەش بە خوێنەر دەدات کە بە باشی لە هەردوو لایەنە ئەڕێنی و نەڕێنییەکەی شارستانێتیی خۆرئاوا گەیشتووە و، ڕووی گوفتاری تەنها لە بەشە نەڕێنییەکەیانە. هەروەك ستایشی لایەنە ئەڕێنییەکەی دەکات، واتە ئەو خزمەتەی کە شارستانێتی لە

ڕێـی زانسـت و پیشەسـازییەوە پێشـکەشی ژیـانی کۆمەڵایەتیـی مرۆڤـی کـردووە، هـاوکات لەگـەڵ ئاماژەدانیـدا بـەوەی کـە ئـەو چاکەکارییانـە تەنهـا بەرهەمـی ئـەم شارسـتانێتییە نـین، بەڵکـو کەلەپوورێـکی دێرینـە و بەردەوامـی مێـژووی ئادەمیـزادن کـە شارسـتانێتییەکان دەستاودەسـتیان پـێ کـردووە و هەریەکەشـیان جێدەسـتی خـۆی لەسـەر بەجێهێشـتووە، تەنانـەت سوودیشـان لـە ڕێنمایـی ئایینـی خوایـی وەرگرتـووە کـە پێغەمبـەران - درووديـان لەسـەر بێـت - بـۆ ئادەمیزادیـان هێنـاوە[1]. ئـەم تێبینییـەشی لـە چەنـد شـوێنێکدا دووپـات کردووەتـەوە، بـۆ نموونـە وەك ئـەوەی کـە دەڵـێ:

«ئەوروپـا دوو ئەوروپایـە: یەکەمیـان؛ بـە هـۆی کەڵـك وەرگرتنـی لـە ئایینـی عیسـایی و شارسـتانێتیی ئیسـلام و، بـە چاکـەی خـوای گـەورە، هێنـدە سـوودی بـە مرۆڤایـەتی گەیانـد کـە لـەم ژیانـەدا پێـی بحەوێتـەوە. بـەڵام ئەوروپـای دووهـەم، دژایەتیـی ئایینـەکانی ئاسـمانی کـرد و، پشـتی بە فەلسـەفەی سروشـتیی مـاددی بەسـت و، خراپکارییەکانی شارسـتانێتیی ئـەو بەسـەر چاکەکارییەکانیـدا زاڵ بـوو، هـەروەك بـوو بـە هـۆی گرفـت و بەدبەختیـی زۆرینـەی مرۆڤایـەتی. جـا مـن لـەم گوفتارەمـدا ڕووی دەمـم لـەم بەشـەی دووهەمـی ئەوروپایـە»[2].

دوای پێشخسـتنی ئـەم تێبینییـە و، دڵنیاکـردنی خوێنـەر کـە لـەو بـەراوردەدا چاکـە و لایـەنی ئەرێنیـی شارسـتانێتیی مەبەسـت نییـە، ئـەوەی کـە بەرهەمـی هەمـوو ئادەمیـزادە و تایبـەت نییـە بـەم شارسـتانێتییەوە، دێتە سـەر خـودی ئامانجەکـە و بـەراوردەکانی پێشـکەش دەکات، تاکـو بگاتـە ئـەو ئاکامـەی کـە سـتەم و ناحەقیی شارسـتانێتیی خۆرئـاوا بەرامبـەر گرۆی ئادەمیـزادی هاوچـەرخ زیاتـرە لـەو حەوانـەوە و خۆشـییەی کـە بـە ڕواڵەت پێشـکەشی کـردووە، ئنجـا ئـەوەش دەکاتـە بناغـە و پێشـەکی بـۆ وەڵامـی ئـەو پرسـیارەی کـە: بۆچـی مرۆڤـی سـەردەم، سـەرباری هـۆکارەکانی

(١) بریسکەکان، ل: ٧٨٥.

(٢) مەسـنەویی نـووری، ل: ٤١٢. هەروەهـا لـە کتێبـی (بریسـکەکان)دا ل: ٢٢٨-٢٢٩ ئـەم چەمکـەی پـتر ڕوون کردووەتـەوە.

باشکردنی گوزەران کەچی هەر بە ئازاری ئەو دەردیسەرییانەوە دەتلێتەوە کە شارستانێتیی خۆرئاوا بۆی هێناوە؟

## بناغەکانی هەردوو شارستانێتی بەراورد بە یەکتر

نووسی لە چەند بەرهەمێکیدا و بە چەند خاڵێکی کورت و ڕوون، ئەو بنەما فەلسەفییانە دیاری دەکات کە شارستانێتیی خۆرئاوای لەسەر دامەزراوە، هاوکات لەگەڵ باسی ئاکامەکانی جێبەجێکردنی ئەو بنەمایانە.. بەرامبەر بەو بناغانەی کە قورئانی پیرۆز بۆ دامەزراندنی شارستانێتیی شایان بە مرۆڤ داوای دەکات، هاوکات لەگەڵ دەرەنجام و بەروبوومەکانی.

**یەکەم: بناغەکانی شارستانێتیی خۆرئاوا و دەرەنجامەکانیان.**

بەپێی لێکدانەوەی نووسی، شارستانێتیی خۆرئاوا لەسەر پێنج بناغەی نەرێنی دامەزراوە:

1 - لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریدا پشت بە «**هێز**» دەبەستێت و دەیکات بە دەستووری ژیان. بە واتایەکی تر پێی وایە «حەق» لە «هێز»دایە. خۆ ئاشکرایە کە «**هێز**» ئاکامەکەی سنوورشکاندن و، مافخواردن و، دەستدرێژیی لێ دەکەوێتەوە[1].

واتە بەلای شارستانێتیی ڕۆژگارەوە - کە لەسەر بناغەی فەلسەفەی ماددی دامەزراوە - «خاوەن هێز» هەر کردار و گوفتار و ڕەفتارێکی لێ بووەشێتەوە هەر لەسەر «حەق»ە و، یاسا ناوخۆیی نێودەوڵەتییەکانیش بەو ئاراستەیە دادەڕێژرێن. تەنانەت کاتێ کە «**هێز**» فەرمانڕەوا بوو، ئەوا جێگایەك بۆ حەق و یاسا و مافەکان نامێنێتەوە.

جگە لەمانەش، لە سایەی «**هێز**»دا بواره جۆراوجۆرەکانی فێرکردن و میدیا و هونەر و ئاراستەکردن، بە شان و باڵی ستەمکاران و بە جوان پیشاندانی کارەکانیاندا دەخوێنن، تا ئەو ڕادەیەی کە زۆرینەی

(١) وتەکان، وتەی دوازدەهەم، ل: ١٩٢؛ بریسکەکان، ل: ٧٧٩؛ داوەرییەکان، ل: ٧٤٥.

خەڵکی پێ ڕادەهێنن و، ئەو چەمکە لە نەست و ناخی تاك و کۆمەڵدا جێگیر دەکەن[١].

2 - ئامانجەکانی ژیان لە «**سوود**» و «**بەرژەوەندی**»دا قەتیس دەکات. کە ئەوەش بە ڕوونی پاڵپاڵێن و دوژمنایەتیی لێ دەبێتەوە، چونکە «سوود» و «بەرژەوەندی» بەشی دابینکردنی پێداویستی و هێنانەدیی ئارەزووەکانی هەموان ناکات و، دەرەنجام ڕێ بۆ ڕوودانی پێشێلکاری و تاوانکاریی جۆراوجۆر خۆش دەکات[٢].

3 - پەیوەندیی ژیانی کۆمەڵایەتی بەلایەوە بریتییە لە «**مشتومڕ**» و «**ململانێ**». دیارە ئەوەش دەرەنجامەکانی دوژمنایەتی و، قڕە و، پاشقول لەیەکدانی لێ دەکەوێتەوە، کە ئەویش دەبێتە هۆی دابەزینی ڕەوشتی تاك و کۆمەڵ بۆ نزمترینی ئاستەکان[٣].

4 - «**ڕەگەزپەرستی**» و «**دەمارگیری**» و «**تایفەگەری**» دەکات بە پەیوەستکاری نێوان کۆمەڵانی مرۆڤ، کە لەسەر حسابی ڕەگەز و نەتەوەکانی تر گەشە دەکات و پەرە دەسێنێت و بە هەڵلووشینی ئەوانی تر بەهێز دەبێت. دەرەنجامی لێکەوتەی ئەوەش - وەك ئاشکرا و لەبەرچاوە - ئاژاوە و ناکۆکی و جەنگی سامناك و کاولکاری و تیاچوونی هەرشتێکە دەستی پێی بگات[٤].

5 - خزمەتە سەرنج ڕاکێشەکەی بۆ گرۆی ئادەمیزاد بریتییە لە «**هاندانی حەز و ئارەزووە ناڕەواکان**» و «**تێرکردنیان**» و، ڕێ خۆشکردن بۆ هێنانەدیی خواستەکانی ئەو ئارەزووانەی «**دەروون**». دیارە ئەو چەشنە ئارەزووانەش مرۆڤ لە پلەی مەلائیکەییەوە دەخەنە خوارەوە

(١) بڕیسکەکان، ل: ٨٢٣.

(٢) وتەکان، وتەی دوازدەهەم، ل: ١٩٢؛ بڕیسکەکان، ل: ٧٧٩؛ داوەڕییەکان، ل: ٧٤٥.

(٣) هەمان سەرچاوە و لاپەڕەکانی پەراوێزی پێشوو.

(٤) وتەکان، وتەی دوازدەهەم، ل: ١٩٢؛ بڕیسکەکان، ل: ٧٧٩-٧٨٠؛ داوەڕییەکان، ل: ٧٤٥.

بـۆ ئاسـتێکی نزمـتر لـە پلـەی ئادەمیـزاد و، سەروسـیمای ئادەمییانـەی دەشـێوێنن و، بـە شـێوەیەکی مەعنـەوی «مەسـخ»ی دەکـەن[١].

«ئـا لێـرەوە بۆمـان دەردەکەوێـت کـە بۆچـی بەختـەوەری لـە گـرۆی مرۆڤایـەتی سـەندراوەتەوە و لەبـەری داماڵـراوە»[٢].

## وردبینییەکی پێشوەخت کە ڕۆژگار سەلماندی:

لـە پێـش سـاڵەکانی بیسـتی سـەدەی ڕابـوردوودا، تەنهـا دەرکەوتنـی سـەرە داوەکان و تێبینیـی ورد بـۆ هەنـدێ ڕووداوی جیهـانی، بـەس بـوون بـۆ کەسـێکی زیـرەك و وریـای وەکـو نـوورسی کـە بتوانێـت لـە ڕێبانـەوە بناغـە نەرێنییـەکانی شارسـتانێتیی نـوێ بـەم وردییـە دەستنیشـان بـکات، کـە ئـەو پێشـبینییە (بـەو ڕوونییـە لای ئـەو) لـەو دەمـەدا بـۆ گشـتینەی خەڵـك کارێـکی دژوار بـووە..

بـەڵام وا ئێسـتا، دوای تێپەڕبـوونی سـەدەیەکی تـەواو خوێنـاوی و کارەسـاتاویی بـەردەوام و، لەبەرچاوبـوونی هـۆکارەکان و، ئاشـکرابوونی سـەرچاوەی نەهامـەتی و کارەسـاتەکان بـۆ گشـتینەی خەڵـك، ئێمـە بـە باشی لـەم تێبینییـە وردانـەی ئـەو لەمـەڕ بناغـەکانی شارسـتانێتیی ڕۆژگار دەگەیـن کـە ئـەو کاتـە لـە چەنـد بەرهەمێکیـدا بـاڵاوی کردوونەتـەوە.

### دووهەم: بناغەکانی شارستانێتیی قورئان و دەرەنجامەکانیان.

نـوورسی لـە بەرامبـەر ئـەو پێنـج خاڵـە نەرێنییـەی بناغـەکانی شارسـتانێتیی خۆرئـاوا، لـەو باوەڕەدایـە کـە شارسـتانێتیی قورئـانی پیـرۆز لەسـەر پێنـج بناغـەی ئەرێنـی دادەمەزرێـت:

1 - خاڵـی پشـت پێبەسـتنی (وەك دەسـتووری ژیـان) لـە بریـی «هێـز» بریتییـە لـە «**حـەق**».. خـۆ ئاشـکرایە کـە «**حـەق**» هەمیشـە دادگـەری و یەکگرتـن و هاوسـەنگی دادەمەزرێنێـت و، لەمانەشـەوە ئاسـایش سـەر

(١) هەمان سەرچاوە و لاپەڕەکانی پەراوێزی پێشوو.
(٢) وتەکان، ل: ١٩٢.

هەڵـدەدات و، بنەوبارگـەش بـە چـارەڕەشی و بەدبەختـی دەپێچێتـەوە[١]. تەنانـەت پێـی وایـە کـە دەبـێ «هێـز» لـە خزمـەتی «حـەق»دا بێـت[٢].

2 - ئامانجیـشی، لـە بریـی «بەرژەوەنـدی» بریتییـە لـە «**فەزیلـەت**» (ڕەوشـتبەرزی و چاکـەکاری). دیـارە بەرهەمـی «**فەزیلەت**»یـش خۆشەویستی و پشـتگیری و تەبایـی و نزیکبوونەوەیـە لـە یەکـتر. ئنجـا لەمانەشـەوە بەختـەوەری پەیـدا دەبێـت و، دوژمنایەتیـش دەڕەوێتـەوە[٣].

3 - پەیوەسـتکاری ژیـانی کۆمەڵایـەتی، لـە بریـی «مشـتومڕ و ململانـێ» بریتییـە لـە «**هـاوکاری و هاوئاهەنگـی و یارمەتیـدانی یەکـتری**». دیـارە ئـەم دەسـتوورەش یەکبـوون و پشـتگیری و فریاگـوزاری لـە نێـوان مرۆڤـدا بەرهـەم دەهێنێـت، کـە لـە ڕاسـتیدا ژیـانی کۆمەڵایەتیـی مـرۆڤ تەنهـا لەسـەر ئـەم چەشـنە سـتوونە ڕاگیـر دەبێـت[٤].

4 – هـۆکارە پەیوەندیـدەرەکانی نێـوان کۆمـەڵانی مـرۆڤ بەلایـەوە، لـە بریـی «ڕەگەزپەرسـتی» و «دەمارگـیری» و «تایفەگـەری»، بریتیـن لـە پەیوەندییـەکانی «**ئاییـن**» و «**هاونیشـتمانی**» و «**کار و پیشـە**» و «**برایەتیی ئیمانی**» و «**پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان**». وەك ئاشـکرایە ئـەم چەشـنە پەیوەندییانـە هەمیشـە برایەتیـی بێگـەردی ڕاسـتەقینە و، ئاسـایش و، تەبایـی و، بەرگـری لـە وڵات لـە دەمـی دەسـتدرێژیی دوژمنـدا، بەرهـەم دەهێنێـت و، ڕەگەزپەرسـتی و دەمارگیریـی سـەلبی لـە گۆڕێـدا لا دەبـات[٥].

5 - لـە بریـی «هـەوا» و ئـارەزووەکان، «**هـودا**» دەکات بـە فەرمانـڕەوای ئـەو خزمەتگوزارییانـەی کـە پێشـکەش بـە کۆمـەڵ دەکرێـن. خـۆ «هودا»یـش ئاسـتی مـرۆڤ بـەرەو ئـاکارە تـەواوەکان بـەرز دەکاتـەوە و خۆشـگوزەرانیی ڕەوای پـێ دەبەخشـێت. جگـە لەمانـەش، لـەو کاتـەدا کە سـنوور بـۆ هـەوا و ئـارەزووە نـاڕەواکانی «دەروون» دادەنێـت، ڕوونـاکی و

(١) بریسکەکان، ل: ٧٨٠؛ داوەرییەکان، ل: ٧٤٧؛ وتەکان، ل: ١٩٣.
(٢) بریسکەکان، ل: ٧٧١.
(٣) هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پەراوێزی پێشوو.
(٤) بریسکەکان، ل: ٧٨٠؛ داوەرییەکان، ل: ٧٤٨؛ وتەکان، ل: ١٩٣.
(٥) بریسکەکان، ل: ٧٨١؛ داوەرییەکان، ل: ٧٤٨؛ وتەکان، ل: ١٩٣.

دڵنیایی بە «گیان» دەبەخشێت و، بۆ بەرزییەکان ڕێنمایی و تامەزرۆی دەکات و، پێداویستییەکانی بۆ فەراهەم دەهێنێت[١].

«ئنجا هەموو ئەم بناغانە دەبنە هۆی بەختەوەریی هەردوو دنیای مرۆڤ»[٢].

نووسی، دوای دیاریکردنی ئەم پێنج بناغانەی بەراورد لە نێوان هەردوو شارستانێتییەکەدا و، یادخستنەوەی دەرەنجامەکانی هەردووکیان، لە کۆتایی باسی بناغەکانی شارستانێتیی قورئاندا، بۆ سڕینەوەی ئاسەواری سەلبییەکانی ئەوی تر، دەڵێت:

«تەنها لە ڕێی ئەم شارستانێتییەوە، ئاسایشی گشتی هەموو لایەك دەگرێتەوە، چونکە ئەم شارستانێتییە هەمیشە لە هەڵوێستی بەرگریدایە لە بەرامبەر هەر چەشنە دەستدرێژییەکی دەرەکی»[٣].

(١) بڕیسکەکان، ل: ٧٨١؛ داوەڕییەکان، ل: ٧٤٨.
(٢) وتەکان، ل: ١٩٣.
(٣) بڕیسکەکان، ل: ٧٨١.

ئەم خشتەیەی خوارەوە خاڵەکانی بەراورد لەخۆیدا کۆدەکاتەوە[1]:

| خاڵەکانی بەراورد | شارستانێتیی خۆرئاوا | | شارستانێتیی قورئان | |
|---|---|---|---|---|
| | بناغە | دەرەنجام | بناغە | دەرەنجام |
| دەستووری ژیان | هێز | دەستدرێژی | حەق | یەکگرتن |
| ئامانجی ژیان | بەرژەوەندی | ململانێ | چاکەکاری | پشتگیری |
| پەیوەستکاری کۆمەڵگا | ڕەگەزپەرستی | هەڵلووشینی یەکتر | پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان | برایەتی |
| هاندەری خزمەت بە کۆمەڵ | تێرکردنی ئارەزوو | زیادبوونی پێداویستیی ژیان | ڕێنمایی بۆ گرتنەبەری ڕێی ڕاست | بەرزکردنەوەی پلەی مرۆڤ |
| ئاکام | خۆشگوزەرانیی ٢٠٪ | | خۆشگوزەرانیی هەمووان یاخود زۆرینە | |
| | بەدبەختیی ٨٠٪ | | | |

**چەند نموونەیەکی بەرجەستە بۆ دەرەنجامەکانی ئەو بناغانەی**

**شارستانێتیی سەردەم لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا**

مامۆستا سەعیدی نوورسی لە نووسینەکانیدا گەلێ نموونەی هێناوەتەوە بۆ نەهامەتییەکانی مرۆڤی سەردەم کە بە هۆی زاڵبوونی فەلسەفە و ڕوانین و بنەماکانی شارستانێتیی خۆرئاوا بەسەر جومگەکانی ژیاندا، دووچاری بووە. لێرەدا هەندێکیان بە کورتی دەهێنین.

(١) کۆباسە عەرەبییەکانی حەوتەمین کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتی بە ناوی: (ممارسة حياة إيمانية فاعلة من خلال رسائل النور، ص: ٦٢٦).

خوێنەری بەڕێز دەتوانێت لە دەمی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئەم زانا فرە بەهرەیەدا گەلێ نموونەی دیکەیان تێدا ببینێت.

**نموونەی یەکەم: ئەم شارستانێتییە زۆرینەی مرۆڤی هەژار خست و دووچاری داهاتی حەرامی کرد.**

چونکە لە پێش ئەم شارستانێتییەی ڕۆژگاردا مرۆڤ پێویستی بە «سێ» یان «چوار» شت دەبوو بۆ ڕاییکردنی ژیان و گوزەرانی، ئنجا لە نێو «دە» کەسدا مەگەر «یەك» یان «دوو» کەس نەیانتوانییێت ئەو سێ یاخود ئەو چوار پێداویستییە بە دەست بهێنن..

بەڵام ئەم شارستانێتییە لە ڕێی هەژاندنی ئارەزووەکانی دەروون و، هاندانی خەڵك بۆ ئیسراف و هەڵەخەرجی و، وروژاندنی بەکارهێنانی هەڵەی دەسکەوتەکان و، بەرەودان بە چاولێکەری و، پیشاندانی شتی ناپێویست بە شتی پێویست بۆ ژیان، لە بریی چوار دانە شتی پێویست، مرۆڤی ڕاپێچی بیست پێداویستی کردووە. لە کاتێکدا کە لە نێو بیست کەسدا مەگەر دوانیان بتوانن لە سەرچاوەیەکی حەڵاڵەوە ئەو بیست دانە پێداویستییە بەدەست بهێنن و، هەژدە دانەکەی تر بە هەژاری دەمێننەوە!

پاشان لەبەر ئەوەی هەوڵ و کۆششی حەڵاڵ ناتوانێت خەرجیی ئەو پێداویستییانە بگرێتە ئەستۆ، ئەوا - ئەم شارستانێتییە - هانی مرۆڤی دا کە بە ناچاری دەست بداتە ساختە و فڕوفێڵ و، نوقمی حەرام ببێت! ئیتر ئا لێرەوە بناغەکانی خووڕەوشت هەڵوەشان[1].

ئەم شارستانێتییە لەو کاتەدا کە سامان و زرق و برق بە «کۆمەڵ» و ڕەگەزی مرۆڤ دەدات، «تاك» هەژار دەخات و ناچاری شۆڕبوونەی دەکات بەرەو نزمییەکان و داهاتی حەرام[2].

(١) پاشبەندەکان، ل: ٥٣٨-٥٣٩؛ داوەرییەکان، ل: ٧٤٦.
(٢) داوەرییەکان، ل: ٧٤٦.

لـەم جـۆرە شارسـتانێتییەدا قازانجـە بازرگانییـەکان لـە دەسـتی کەمینەیەکـدا کۆدەبنـەوە. لـە کاتێکـدا کـە بەختیاریـی ڕاسـتەقینە لەوەدایـە بەختـەوەری بـە هەمـووان ببەخشـێت، هیـچ نەبـێ زۆرینـەی خەڵـکی لـە گیروگرفتەکانیـان ڕزگار بـکات!

قورئـانی پیـرۆز - کـە مایـەی بەختەوەریـی سـەرجەمی خەڵـکی و سەرانسـەری جیهانـە - تەنهـا یـەك جـۆر شارسـتانێتی پەسـەند دەکات و وەریدەگرێـت، ئەویـش ئـەو چەشـنە شارسـتانێتییەیە کـە بەختـەوەری بـە «هەمـوو» گـرۆی مـرۆڤ یـان بـە «زۆرینە»یـان ببەخشـێت[1].

**نموونەی دووهەم: قوربانیدان بە زۆرینە لە پێناوی کەمینەدا.**

شارسـتانێتیی نـوێ، لـە پێنـاوی کەمایەتیـدا قوربـانی بـە زۆرینـە دەدات، تەنانـەت مـاف بـە چەنـد کەسـێکی کەمـی سـتەمکار دەدات کـە جەماوەرێکی زۆری خەڵـك لـە پێنـاوی هێنانەدیـی ئامانجـەکانی خۆیانـدا بەخـت بکـەن!

بـەڵام «دادگەریـی قورئـانی پیـرۆز» خوێـن و ژیـانی تەنهـا یـەك کـەسی بێتـاوان نـە لەبـەر هیـچ شـتێك و نـە لـە پێنـاوی زۆرینـەدا و نـە لـە پێنـاوی سـەرجەمی گـرۆی مرۆڤایەتیـدا، بەخـت نـاکات. چونکـە ئایـەتی پیـرۆزی: ﴿مَـنْ قَتَـلَ نَفْسـاً بِغَـيْرِ نَفْـسٍ أَو فسـادٍ فی الأَرضِ فکأَنَّمـا قَتَـلَ النّـاسَ جَمیعـاً﴾ (المائـدة:٣٢) دوو نهێنیـی مـەزن لـە بـەردەم مرۆڤـدا دادەنێـت:

یەکـەم: «دادگەریـی پـەتی»، کـە دەسـتوورێکی هێنـدە مەزنـە بـە یـەك ڕوانـین سـەیری تـاك و کۆمـەڵ و یـەك کـەس و سـەرجەمی مرۆڤایـەتی دەکات و، لـە بـەردەم دادگەریـی خـوای گـەورەدا هەموویـان یەکسـانن.

(١) بڕیسکەکان، ل: ٧٨١؛ داوەڕییەکان، ل: ٧٤٦.

دووهـەم: ئەگـەر کەسـێکی لەخۆبایـی، بێ هیچ سـڵەمینەوە و بەربەسـتێك، لـە پێنـاوی هێنانەدیـی خواسـتی خـۆی و تێرکـردنی ئارەزووەکانیـدا، بـێ پـەروا، مرۆڤێـکی بێتـاوانی کوشـت، ئـەوا هـەر ئـەو مرۆڤـە ئامادەیـە سەرانسـەری جیهانیـش بفەوتێنێـت، گـەر بیشـتوانێت ئامادەیـە ڕەگـەزی مـرۆڤ لـە ڕووی زەویـدا قەڵاچـۆ بـکات[1]!

**نموونەی سێهەم: «ڕیبا»ی شارستانێتی و «زەکات»ی قورئان.**

مامۆسـتا نـووسی لـە چەنـد شـوێنێکی پەیامەکانیـدا لـە گرنگیـی فەرزکـردنی «زەکات» و حەرامبـوونی «سـوو»(ڕیبا) دواوە. یەکێـك لەوانـە ئـەم دەقەیـە کـە دەڵـێ:

«حیکمەتێـکی مـەزن و، بەرژەوەندییـەکی بڵنـد و، میهرەبانییـەکی فـراوان لـەو بانگـەوازەی قورئانـدا هەیـە کـە بـۆ بەخشـینی زەکات و صەدەقـە و قـەرزدانی بێبەرامبـەر، هـاوکات لەگـەڵ حەرامکـردنی بـێ چەندوچـۆنی سـەرجەم هـۆکارەکانی «سـوو»دا ڕایگەیانـدووە»[2].

بـەڵام بـە پێچەوانـەی ڕێنمایـی قورئـانی پیـرۆز سـەبارەت بـە فەرزکـردنی زەکات و دانـانی ڕێنمایـی بـۆ جـۆرەکانی دیکـەی هاوکاریـی کۆمەڵایـەتی و، دابینکـردنی گـوزەرانی شـایان بـە مـرۆڤ، بـە تایبـەت بـۆ چینـی کەمدەرامـەت و بێدەرامـەتی کۆمەڵـگا و، قەتیـس نەبـوونی سـامانی کۆمـەڵ لەنـاو چەنـد دەسـتێکی کەمـدا: ﴿كَـيْ لا يَكُـوْنَ دُوْلَـةً بَـيْنَ الأغْنِيـاءِ مِنْكُـمْ﴾ (الحـشر:٧)..

بـە پێچەوانـەی ئەمـەوە، شارسـتانێتیی سـەردەم، بـۆ «**هێنانەدیـی خواسـتی**» کەمینەیـەك و دەسـتەبەربوونی «**بەرژەوەندی**»یـان، سـوو دەکاتـە بناغـەی کاری بازرگانیـی شـمەك و پێـدانی قـەرز و مامەڵـە بـە دراو، کـە دەبێتـە هـۆی کۆبوونـەوەی سـامانی کۆمـەڵ لەنـاو چەنـد دەسـتێکی کەمـی بێبەزەییـدا، ئـەوەش ڕێگـا خـۆش دەکات بـۆ لێکـترازانی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان و، سـەرهەڵدانی پشـێوی و، ڕووداني ئاشـووبەکان.

(١) بریسکەکان، ل: ٧٩٠-٧٩١.
(٢) داوەرییەکان، پەیامی ئاماژەکان، ل: ٨٢٢-٨٢٣.

«لـە لایـەکی دیکەشـەوە، بـۆ هەنـدێ لـە ئەندامـانی کۆمەڵـگا «سـوو» دەبێـت بەهـۆی کارنەکـردن و، بڵێسـەی شـەوقی هـەوڵ و کۆشـش لـە مرۆڤـدا دەکوژێنێتـەوە»[١].

سـەبارەت بـە زیانـەکانی ئـەم چەشـنە مامەڵـە ئابووریـەی شارسـتانێتیی سـەردەم بـۆ مرۆڤـەکان و چارەسـەری قورئانیـش بـۆ لابـردنی ئـەو زیانانـە، مامۆسـتا سـەعیدی نـوورسی دەڵـێ:

«گـەر بـە وردی لـە هـۆکارەکانی پشـێوی و ئاڵـۆزی و ناکۆکیـی نێـوان کۆمەڵـگاکان وردبینـەوە و بـە دوای سـەرچاوەی خراپە و ڕەوشـتە نزمەکاندا بگەڕێـین، لـە دوو ڕسـتەدا دەیانبینینـەوە (کـە زمـانی حاڵـی کەمینەیەکـن بەرامبـەر زۆرینـە):

ڕسـتەی یەکـەم: (گـەر مـن بۆخـۆم تێربـم چیـم لـە خەڵـکی داوە، بـا لـە برسـاندا بمـرن)!

ڕسـتەی دووهـەم: (تـۆ لـە پێنـاوی حەوانـەوەی منـدا گیروگرفتـەکانی ژیـان هەڵبگـرە.. تـۆ کار بکـە بـا مـن بـەری ڕەنجـت بخـۆم.. ئـەرکی کار لەسـەر تـۆ و خواردنیـش لەسـەر مـن)!

ئـەو دەرمانـە شیفابەخشـەی کـە دەمـاری ژەهـرە کوشـندەکەی وشـەی یەکـەم لـە بنـج و بێخـدا دەردەهێنێـت، بریتییـە لـە «**زەکاتـدان**» کـە یەکێکـە لـە پێنـج پایـەکانی ئیسـلام.

ئـەو چارەسـەرەش کـە دەمـاری درەختـی زەقوومـی نـاو وشـەی دووهەمیـش ڕیشـەکەن دەکات، بریتییـە لـە «**حەرامکـردنی سـوو**».

جـا ئەگـەر گـرۆی مـرۆڤ حـەز بـە چاکـە و ژیـانی بـەرز و مەردانـە دەکات، دەبـێ دەسـت بـە «زەکات»ەوە بگرێـت و «ڕیبـا»ش بـە تـەواوی لـە خـۆی دووربخاتـەوە»[٢].

(١) بڕیسکەکان، ل: ٨١٣.
(٢) بڕیسکەکان، ل: ٧٧٣-٧٧٤.

## بەرجەستەبوونی بەرهەمە نەرێنییەکانی شارستانێتیی ڕۆژگار

بە چاوی خۆمان دەبینین کە جڵەوبەدەست لەم شارستانێتییەدا (گەورە بێت یان بچووك) لە پێناوی «**سوود و بەرژەوەندی**»ی خۆیدا «**هێز**» دەخاتە کار و، لە ڕێی «**مشتومڕ و ململانێ**»وە جەنگی سارد و گەرمی «**دەمارگیری و ڕەگەزپەرستی و تایفەگەری**» لە نێوان کۆمەڵانی مرۆڤدا دەنێتەوە و، بە مەستی «**هێنانەدیی خواست و ئارەزووەکانی خۆیشی**» سامانیان زەوت و ژیانیان بەخت و وڵاتیان تەخت دەکات!

## ئومێدی ئایندەیەکی گەش بۆ مرۆڤایەتی

لە دەمی تێبینیکردنی ئەم جێدەستانەی شارستانێتیی خۆرئاوادا لەسەر کۆمەڵگاکان، پرسیاری لەم جۆرە بە زەینی مرۆڤدا دێت:

ئایا ئەم واقیعە دژوارەی ئێستای شارستانێتی هەر بەم جۆرە دەمێنێتەوە؟

ئایا چارەنووسی مرۆڤایەتی هەر بەو ئاراستەیە دەڕوات کە بە ئازاری ناسۆری ئێستایەوە بتلێتەوە و، لایەنە نەرێنییەکانی شارستانێتی بەسەر لایەنە ئەرێنییەکانیدا زاڵ بێت؟

ئایا ئەم دیاردەیە لەگەڵ ئەو یاسا زاڵانەی خوای گەورەدا یەکدەگرێتەوە کە حوکمی گەردوون دەکەن تا لە ڕێیانەوە بەردەوامی و سەقامگیری بەدەست بهێنێت و، لە ئەنجامدا مرۆڤ لە هیوای داهاتووی گەشدا بۆ شارستانێتیی خۆی دووچاری نائومێدی ببێت؟

یان بە پێچەوانەوە، هێندە بەو یاسایانە نامۆیە کە لە دارمان نزیکی دەخەنەوە و، مژدەی هەڵهاتنی خۆری شارستانێتیی شایان بە کەرامەتی مرۆڤ (شارستانێتیی قورئان) بە ئادەمیزاد دەبەخشن؟

لە ڕاستیدا مامۆستا سەعیدی نووրسی، هەر لە ناوەندی باسی دەرەنجامە ناهەمواوەکانی شارستانێتیی سەردەم و، بە پشتبەستنی بە چەند یاسایەکی خوایی لەناو گەردوونداو، تێڕامانی لە یاساکانی

قورئـان لەمـەڕ جوولّـەی گۆڕانکاریـی کۆمەڵایـەتی و، سـوودوەرگرتنی لـە ئامـاژەی فەرمـوودەی پـیرۆز، هـەردەم مـژدە و هیـوای ئاینـدەی گـەش بـۆ شارسـتانێتیی موسـڵمانان و هەمـوو گـرۆی ئادەمیـزاد بـە خوێنـەرانی دەبەخشـێت.

یەکێـك لـەو دەقـە گەشـبینانەی پەیامـەکانی سـەبارەت بـە ئاینـدەی هەمـوو مرۆڤایـەتی، ئەوەیـە کـە دەڵـێ:

«ئەگـەر قیامەتێـکی لەنـاکاو لەسـەر ئادەمیـزاد بەرپـا نەبێـت، ئـەوا ئومێدمـان بـە سـۆزی خـوای بەخشـندە و میهرەبـان وایـە و چاوەڕوانیشـین کـە ڕاسـتییەکانی قورئـان هۆکارێـك بـن بـۆ ڕزگاریـی گـرۆی مـرۆڤ لـە بەربوونـەوەی بـەرەو بنـکی نزماییـەکان و، ڕووی زەوی لـە چڵـك و چەپەڵییـەکان پـاك بکاتـەوە و، ئاسایشـێکی گشـتی و هەمـە لایەنـە دابمەزرێنێـت»[1].

ئومێـدی گەشـبینانەشی بـە ئاینـدەی ئوممـەتی ئیسـلام لـە گەلـێ شـوێنی بەرهەمەکانیـدا تۆمـار کـردووە، لـە یەکێکیانـدا دەڵـێ:

«ئـەی جەمـاوەری موسـڵمانان! لەسـەر بناغـەی وانەکانـم کـە لـە ژیانـدا فێریـان بـووم، خۆشـحاڵم مـژدەی ئەوەتـان بدەمـێ کـە نزیکـە نیشـانەکانی سـپێدەی بەیـان لـە ئاسـۆدا دەربکەوێـت.. وا مـن بـە کوێرایـی چـاوی «نائومێـدی» و بـە دڵنایییـەکی ئەوتـۆ کـە هەمـوو گێتـی ببیسـتێ ڕایدەگەیەنـم کـە: ئاینـدە تەنهـا هـەر بـۆ ئیسـلامە و، جڵـەوی فەرمانڕەواییـش تەنهـا بـە دەسـت ڕاسـتییەکانی قورئـان و ئیمانـەوە دەبێـت. کەواتـە بـا ئێمـە بـەو قـەدەرەی خـوای گـەورە و بـەو بەشـەی کـە بـۆی دیـاری کردووێـن ڕازی بـین، چونکـە ئێمـە ئایندەیـەکی گـەش چاوەڕوانمانـە و، بیانییەکانیـش ڕابوردوویـەکی ئاڵـۆز و شـێواویان تۆمـار کـردووە. ئەمـە دەعواکەمـە و، گەلـێ بەڵگەشـم هەیـە لەسـەری»[2].

(١) داوەرییەکان، وتاری شام، ل: ٥٠٦.

(٢) داوەرییـەکان، وتـاری شـام، ل: ٤٨٨-٤٨٩. خوێنـەری بەڕێـز دەتوانـێ درێـژەی

هەروەها بە مەبەستی ئاماژەدان بە یەکەم هەنگاوی ڕێگا چارە، دەڵێ:

«هەرکات موسڵمانان بێدار بکرێنەوە و گیانی گەشەکردنیان تێدا ببووژێنرێتەوە، ئەوا دەگونجێ هەنگاو بەرەو پێشکەوتن بنێن»[1].

**قوتابیی قورئان لە هەموو حاڵەتێکدا سەری بەرزە:**

ئەم مامۆستا بیرمەندە جەخت لەوە دەکاتەوە کە:

«جیهان مەیدانی تاقیکردنەوە و تێکۆشان و پێشبڕکێیە»[2]!

بۆیە هۆشداری بە موسڵمان دەدات کە دواکەوتنی ڕواڵەتیی ئوممەتی ئیسلام لە پێشبڕکێی شارستانێتیدا بەهەڵەیدا نەبات و، شارستانێتی لەسەر ئەم حاڵەی ئێستای ناتوانێت بەردەوام بێت، بەڵکو ڕۆژێك دێت کە ڕاستییەکانی قورئان ببێت بە گیان و کاکڵە و بزوێنەری جومگەکانی شارستانێتیی مرۆڤ:

«دەسا ئەی بۆ موسڵمان! نەکەی بخەڵەتێی.. هەرگیز سەرت نەوی نەکەیت! چونکە پارچە ئەڵماسێکی نایاب چەندەش ژەنگی لێ نیشتبێت لە پارچە شووشەیەك باشترە کە هەمیشە ببریسکێتەوە. دڵنیابە کە لاوازیی ڕواڵەتیی ئوممەتی ئیسلام (لە شارستانێتیی ڕۆژگاردا) هی خزمەتکردنی ئەم شارستانێتییەی ئێستایە لە پێناوی ئایینێکی تردا.. وا کاتی ئەوە هاتووە کە ئەم شارستانێتییە شێوە و ڕوخساری خۆی بگۆڕێت، ئەو کاتەش واقیعەکە پێچەوانە دەبێتەوە»[3]!

ئەم وتەیە هەروەك مزگێنی و بەخشینی هیوایە، ئاماژەدانیشە بەو ئەرکە مەزنەی کە قەدەر هەڵیگرتووە بۆ ئوممەتی ئیسلام و، تەقالای ئەرێنیی موسڵمانان بۆ داهاتووی شارستانێتیی شایان بە ئادەمیزاد.

---

ئەم گەشبینییە و بەڵگەکانی لە هەردوو بەرهەمی «وتاری شام» و «سنووحات»دا بخوێنێتەوە، کە لە کتێبی «داوەرییەکان»یشدا بڵاومان کردوونەتەوە.

(١) داوەرییەکان، سنووحات، ل: ٧٦٣.

(٢) داوەرییەکان، سنووحات، ل: ٧٦٨.

(٣) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

هــەر خــۆی دەگێڕێتــەوە کــە ســەبارەت بــەم چەشــنە گەشــبینی و ئومێـدەی بــە داهاتــوو، کەســێکی ناحــەز بــە موســڵمانان پێــی وتــووە:

«ئاواتێکی چەندە دوورە! من لە هیوادرێژیت سەرسام ماوم»!

وەڵامی داوەتەوە:

«منیــش لــە ژیریــی تــۆ ســەرم ســوورماوە! ئایــا پێــت وایــە ئــەم وەرزی زســتانە هــەر دەمێنێتــەوە؟ دڵنیــا بــە کــە هەمــوو زســتانێك بەهــاری لــە دوایــە و، هەمــوو شــەوێکیش ڕۆژی لــێ دەبێتــەوە»[1]!

## کۆتایی

لــە کۆتاییــدا، لــە خــوای گــەورەی میهرەبــان دەپارێینــەوە کــە ڕووی زەوی لــە چڵــکی ئــەو دیاردانــە خاوێــن بکاتــەوە کــە مرۆڤایــەتی شــەرمەزار دەکــەن و، لــە ئاینــدەی نزیکــدا ڕووی گــەشی شارســتانێتیی ڕاســتەقینە دەربخــات.. هەروەهــا لێــی دەڵاڵێینــەوە کــە نووســین و ئامادەکــردنی ئــەم چەنــد دێڕەمــان بــە کــرداری خزمــەت بــە قورئــان لــێ وەربگرێــت و، ڕەزامەنــدی و قبوڵــی بەفــەڕ و پــیرۆزی خــۆی - بــە فەزڵــی خــۆی - ئاراســتە بــکات و، ســوودیش بــە خوێنــەری بەڕێــز ببەخشــێت و، تۆڕەری زانــا و توانــای پســپۆڕی ئــەم بابەتــەش بنێرێــت کــە بیــکات بــە هەوێــن و کاکڵــەی تۆڕێنەوەیــەکی زانســتییانەی فــرە لایــەن و فــراوانی ئەوتــۆ کــە خزمــەت بــەم پرســە و قوتابییــان و خوازیــارانی بــکات.

وصَلّىٰ اللّٰهُ علىٰ النبيِّ الأميِّ سيِّدِنا محمّدٍ وعلىٰ آله وصحبه أجمعين.

وآخر دعوانا أن الحمدُ للّٰهِ ربِّ العالَمين.

فاروق ڕەسوڵ یەحیا

21/1/2021

* * *

(١) داوەرییەکان، سنووحات، ل: ٧٦٦.

## سەرچاوەکان

ناوەرۆك و دەقەکانی ئەم وتارەم لەم کتێبانەی مامۆستا سەعیدی نووسی وەرگرتووە کە بە پشتیوانیی خوای گەورە کردوومانن بە کوردی و بڵاومان کردوونەتەوە:

1 - وتەکان، چاپی سێهەم، 2016ز.

2 - بریسکەکان، چاپی سێهەم، 2014ز.

3 - پاشبەندەکان، چاپی دووهەم، 2014ز.

4 - داوەرییەکان، چاپی یەکەم، 2012ز.

5 - مەسنەویی نووری، چاپی یەکەم، 2018ز.

بۆ خشتەکەش، سوودم لەم سەرچاوەیە وەرگرت:

6 - کۆباسە عەرەبییەکانی حەوتەمین کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتی بە ناوی: (ممارسة حياة إيمانية فاعلة من خلال رسائل النور).



# مەنھەجییەتی پێغەمبەر(ﷺ) و بونیادنانی شارستانییەت

هیوا محەممەد جەلال (هیوا شارباژێڕیی)

هیوا محەممەد جەلال (هیوا شارباژێڕیی)
نووسەر و مافپەروەر
hiwalaw@yahoo.com

(١)

سوننەت لە قۆناغی سەرەتایدا بە ئامادەبوونی خودی پێغەمبەر(ﷺ) زۆر لێهاتووانە کاری لەسەر دابەزاندنی وەحی و ناوەڕۆکی ئایەتەکانی قورئان کرد بۆ سەر واقع، دوایی لە ڕێگەی مەنهەج و میتۆدێکی تۆکمە و بەرنامەییەوە تەحویلی پێ کرا بۆ ڕۆشنبیرییەکی کۆمەڵایەتی و مۆراڵی و ڕۆحی و دواتر ئاوەدانکردنەوەیی، ئەم قۆناغە هەروا سانا و ئاسان نەبووە و، لە ماوەی پێغەمبەرایەتییدا بە ساتەوەختێکی زۆر دژوار و ململانێیەکی پڕ ئازار و ناڕەحەتیدا تێپەڕیوە.

دواتر سوننەت وەکو دریژەپێدەری مەنهەجی بونیادنان قۆناغی دووەم تەی دەکات کە قۆناغی بوونی هاوەڵە بەڕێزەکان و شوێنکەوتووان و شوێنکەوتووی شوێنکەوتوانن، کە کەلەپوورێکی مەعریفیی سوننی و فەرموودەییان بۆ جێهێشتووین کە بە هۆیەوە بلیمەتیی لە ئاستی عەقڵی موسڵمانداندا دەردەکەوێت لە ڕووی ئیجتیهاد و مەنهەجییەت و، کرانەوە زانستییەکان گەشەی سەند و تاکو لە دوا جاردا بوو بە (زانستی سوننەت).

لە دوای تێپەڕبوونی ئەم قۆناغەش بە سەرکەوتوویی و بە پاکێتی و ئامڕازی بونیادنانیەوە، کۆمەڵگەی ئیسلامی تووشی قۆناغی لاوازی و دواکەوتوویی دەبێت، بەڵام لە ئاست و بە پێودانگ و ستانداردی قورئان و سوننەت، نەک لە ئاست ئەو پێشەوەچوون و گۆڕانکارییە شارستانییەتەی کە کاری لەسەر کرابوو.

کەواتە دەتوانین بڵێین سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕووی گەشەسەندنی مێژووییەوە بە دوو خوێندنەوەدا تێپەڕ بووە، ئەوانیش (خوێندنەوەیەکی پێغەمبەرانە) کە بە ڕەفتار و بەها و مۆراڵە بالاکان بەرجەستەی قورئانی کردووە و، چووەتە ناو کۆمەڵگە و، بونیادی

ڕۆشنبیرییەکی نوێی کردووە، کە بە (خوێندنەوە لە ڕێگەی وەحییەوە) ناونراوە، ئەوەی تریشیان (خوێندنەوەیەکی بەشەریی زانستی) لە ڕێگەی خوێندنەوەی هاوەڵان و شوێنکەوتووان و شوێنکەوتەی شوێنکەوتووان لە ڕووی مەعریفی و زانستییەوە لەسەر بنەما و ڕایەڵەی (تیۆری و بەڵگەیی و بونیادنانی فیکری بۆ سوننەت) لە ڕێگەی چەندەها کتێب و سەنەد و مەتن کە لە دواجاردا بوونەتە سەرچاوەی زانستەکان لەو بوارەدا و، میتۆد و مەنهەجییەتێک گەڵاڵە کرا بۆئەوەی مرۆڤ شارستانییەتانە هەنگاو هەڵگرێت ڕووەو پێشەوەچوون.

(٢)

لەبەر ئەوەی جەوهەری ئیسلام و مەدلوولی پەیامی پێغەمبەرایەتی کاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر هاوکێشەی (جێنشینایەتی و پارێزگاریی زەوی و گەردوون) دەکات، بۆیە لەلایەک ئاوێتەبوونێکی چڕوپڕ هەیە لە نێوان (قورئان و سوننەت)دا و لەلایەکی دی ئاوێتەبوونێکی تر خۆی نمایندە دەکات لە نێوان (سوننەت و بونیادی شارستانییەت)دا، بۆیە میتۆد و مەنهەجییەتی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ تەواوی مرۆڤایەتی بووە، نەک تەنها بۆ جیل و دەستە و کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو. ئەمەش وا دەکات ئەو ڕایەڵانەی پێغەمبەر کاری لەسەر کردووە، بۆ بونیادێکی تۆکمە و خاوەن بەها و مۆرالێکی هێندە باڵابێت کە بچووکترین و گەردیلەترین لێڵبوونێک لە دەریای دەرهاویشتەی سوننەتدا هەبووبێت لەلایەن دەوروبەرەوە بە گەورەترین هەڵە و پەڵە ناوزەد کرابێت، لەبەر ئەوەی ئومێد و ئەمەلی پاک و بێگەردی و بێ هەڵە و پەڵەیی لێ چاوەڕوانکراوە.

لە بونیادنانی هەر شارستانییەت و بازنەکانی پێشکەوتنی ئەو شارستانییەتەدا ئەوەی کە گرنگە و دەبێتە دەستپێک و بنەما و ڕاگرایەتییەکەی، بریتییە لە دوو ڕەهەند (ڕەهەندێک لەسەر ئاستی تێگەیشتن و چەمکی گەردوون و ژیان و مرۆڤ) کە سوننەت بە شێوەیەک پێناسەی دەکات هێندە نەمر و پڕمانا بێت مرۆڤ لە بازنەیدا چالاکوانێکی مەیدانی ئاراستەپێدانی ژیان بێت.

ئــەوی دیکەشــیان (ئــەو ڕەهەنــدە کردەییــەی ژیانــە کــە تــاک لــە کۆمەڵگــەدا چەمکــە یەکتاپەرســتی و تێگەیشــتنە تەندروســتەکەی بــۆ ژیــان و گــەردوون و مــرۆڤ) گەڵاڵــە بــکات بــە شــێوەیەک هەمیشــە ڕوو لــە بونیادنــان و پێشــکەوتن و چوونەپێــش بێــت، هــەر بۆیــە لــە مێــژووی ئیســلامیدا هەرکاتێــک ئــەم دوو ڕەهەنــدە لــە سروشــت و هاوکێشــەی خۆیــان لا دەدەن، ئیــدی دەرهاویشــتەکان پێچەوانــە بەرهــەم پێشــکەش بــە مرۆڤایــەتی و موســڵمانان دەکــەن.

مەنهەجییــەتی پێغەمبــەر(ﷺ) خــۆی خزاندبــووە تــەواوی وردەواڵــەکانی ژیانــەوە، بــە شــێوەیەک بــۆ هەمــوو ســاتەوەخت و هەمــوو جووڵەیەکــی مــرۆڤ سیســتم و ڕێوشــوێن و ڕێنیشــاندەرێک هەیــە کــە مــرۆڤ بــە بۆشــایی و فەراغێــک ناســپێرێت کــە لــە بەردەمیــدا دەستەوســان بێــت و بەشــێک لــە ژیــانی ڕوو لــە ئیفلیجبــوون و داڕووخــان بــکات، هــەر ئــەم تێڕوانینــە گشــتگیرییە واقیعییــە بــووە کــە هەمیشــە پێغەمبــەر(ﷺ) هەڵــەکانی پــێ چــاک کردۆتــەوە، پــەرەی بــە شــتە بــاش و نایابــەکان داوە، لــە تــەواوی ژیــانی کۆمەڵگەکەیــدا ئامادەباشــیی هەبــووە، کــە چووەتــە ئەشــکەوتیش و لــە کۆمەڵگەکــەی کەمێــک دوور کەوتۆتــەوە بــۆ ئــەوە چــووە کــە (شــتێکی نوێــی پــڕ مانــا بــۆ دونیــا و قیامــەت)ی مرۆڤایــەتی بێنێتــەوە نێــو کۆمەڵگەکــەی، نــەک بــۆ ســاتێکیش لــەو هەمــوو ئــازار و ناڕەحەتییانــە گلەیــی هەبووبێــت و میللەتەکــەی خــۆی جێهێشــتبێت!

(٣)

ئــەو ســیفەت و ڕایــەڵ و ڕەهەندانــەی لــە دوو خاڵەکــەی ڕابــردوودا باســمان کــرد کــە کرۆکــی مەنهەجییــەتی پێغەمبــەری داگیــر کــردووە، ئایــا دەتوانێــت لــە نــاو ســەدەی تــازەی جیهانیــدا وەزیفــەی خــۆی ئــەدا بــکات و، نــەک هاوتەریــب بەڵکــو بــە هۆیــەوە پــلانی ستراتیژیی لەســەر بونیــاد بنرێــت بــۆ لەپێشــتر و بــۆ لەپاشــتری بونیــادی شارســتانییەت؟

ســەدەی نــوێ هەمــوو ئــەو گەشەســەندنە عەقڵانیــی و مەنهەجــی و ڕەفتارییانــە دەگرێتــەوە کــە مرۆڤــی لــە قۆناغێکــی مێژوویی شارســتانییەتەوە

بردۆتــە قۆناغێکــی مێژوویــی شارســتانییەتی تــازەوە، ســەرەڕای بــوونی هەمــوو ئــەو پێشــکەوتنە پیشەســازیی و تەکنەلۆجیــی و ڕۆشــنبیریی و مەعریفییــە خێرایــەی کــە بــوونی هەیــە بــەڵام وای لــە بەشــەرییەت کــردووە ئاراستەپێدانی ژیانکــردنی لەســەر گــۆی زەوی ئاڵــۆز و لەتوپــەت کــردووە و چەندیــن جەمســەری ململانێــی بەرژەوەندییــە ئابووریــی و سیاســییەکانی بــە دوای خۆیــدا قوتکردۆتــەوە و بوونەتــە لەمپــەر و ڕێگــر بــۆ گەشــتن بــە ئامانجەکانــی، بــەڵام لــە مەنهەجییــەتی پێغەمبــەردا (ﷺ) ڕاســتییەکی تــر و ئاماژەگەلێکــی تــر هەیــە بــەم شــێوەیە:

ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە شارستانییەت و پێشکەوتنە نوێیەکان بــە تــەواوی جــوانی و باشــییەکانی خۆیــەوە، نەیتوانیــوە و نایەوێــت کار بــە هاوکێشــەی دادگەریــی بــکات و بەیەکچــاو ســەیری تــەواوی بەرژەوەندییــەکانی مرۆڤایــەتی بــکات لــە تــەواوی جیهانــدا، بەڵکــو ئــەوە بەرژەوەنــدی و ململانێکانــە لــە پێناو مانــەوەدا لــە پشــت ئــەم جــۆرە لــە ئاراســتەپێدانی شارســتانییەتەکاندا هەیــە هــەر بۆیــە لــە فەرهەنگــی سیاســیدا چەمکــی (ســتەمی شارســتانییەت)ی بــۆ تــاشراوە، بــەڵام لــە مەنهەجییــەتی پێغەمبــەردا (ﷺ) کــە ڕەنگدانــەوەی تــەواوی ناوەڕۆکــی قورئانــە دژ بــە ســتەم و جیاکاریــی پەیــام و ئــاڵای خــۆی لــە بەرزاییــەکانی گــۆی زەوی داکوتییــەوە و، دوور لــە بەرژەوەندییــە ئابووریــی و ململانــێ سیاســییەکان دەیەوێــت ئــەم ئاڵایــە لــە تــەواوی کونوقوژبنــی ئــەم گەردوونــەدا هەبێــت بــە بــێ جیاوازیــی.

ئــەو هاوکێشــەیەی کــە پێغەمبــەر (ﷺ) لە مەنهەجییــەتی خۆیدا کاری لەســەر کــردووە، بریتییــە لــە (هاوســەنگیی سرووشــتی مــرۆڤ) بــە ئاوێتەکــردنی (وەحــی: قورئــان و ســوننەت) و پێداویســتی مــرۆڤ و ئامانجەکــەی کــە (جێنشــینایەتی و پاریــزگاریــی لــە گــەردوون)ە، هەمیشــە وا دەکات لــە تــەواوی دەرهاویشــتە مــاددی و مەعنەوییــەکانی تــاک و خێــزان و کۆمەڵگــە و دەوڵەتــدا باشــترین و جوانتریــن نموونــە و بەرهــەم پێشــکەش بــە مرۆڤایــەتی بــکات، چونکــە تــاک بەرپرســیارە لــە بەرامبــەر (گەردیلەتریــن جوڵــەدا).

میتــۆدی پێغەمبــەر (ﷺ) تەنهــا گوتــار و سروشــتێکی ئەخلاقیــی نییــە

بـە تەنهـا، بەڵکـو لەسـەر ئـەم بنەمایـە (إِنَّمَـا بُعِثْـتُ لِأُتَمِّـمَ مَـكَارِمَ الأَخْـلَاقِ) مەعریفـە و هۆشـیارییەکی هێنـدە عەقڵانیـی بونیاددەنێـت، کـە میتۆدەکـەی بکاتـە میتۆدێکـی ئەخلاقـی لـە بـواڕە کۆمەڵایەتییەکـەدا و، لـە هەمـان کاتیشـدا هاوتەریـب بیکاتـە جێپەنجـە و جێکەوتەیەکـی هێنـدە بەهێـز بۆبونیادنـانی نموونەیەکـی شارسـتانیی کـە وەڵامـدەرەوەی کات و شـوێن بێـت و، بـە سیسـتەمە یەکتاپەرسـتییەکەی کـە هەڵێنجـراوی قورئانـە جیهانیبـوون بـە تـەواوی مرۆڤایـەتی ببەخشـێت و ناسـنامەی هەمـووان لـە نـاو خـودی شارسـتانییەتەکەدا بپارێزێـت، لەبـەر ئـەوەی لـە ژێر ڕۆشـنایی ئـەو سیسـتەمەدا پێکهاتـەی تۆکمـەی مـرۆڤ و ڕۆشـنبیرییەکەی و دواجـار کۆمەڵگـە و نەتەوەیەکـی تەندروسـت بەرهـەم دێنێـت، تاکـو تـەواو ئامادەسـاز بێـت بـۆ وەرگرتنـی ڕایەڵـەکانی شارسـتانییەت.

هـەروەک چـۆن زۆر لـە بیرمەنـدان و تۆێـژەرەوانی بـواری سـونەت جەختیـان لـێ کردۆتـەوە کـە میتـۆدی پێغەمبەرایـەتی ئـەو میتۆدەیـە کـە بازنەیەکـی هێنـدە فـراوان بـۆ مرۆڤایـەتی دەکێشـێت، کـە تیایـدا تـاک مامەڵـە لەگـەڵ جیهـانی هـۆکارەکان دەکات، بـۆ ئـەوەی بگاتـە ئەنجـام و بەرهەمـەکان، مامەڵـە لەگـەڵ جیهـانی هاوکێشـەکانی پەرسـتش دەکات تاکـو بگاتـە ئامانجـە قیامەتییـەکان، هەروەهـا ئاوەدانکردنـەوە و پێشـەنگبوون و ڕزگارکـردن و ئاشـنابوون بـە ئـەوانی تـر و، هاوکاریبوون و دەسـتگیرۆکردنی هەمـوو ئـەو دەسـت و هـەوڵ و هەنگاوانـەی کـە بـۆنی خێریـان لـێ دێـت، بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ بگاتـە ئامانجـە پێویسـتییەکانی دونیـا و مەبەسـتە بـاڵاکانی دونیـا، کـە بێگومـان بەبـێ ئـەم جـۆرە فەزایـەی سـونەت کـە دەبێـت لـە شارسـتانییەتەکاندا ئامادەگـی هەبێـت، ئـەوا مـرۆڤ دوورمـەودا هەڵـدەکات لەگـەڵ ئامانجەکانـی.

(٤)

پێغەمبـەر (ﷺ) لـە مەنهەجـی پێغەمبەرایەتیـی خۆیـدا بـەردەوام کاری لەسـەر دەستنیشـانکردنی نەخۆشـییە کۆمەڵایـەتی و ئابـووری و

پێکەوەژیانییەکان کردووە، ئەمەش لەلایەن توێژەران و کۆمەڵناسان و سۆسیۆلۆجیستان بە ڕەهەندێکی جەوهەریی بونیادنانی شارستانییەت دادەندرێت، لەبەرئەوەی دەستنیشانکردنی نەخۆشی و گرفت و قەیرانەکان سەرچاوەی بەرەو ڕیفۆرم و چاکسازییە لەو بوارانەی دەستنیشان دەکرێن بۆ کار لەسەرکردن و لە دواجاردا ئەمەش هەوێنی گۆڕانکاریی و هەستانەوەیە ڕووە و بونیادنان و پێشکەوتن.

نموونەی ئەو چیرۆکە قورئانییانەی لەسەر زاری پێغەمبەرمان خراونەتەڕوو و ئەو فاکتەر و هۆکارانەی لە ڕێگەی خۆیەوە سەبارەت بە لەناوچوونی میللەتانی پێشوو باسکراون، ڕوونترین بەڵگەی بەرەو گەڵاڵەبوونی ئەو ڕەهەندەیە کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێداوە ،کە بێگومان هەمان ئەو فاکتەرانەشن دەبنە سەرچاوەی خۆر و بەکلۆربوونی دەرختی شارستانییەتی ئەوروپی و ڕۆژئاوایی، چونکە شارستانییەت پێکهاتەی هەردوو ڕەهەندی (ماددی و واتایی) لەخۆ دەگرێت، باڵاکردنی ڕایەڵێکیان و پشتگوێخستنی ئەوی دییان جەوهەریترین فاکتەری لەناوچوون و داڕوخانی ڕایەڵە ماددییەکەی تر و تەواوی کایەکانی تری شارستانییەتە، جا ئەگەر مێژووی ئەو شارستانییەتەش چەندین سەدە بێت، خۆرەکەی ڕوو لە ئاوابوونێکی سەرنجڕاکێش دەکات.

بەهێزبوونی پایەکانی شارستانییەت لەسەر ڕۆشنبیریی و ئاستی ڕوناکبیریی ئەو کۆمەڵگەیە وەستاوە، دەبینین سوننەتیش بە یەکێک لە سەرچاوەکانی ڕۆشنبیریی ئیسلامیی دادەندرێت، ڕۆشنبیریش دوو ڕووی یەک دراوی هەیە ئەوانیش (ڕوویەکی تیۆریی کە بونیادی تێگەشتن و فەهم و مەعریفەی مرۆڤ وێنا دەکات) و ڕووەکەی تریشیان (ڕووی کردەییە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری کۆمەڵگە بۆ دیاردەکان دەخاتە ڕوو)، کەواتە هەروەک چۆن سوننەت وەکو مەنهەج و میتۆدێک دەبێتە سەرچاوەی بونیادی شارستانییەت، بەهەمان شێوەش ڕاستەوخۆ بەشداری کارا دەکات بۆ بونیادی شارستانییەت بەم شێوەیە:

**لە ئاستی یەکەمیاندا وەکو لایەنی تێگەیشتن و مەعریفیی:**

ڕاستکردنەوەی چەمکی تێگەیشتنی گەردوونیی.

ڕاستکردنەوەی مەنهەجییەتی ژیانکردن.

پاشخانیی مەعریفیی.

یاساکانی ڕوناکبیریی.

یاسا ڕەفتارییەکان.

چۆنیەتی ئەدا کۆمەڵایەتییەکان.

ڕێکخستنی بواری جیهانبینیی و ئایینەسازیی.

**لە ئاستی دووەمیاندا ئەم دەرهاویشتانە بە دوای خۆیدا بەرهەم دەهێنێت:**

لە بواری ڕەفتارە کردەییەکانی مرۆڤایەتیی.

هەوڵ و کۆششەکانی مرۆڤ وەکو تاک و پڕۆژە و چالاکییە بونیادییەکان.

ژیانکردن و چۆنیەتی ئاوەدانکردنەوە.

لە بواری مێژوو و پاراستنی شوناسی میللەتان.

سوننەت هەردوو لایەنەکە بەیەکەوە ئاراستە پێ دەدات، هەر بۆیە هەمیشە نەیارانی مەنهەجییەتی پێغەمبەر (ﷺ) بە ترسێکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ پەیڕەوانیدا دەکەن و، دوای چەندەها سەدە هێشتا تەواوی سامانی دونیا و تەکنەلۆجیا و شەونخونی خۆیان کردۆتە کاڵای کارکردنیان لە دژە کاردا، تاکو شارستانییەتی ئیسلامیی بە تەواوی ڕووناکییە ڕەسەنەکەی خۆیەوە دەرنەکەوێت و هەمیشە لە خۆر دووری بخاتەوە و لە شەویشدا بیگەڕێنێتەوە تاریکاریی ئەشکەوتەکان.

(٥)

لـە نموونـەی پێگەیانـدنی تـاک لـە مەنهەجییـەتی پێغەمبەرایەتیـدا بـەرەو بونیـادی شارسـتانییەتێکی نموونەیـی زۆرتریـن فەرموودەمـان هەیـە، کـە هەموویـان لـە کات و شـوێنی تـەواو گونجـاوی کردەییـدا وتـراون و ئاراسـتەیان پێـدراوە، بـەڵام ئێمـە لێـرەدا تەنهـا بیسـت دانـە دەکەینـە دەسـتکەلای گوتارەکـە و سـەدەها فەرمـوودەی تـر دەسـپێرین بـە نووسـین و گوتـار و توێژینـەوەی دی:

مـرۆڤ لـە سـوننەتی پێغەمبەرایەتیدا بەرپرسـە، جـا لەهـەر کونوقوژبنێکی سـەر زەویـدا بـوون و کەینونـەی هەبێت بـە پێی فەرمـوودەی سـەروەرمان:

(كُلُّكُمْ رَاعٍ ومَسْـؤُولٌ عـن رَعِيَّتِـه؛ فَالإِمَـامُ رَاعٍ وهـو مَسْـؤُولٌ عـن رَعِيَّتِـه) [صحيـح البخـاري، ح2409]. واتـە: «هـەر کامێـك لـە ئێـوە چاودێـرە و بەرپرسیارێشـە بەرامبـەر کۆمەڵـگا و دەوروبەرەکـەی، هەروەهـا پێشـەوا -کاربەدەسـت- چاودێـرە و بەرپرسیارێشـە بەرامبـەر کۆمەڵـگا و دەوروبەرەکـەی».

فەرمان بە چاکە و ڕێگریی لە خراپەکاریی لە کۆمەڵگەدا:

(مَـنْ رَأَى منْكُـمْ مُنْكَـرًا فَلْيُغَـيِّرْهُ بيَـده، فَـإِنْ لَـمْ يَسْـتَطِعْ فَبلِسَـانه، فَـإِنْ لَـمْ يَسْـتَطِعْ فَبقَلْبِـه، وَذَلِـكَ أَضْعَـفُ الإِيمَـان) [عـون المعبـود، شرح سـنن أبي داود، ج7/418، ح4332]. واتـە: «هەرکەسـێکتان بـە چـاوی خـۆی، کارێکـی خراپـەی بینـی، بـا بـە دەسـتی نەیەڵێـت ئـەو خراپەیـە ڕووبـدات، ئەگـەر نەیتوانـی بـا بـە زمانـی، ئەگـەر نەیتوانـی بـا بـە دڵـی، کـە ئەمـە لاوازتریـن پلـەی بڕواداریـە».

بەرەو بونیادی پێشەنگێکی پاکدەست و ئیحسان:

(اتَّـقِ اللَّـهَ حَيْثُـمَا كُنْـتَ، وأَتْبِـعِ السَّـيِّئَةَ الْحسـنةَ تَمْحُهَـا، وخَالـقِ النَّـاسَ بخُلُـقٍ حَسَـنٍ) [رواه الترمـذي ح1987، وقـال حديـث حسـن، وفي بعـض النسـخ: حسـن صحيـح]. واتـە: «لـە خـودا بترسـە و سـنوورەکانی

بپارێزە لە هەر شوێنێك بوویت، هەروەها ئەگەر خراپەیەکت کرد چاکەی بە دوادا بکە چونکە خراپەکە دەسڕێتەوە، هەروەها بە ڕەوشتی جوان مامەڵە لەگەڵ خەڵکی بکە».

هەوڵوکۆششی جددی لەسەر زەوی بۆ پەیداکردنی قووتی ژیان بەڵام هاوتا و هاوتەریب لەگەڵ دروستێتی لە پەیداکردن و مامەڵەکردن لەگەڵیدا:

(إِنَّه مِن أطيَبِ ما أكَلَ الرَّجُلُ مِن كَسْبِه). [صحيح أبي داود (٣٥٢٨)] واتە: «چاکترین و باشترین خواردن کە کەسێك دەیخوات، ئەو پارووە نانەیە کە کەسبی دەستی خۆی بێ و، بە ڕێی حەڵاڵ پەیدای کردبێ».

دوورکەوتنەوە لە چاوبەستی و غەشکردن:

(مَنْ غَشَّنَا ، فَلَيْسَ مِنَّا) [رواه ابن ماجة (2223)، وابن حبان (4898)، وهو حديث حسن]. واتە: «ئەو کەسەی غەشمان لێ بکات، لەو ڕەفتارەیدا لە ئێمە نییە».

ئاگاداربوون و وریایی و بەهەندوەرگرتن:

(لَا يُلْدَغُ الْمُؤْمِنُ مِنْ جُحْرٍ مَرَّتَيْنِ) [أخرجه البخاري (6133) في كتاب الأدب، ومسلم (2998) في كتاب الزهد والرقائق]. واتە: «ئیماندار لە کونێکەوە دووجار ناگەزرێت».

ڕەفتاری جوان و جوانبینیی:

(إِنَّ اللَّهَ جَمِيلٌ يُحِبُّ الْجَمَالَ) [أخرجه مسلم في صحيحه رقم 131]. واتە: «خوای گەورە جوانە و جوانییشی خۆش دەوێت».

یەکەیەکی برایەتیی و ڕێکساز و پێکەوەبەستراوی پتەو:

(مَثَلُ الْمُؤْمنينَ في تَوَادِّهِمْ وَتَرَاحُمِهِمْ وَتَعَاطُفِهِمْ كَالْجَسَدِ الواحد إِذَا اشْتَكَى مِنْهُ عُضْوٌ تَدَاعَى لَهُ سَائِرُ الْجَسَدِ بِالْحُمَّى وَ السَّهَرِ) [أخرجه مسلم (4/ 1999) برقم: (2586)]. واتە: «نموونەی باوەڕداران لە خۆشەویستی و سۆز و بەزەیی بۆ یەکتری لە نێو خۆیاندا، وەك یەك لاشە و جەستە وان، کاتێك ئەندامێکی ئەو جەستەیە ئازارێکی پێ دەگات، هەموو ئەندامەکانی تری ئەو جەستەیە هەست بە ئازار و ناڕەحەتی دەکەن و شەونوخونی بۆ دەکێشن».

هەموو بەیەکەوە هاوکار و ئاوێتەبوون لەگەڵ یەکدیدا و دوورمەودا لەگەڵ ستەم و نامیهرەبانی:

(الْمُسْلِمُ أَخُو المُسْلِمِ، لا يَظْلِمُهُ ولا يُسْلِمُهُ، مَن كانَ في حاجَةِ أخِيهِ كانَ اللَّهُ في حاجَتِهِ، ومَن فَرَّجَ عن مُسْلِمٍ كُرْبَةً، فَرَّجَ اللَّهُ عنْهُ بها كُرْبَةً مِن كُرَبِ يَومِ القِيامَةِ، ومَن سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللَّهُ يَومَ القِيامَةِ) [أخرجه البخاري (2442)، ومسلم (2580)]. واتە: «موسڵمان برای موسڵمانە، ستەمی لێ ناکات و وازی لێ ناهێنێت کە ستەمی لێبکرێت، ئەوەی پێویستییەکی براکەی جێبەجێ بکات خوای گەورە پێویستییەکانی جێبەجێ دەکات، هەر کەسێکیش یارمەتیی موسڵمانێك بدات و ناخۆشییەکی لەسەر سووك بکات، ئەوە خوای گەورە ناخۆشییەك لە ناخۆشییەکانی ڕۆژیی دوایی لەسەر سووك دەکات، هەر کەسێکیش کەموکوڕی موسڵمانێك بشارێتەوە و دەری نەخات، ئەوە خوای گەورە لە ڕۆژیی دوایدا کەموکوڕییەکانی دەشارێتەوە و دەری ناخات».

بونیادنانی بنەماکانی خۆشەویستیی و دوورکەوتنەوە لە ڕق:

(لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ) [صحيح البخاري ح13، صحيح مسلم ح168]. واتە: «هیچ یەکێك لە ئێوە

ئیمانی تەواو نییە، تاکو چیی بۆ خۆی پێخۆشە، بۆ برا و (خوشکی موسڵمانیشی) پێخۆش بێت».

پاراستنی مافی دراوسێ:

(واللـه لا يؤمـنُ، واللـه لا يؤمـنُ، واللـه لا يؤمـنُ، قيـلَ: ومَـن يـا رَسـولَ اللَّـه ﷺ؟ قـال: الَـذي لاَ يؤمـن جـارُهُ بوائقَـه) [أخرجـه البخـاري في كتـاب الأدب ح6016]. واتـە: «بـە خـوا ئیـمان ناهێنێـت، بـە خـوا ئیـمان ناهێنێـت، بـە خـوا ئیـمان ناهێنێـت، وتـرا: کـێ ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)؟ فەرمـووی: ئـەو کەسـەی کـە دراوسـێکەی لـە زیـان و زەرەری دڵنیـا نییـە».

هەوڵ و کۆشش لە پێناوی خوادا:

(إن سـيَاحَة أُمَّتـي الجهـاد في سَـبيلِ اللـه) [حديـث صحيـح، رواه أبـو داود]. واتـە: «سـیاحەتی ئوممەتەکـەم لـە جیهادکردندایـە».

دەروونسازیی و ناساندنی هێزی ڕاستەقینەی مرۆڤ:

(ليـس الشـديد بالصُّرَعـة، إنمـا الشـديد الـذي يملـك نفسـه عنـد الغضـب) [متفـق عليـه]. واتـە: «بەهێـزی بـە زۆرانبـازی نییـە، بەڵکـو بەهێـز ئـەو کەسـەیە لـە کاتـی تورەبوونـدا خـۆی دەگرێتـەوە».

کۆبوون و دەستەجەمعی و دوورکەوتنەوە لە تاکگەرایی:

(مَـن أرادَ بَحبوحـةَ الجنَّـة فلْيلـزَمُ الجماعـة، فـإنَّ الشَّـيطانَ مـعَ الواحـد وَهـوَ مـنَ الاثنَـين أبعـدُ) [رواه الترمـذي في الفـتن، بـاب مـا جـاء في لـزوم الجماعـة (2167)]. واتـە: «هەرکـەس ناوەڕاسـتی بەهەشـتی دەوێـت بـا پابەنـد بێـت بـە کۆمەڵـی موسـڵمانانەوە، چونکـە شـەیتان لەگـەڵ یـەك کەسـدایە و لەدووانـەوە دوورتـرە».

شارەزابوون لە ئایین بە بیرکردنەوە و تێگەیشتنەوە:

(مَنْ يُرِدِ اللَّهُ بِهِ خَيْرًا يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ) [البخاري ح69، مسلم ح1719]. واتە: «هەرکەسێك خودا ویستی چاکەی پێی هەبێت لە ئایینـدا شارەزای دەکات».

هاندان بۆ زانست:

(من سلك طريقًا يطلبُ فيه علمًا، سلك اللهُ به طريقًا من طرق الجنة، وإنَّ الملائكةَ لَتضعُ أجنحتَها رضًا لطالب العلم، وإنَّ العالمَ ليستغفرُ له من في السماواتِ ومن في الأرضِ، والحيتانُ في جوفِ الماء، وإنَّ فضلَ العالم على العابد كفضلِ القمرِ ليلةَ البدرِ على سائرِ الكواكب، وإنَّ العلماءَ ورثةُ الأنبياءِ، وإنَّ الأنبياءَ لم يُوَرِّثُوا دينارًا ولا درهمًا، ورَّثُوا العلمَ فمن أخذَه أخذ بحظٍّ وافرٍ) [صحيح أبي داود (3641)]. واتە: «هەرکەسێك رێگایەکی گرتبێتەبەر و بەدوای زانستدا گەڕابێت، خودا بەو کارەی رێگایەکی بۆ چوونە بەهەشت بۆ ئاسان کردووە، فریشتەکان باڵەکانیان ڕادەخەن بۆ قوتابیانی زانست، وەك ڕازی بوون بەوەی کە داوای دەکەن، بێگومان خەڵکی ئاسمانەکان و زەوی و نەهەنگیش-لە دەریاکاندا- داوای لێخۆشبوون بۆ زانای خواناس دەکەن، ڕێزی زانای خواناسیش بەسەر خواپەرستەوە وەك ڕێزی مانگ لە شەوی چواردەدا وایە بەسەر تەواوی ئەستێرەکانی تردەوە، بێگومان زانایان میراتگری پێغەمبەران، پێغەمبەران درهەم و دیناریان بە میرات جێ نەهێشتووە، بەڵکو زانستیان جێ هێشتووە، هەر کەسێك دەستی پێوەگرتبێت ئەوە بەشێکی زۆری وەرگرتووە».

بۆ ڕاستگۆیی:

(عَلَيْكُمْ بِالصِّدْقِ، فَإِنَّ الصِّدْقَ يَهْدِي إِلَى الْبِرِّ، وَإِنَّ الْبِرَّ يَهْدِي إِلَى الْجَنَّةِ، وَمَا يَزَالُ الرَّجُلُ يَصْدُقُ وَيَتَحَرَّى الصِّدْقَ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ

اللَّـه صدِّيقًـا، وَإِيَّاكُـمْ وَالْكَـذِبَ، فَـإِنَّ الْكَـذِبَ يَهْـدِي إِلَى الْفُجُـورِ، وَإِنَّ الْفُجُـورَ يَهْـدِي إِلَى النَّـارِ، وَمَـا يَـزَالُ الرَّجُـلُ يَكْـذِبُ وَيَتَحَـرَّى الْكَـذِبَ حَتَّـى يُكْتَـبَ عِنْـدَ اللَّـه كَذَّابًـا) [متفـق عليـه]. واتـه: «پێویسـته لەسـەرتان ڕاسـتگۆ بـن، بـە ڕاسـتی ڕاسـتگۆیی ڕێنموویـی مرۆڤ بـۆ چاکـە دەکات، چاکـەش ڕێنموویـی بـۆ بەهەشـت دەکات، بـەردەوام پیـاو هەیـە ڕاسـت دەکات و بـە دوای ڕاسـتیدا دەگەڕێـت، هەتـا لای خـوا بـە ڕاسـتگۆ تۆمـار دەکرێـت، خۆتـان بپارێـزن لـە درۆ، بـە ڕاسـتی درۆ مـرۆڤ بـەرەو کاری خراپـە دەبـات، کاری خراپـەش مـرۆڤ بـەرەو دۆزەخ دەبـات، بـەردەوام پیـاو هەیـە درۆ دەکات و بـەدوای درۆدا دەڕوات، هەتـا لای خـوا بـە درۆزن لـە قەڵـەم دەدرێـت».

ئاوێتەبوون لەگەڵ خەڵکیدا و ئارامگریی بەرامبەریان:

(المؤمـنُ الَّـذي يخالـطُ النَّـاسَ ويصبـرُ عـلَى أذاهُـم خيرٌ مـنَ الَّـذي لا يخالـطُ النَّـاسَ ولا يصبـرُ عـلَى أذاهـم) [صحيـح الترمـذي، الصفحـة أو الرقـم: 2507]. واتـه: «ئـەو بـاوەڕدارەی تێکەڵیـی خەڵـک دەکات و ئـارام دەگرێـت لەسـەر ئـەو زیـان و ناخۆشـیانەی پێـی دەگەیەنـن، باشـترە و خێـری زیاتـرە لـەو بـاوەڕدارەی کـە تێکەڵیـی خەڵـک نـاکات و ئـارام ناگرێـت لەسـەر زیـان و ناخۆشـییەکانیان».

ڕاسـتکردنەوەی نییـەت و مەبەسـتی مرۆڤـەکان و دژوەسـتانەوە لەگـەڵ بەرژەوەندییـە کەسـییەکان:

(إنَّمـا الأعـمالُ بالنِّيَّـات، وإنَّمـا لـكلِّ امـرئٍ مـا نـوى، فمَـن كانَـت هجرتُـهُ إلى دنيـا يُصيبُهـا، أوِ امـرأةٍ يَنْكِحُهَـا، فَهجرتُـهُ إلى مـا هاجـرَ إليْـه) [صحيـح البخـاري ح1، صحيـح مسـلم ح4904]. واتـه: «بێگومـان (قبوڵبوونـی) کـردەوەکان بـە پێـی نیازەکانـە، هەروەهـا هەمـوو کەسـێك بـە پێـی نیازەکـەی پاداشـت دەدرێتـەوە، جـا هـەر کـەس کۆچکردنـی بـۆ بەدەسـتهێنانی (دەسـتکەوتێکی) دنیایـی بێـت، یـان بـۆ مارەکردنـی ئافرەتێـك بێـت، ئـەوە کۆچکردنەکـەی بـۆ ئەوەیـە کـە کۆچـی بـۆ کـردووە».

بەهێزبوون و ئاوێتەکردن لەگەڵ پشتبەخودا بەستن:

(المؤمنُ القويُّ خيرٌ وأحبُّ إلى اللهِ من المؤمنِ الضعيف، وفي كلٍ خيرٌ. احرصْ على ما ينفعُك واستعنْ باللهِ وَلا تعجزَنَّ، وإن أصابَك شيءٌ فلا تقلْ: لو أني فعلتُ لكانَ كذا وكذا، ولَكن قلْ قدَّرَ اللهُ وما شاءَ فعلَ فإن لو تفتحُ عملَ الشيطان) [مسلم (2664)]. واتە: «باوەڕداری بەهێز چاکتر و خۆشەویستر لای خوای گەورە لە باوەڕداری لاواز، لە هەردووکیشیاندا چاکە و خێر هەیە، سوور بە لەسەر ئەوەی کە سوود و قازانجی بۆت هەیە و بێ توانا مەبە، ئەگەر شتێکیشت لێ هات و کارێکت تووش هات، مەڵێ: ئەگەر من ئەوە و ئەوەم بکردایە ئەوا بەو شێوەیە و بەو شێوەیە دەبوو، بەڵکو بڵێ: خوا ئەندازەگیری کردووە و هەرچیشی بوێت دەیکات، چونکە وشەی ئەگەر -لَوْ- دەرگای شەیتان دەکاتەوە».

## سەرچاوەکان

التربية القيادية، د.منير الغضبان، دار الوفاء، الطبعة الرابع، 2005.

المنهج النبوي والتغيير الحضاري، برغوث عبدالعزيز مبارک، الطبعة الأولى، 1995.

اصلاح الفكر الإسلامي بين القدرات والعقبات، د.طه جابر فياض العلواني، الطبعة الأولى، 1991.

حتى يغيروا ما بأنفسهم، جودت سعيد، دار الفكر، دمشق، الطبعة السادسة، 1984.

كيف نتعامل مع السنة النبوية، د.يوسف القرضاوي، دار الوفاء، الطبعة الأولى، 1990.

التحفة البرزنجية، الشيخ المحقق محمد الشيخ طاهر البرزنجي، التفسير للطبع والنشر، ط1، 2020.

# شارستانیەتی ئیسلامی خۆرێکی گەشاوە بوو بەسەر ئەوروپا و ڕۆژئاوادا هەڵهات

د. زریان حاجی

د. زریان حاجی

پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان،
بەشی شوێنەوار
zryanhajee@yahoo.com

## پێشدەست

یەکێك لە مەزنترین و ڕازاوەترین و پێشکەوتووترین شارستانیەتەکانی مرۆڤایەتی، شارستانیەتی ئیسلامییە کە سەرچاوەی سەرەکیی ئەم شارستانیەتەش قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرە (ﷺ)ە، کە هاندان و پاڵنانی ئەم بنەما سەرەکییانە و ئەو هەموو فەرموودە و ئایەتانەی باسی زانست و تێفکرین لە دیاردە سروشتییەکان دەکەن، بوونە هاندەرێکی گرنگ بۆ ئەوەی موسڵمانان ڕوو بکەنە زانست و زانیاری و، بەدوای بکەون و لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە بکەن لەنێو کتێبە کۆنەکاندا پەیجوێی بکەن و زانیاری بەدەست بهێنن، پاشان داهێنان بکەن و بەمەش شارستانیەتێکی وەها بنیات بنێن کە لە مێژوودا هاوشێوەی نەبێت و، لە سەرجەم بوارەکاندا پێشکەوتنی تیادا بێت لە هەردوو بەشی زانستە پەتییەکان و زانستە مرۆڤایەتییەکان. لە هەمووشی گرنگتر ئەم زانیارییانە بۆ خزمەتی هەموو مرۆڤایەتی بەکار بهێننەوە و بڵاویشی بکەنەوە نەك تەنها بۆ تاك و کۆمەڵگەی موسڵمانان، بەم جۆرەش بۆ ماوەی شەش سەدە هەر لە سەرەتای (سەدەی یەکەم بۆ حەوتەمی کۆچی و حەوتەم بۆ سیانزدەیەمی زایینی) کە بە سەدەکانی ناوەڕاست ناسراوە، وڵاتانی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا لەوپەڕی پێشکەوتن و داهێنان و زانستخوازی و بیرکردنەوەی شارستانییانەدا بوون و، لە بەرامبەریشدا ڕۆژئاواییەکان لەوپەڕی داوکەوتوویی و تاریکی و نەهامەتیدا دەژیان، بە جۆرێك هەرکەسێك باسی زانست و زانیاری و داهێنانی زانستیی بکردایە، لەلایەن کەنیسەوە بە کوفر و تاریکی و دواکەوتن لەقەڵەم دەدرا و، لە مەقسەلە دەدرا و سەری دەپەڕێنرا. کتێبخانەکانی شارستانیەتی ئیسلامی پڕ بوون لە کتێب و زانیاری و زانست و، چەندین کتێبخانەی گەورە و بەناوبانگ هەبوون، کەچی ئەورووپا و ڕۆژئاوا جگە لە چەند کتێبخانەیەکی بچووك کە لە کەنیسەکاندا هەبوون و تەنها کتێبی ئایینی بوون؛ هیچ جۆرە کتێبخانەیەکی دیکەیان نەبوو، گەورەترین

کتێبخانەش بریتی بوو لە کتێبخانەی کاتدرائیەی شاری کونستانز کە ئەویش تەنها ٣٥٤ کتێبی تێدا بوو، زۆرینەشیان کتێبی لاهووتی و ئایینی بوون، هەر بۆیە ئەم سەدانە لە ئەوروپا و ڕۆژئاوا بە سەدە تاریکەکان ناو دەبرێت.

بابەتێکی وەها کە سەرنجی سەرجەم بیریار و نووسەر و ڕۆژهەڵاتناس و زانایانی ئەمڕۆی ڕۆژئاوایی ڕاکێشاوە و، بۆخۆیان ئەم ڕاستییەیان نەشاردۆتەوە و، لە چەندین شوێندا ڕاشکاوانە باسی فەزڵی شارستانیەتی ئیسلامییان کردووە بەسەر شارستانیەت و پێشکەوتنی بواری زانستی ئەمڕۆی ئەوروپا و ڕۆژئاوادا بەگشتی. بۆ نموونە؛ نووسەرێکی دیاری بواری شارستانیەتی ئەوروپی بە ناوی (زیگرید هونکە)، کتێبێکی ناوازەی بە ناونیشانی (شمس اللە تسطع علی الغرب[1]) داناوە و هەروەك لە ناوەکەشی دیارە، زۆر بەوردی باسی ڕۆڵ و کاریگەری و فەزڵی شارستانیەتی ئیسلامی کردووە بەسەر شارستانیەتی ڕۆژئاوادا. لە بەشێکی کتێبەکەیدا دەڵێت:

«محەمەد وای دەبینی ئەگەر شوێنکەوتووانی قووڵ ببنەوە لە بیرکردنەوە لە دروستکراوەکاندا و هەروەها لە نهێنییە سەرسوڕهێنەرەکانیان، ئەوا هۆکارێك دەبێت بۆ زانینی توانای بەدیهێنەر، هەروەها وای دەبینی کە زانیاری؛ ڕێگای باوەڕ ڕۆشن دەکاتەوە و، لێی دووبارە دەکردنەوە کە (داوای زانست بکەن ئەگەر لە «چین»یش بێ)، بۆیە پێغەمبەر سەرنجی بۆ لای زانستی سەرجەم گەلان ڕادەکێشان، زانستیش خزمەتی ئایین دەکات، زانیاریش لەلایەن خواوەیە و بۆ ئەویش دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوە پێویست بوو لەسەریان کە بیگەنێ و دەستی پێ بگەیەنن ئەگەر سەرچاوەکەی هەرچییەك بێت، ئەگەر ئەو زانستە لای بێباوەڕێکیش بێت[2].»

(١) بڕوانە : زیغرید هونکە: شمس اللە تسطع علی الغرب، تر. ا. د. فؤاد حسین علي، دار العلم العربي، ط٢، ٢٠١١م.
(٢)شمس الله تسطع على الغرب، ص٣٦٩.

لە جێگەیەکی دیکەی کتێبەکەی دەڵێت: «ئەورووپا و زۆرێك لە کیشوەرەکانی دیکە، قەرزێکی زۆر گەورەی موسڵمانانیان لەئەستۆدایە[١].»

ئەمە سەرباری چەندین نموونەی دیکەی وەك (ئەرسنت ڕینان) کە دەڵێت: «زانستەکان و شارستانیەت و ئاداب و هونەرەکان و بڵاوبوونەوەیان بۆ ماوەی شەش سەدە، تەنها مۆڵکی موسڵمانان بوو.[٢]»

بیریاری بواری شارستانیەت و ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ (گوستاف لۆبۆن)یش دەڵێت: «موسڵمانان سەرجەم زانیارییە زانستی و ئەدەبی و فەلسەفییەکانیان بۆ ئەورووپا بەبەرهەم هێنا[٣].»

(جۆرج سارتۆن)ی بەلجیکییش دەڵێت: «موسڵمانان مامۆستای هەموو جیهانن، ئەگەر ئەوان نەبوونایە؛ ڕێڕەوتی شارستانیەت چەندین سەدە دەوەستا و دوا دەکەوت[٤].»

(ستانوود کب) دەڵێت: «مەسیحییەکان ڕووناکیی زانستی یۆنانییان هەنگاو بە هەنگاو شاردەوە، پاش ئەوەی کە جیهانی کۆنی ڕوونائ کردبوویەوە، بەم جۆرەش لاهووتی مەسیحی فەلسەفە و زانستی (بتپەرستی)ی لا دا و شوێنیانی گرتەوە هەر لە سەردەمی قوستەنتینەوە، بەڵام ئیسلام کە هات؛ ڕووی تێ کرد و زانستەکانی لە مەسیحییەکانەوە لەباوەش گرت و شارستانیەتی مەزنیان بنیات نا[٥].»

(١) هـ. س، ص٢٣٦.

(٢) آرسنت رينان: الاسلام و العلم، تر. مجدي عبدالحافظ، المشروع القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠٠٥م، ص٣٣؛ سعيد الديوجي: الموجز في الطب الاسلامي، الكويت، ١٩٨٩م، ص٥٦.

(٣) د.غوستاف لوبون: حضارة العرب، تر. عادل زعيتر، دار إحياء الكتب العربية، ط٢، ١٩٤٨م، ص٦٧٩.

(٤) George Sarton: introduction to the history of science، published for the garnigie institution of Washington، p562; هەروەها بڕوانە: چۆرج سارتون: العلم القديم والمدينة الحديثة، تر. عبدالحميد صميرة، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠١٠، ص٤٠ .

(٥) ستانوود کب: المسلمون في التأريخ والحضارة، تر.محمد فتحي عثمان، د. م، ص١١٩.

(روبیر بریفۆ) دەڵێت: «ئەورووپا لە سەدەکانی یانزدە و دوانزدەدا ڕووبان کردە موسڵمانان و شارستانیەتی ئیسلامی، هەتا هەرچی لە پیشەسازی و هونەر هەیە لەلای ئەوان؛ فێری ببن، کە ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ پێشکەوتنیان لە سەرجەم بوارەکانی بیرکاری و گەردوونناسی و پزیشکی و کیمیاگەریدا[1].»

لە کۆتاییشدا (Robert briffault - بریفولت) کە زانایەکی دیاری شارستانیەتە، لە کتێبە گرنگەکەی بە ناونیشانی (The making of humanity [2])دا، دەڵێت: «هیچ لایەنێك لە لایەنەکانی پێشکەوتنی ئەورووپا نییە کە بنەڕەتەکەی نەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی شارستانیەت و ڕۆشنبیریی ئیسلامی.»

## یەکەم: ڕێگاکانی گواستنەوەی شارستانیەتیی ئیسلامی بۆ ئەورووپا و ڕۆژئاوا:

ئەورووپایی و ڕۆژئاواییەکان بە چەند ڕێگایەك شارستانیەتیی ئیسلامیان گواستەوە و سوودیان لێ وەرگرت و، تواناییان شارستانیەتی خۆیانی لەسەر بنیات بنێنەوە، لەوانەش:

١-جەنگی خاچ دروشمی، کە ولاتانی ڕۆژئاوا دەیانکردە سەر ڕۆژهەڵات و ولاتانی ئیسلامی. لە ئەنجامی ئەم شەڕ و جەنگانەوە، ئەورووپییەکان سوودی زۆریان وەردەگرت لە داهێنان و ئاستی بەرزی زانستی و هونەری مامەڵە و کەلەپوور و ژیانی کۆمەڵایەتیی پێشکەوتووی موسڵمانان، تەنانەت کلتووری بیناسازیی شارستانیەتی ئیسلامی، بۆ نموونە؛ لە ئەنجامی ئەو جەنگانەوە، هونەری بیناسازیی دروستکردنی قەڵا و شووڕا و پتەوی و بە بەهێزیی دیواری قەڵاکان

(١) عبدالفتاح الغنيمي: الحضارة الاسلامية وتحديات القرن الحادي عشر، القاهرة، ١٩٥م، ص٣٦ - ٣٧.

(٢) The making of humanity, London, 1919, first published, p.184.

فێر بوون، ئەمە سەرباری چەندین ڕووەك و درەختی جۆراوجۆر و گیا و دەرمانیان دەبردەوە لەگەڵ خۆیاندا، جگە لە تێکەڵاوبوونی شارستانییانە و سوودوەرگرتنی زۆر لەو بواره[1].

٢-لە ڕێگەی دوورگەی سەقلّیە، ئەم دوورگەیە بۆ ماوەی سێ سەدە لەلایەن موسڵمانان حوکم دەکرا کە تێیدا چەندین خوێندنگە و ناوەندی بەرزی فێربوونی شارستانیەتی ئیسلامییان دامەزراندبوو. کاتێکیش نۆرماندییەکان دوای موسڵمانان هاتن، ناچار بوون لەسەر لێبوردەیی ئایینی و گرنگیدان بە زانست بەردەوام بن، بەو پێیەی کە ئەم شارە لە گەشاندنەوەدا بوو، بۆیە زانایانی موسڵمانان لە لێکۆڵینەوە و داهێنانەکانیان بەردەوام بوون لەو شارەدا و لێرەشەوە شارستانیەت گواستراوەتەوە بۆ ئیتاڵیا، پاشان بۆ باکوور و ئاشکراشە یەکەم ڕێنیسانسی ئەورووپی لە ئیتاڵیاوە و بە کاریگەریی ئەم زانایانە هاتە کایەوە. جێگەی ئاماژەیە زانایانی موسڵمان خوێندنگەیەکی بواری پزیشکیی بەناوبانگیان لە بالرمو؛ پایتەختی سەقلّیە دامەزراند و لەوێشەوە زانستی پزیشکی بەرەو باشووری ئیتاڵیا و مونبلییە و ستراسبورگ لە فەرەنسا و پاشان بۆ هۆڵەندا و ئەڵمانیا گواستراوەتەوە[2].

٣-لە ڕێگەی ئەندەلوس (کە خەلافەتێکی گەورە و گرنگ و دەوڵەتێکی ناوازەی ئیسلامیی گەورە بوو، بۆ ماوەی هەشت سەدە حوکمی کرد و پاشان لەسەر دەستی مەسیحییە ئیسپانییەکان، پاش کوشتارێکی زۆری کەموێنە بۆ موسڵمانەکان؛ شارستانیەت و دەوڵەتەکەیان ڕووخاند و دەوڵەتی ئیسپانیای مەسیحییان لە جێیدا دروست کرد)، ئەم ڕێگەیە بۆ گواستنەوەی شارستانیەتی ئیسلامی بۆ ڕۆژئاوا بە دەرگای گەورە و ڕێگەی بەرفراوانی گواستنەوە دادەنرێت، ئەندەلوس لە ڕووی شارستانیەتەوە؛ پێشکەوتوو ڕێچکەشکێن بوو،

(١) د.عبدالمنعم ماجد: تأريخ الحضارة الاسلامية في العصور الوسطى، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ص٢٩٠.
(٢) جلال مظهر: مآثر العرب على الحضارة الاوروبية، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٦٠م، ص٧٥؛ د.عبدالمنعم ماجد: هـ. س، ص٢٨٨.

زانکۆکانی ئەندەلوس سەرباری ئەندەلوسییەکان؛ چەندین خوێندکار و قوتابیی شوێنەکانی دیکەی ئەورووپایان هەبوو کە بۆ وەرگرتنی زانستەکان و زانیاری و هونەر دەچوونە ئەندەلوس و، پاش تەواوکردنی زانکۆ دەگەڕانەوە وڵاتانی خۆیان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەوەی فێری بوون لە زانا موسڵمانەکانەوە. بۆیە زۆرێك لە وڵاتانی ئەورووپا بۆ وەرگرتنی زانست و خوێندەواری؛ شاندیان دەنارد ئەندەلوس، لەوێش لە هەموو زانستەکانیان فێر دەکردن کە زانایانی موسڵمان پێی گەیشتبوون لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بە تایبەتییش بەشێك لە شازادە و میرەکانی ئەورووپا، کوڕان و کچانی پادشایانی ئەورووپا، بۆ فێربوون دەهاتنە ئەندەلوس و لە زانکۆکانی دەیانخوێند، بۆ نموونە شازادەی کچ؛ ئەلیزابیتی کچی خاڵی پادشای فەڕەنسا؛ لویسی شەشەم و وەزیری پادشایی هەرێمی باڤاریا بە 250 خوێندکارەوە و هەروەها ئەمیرە دوبانتی بەریتانی و لەگەڵ ژمارەیەك لە کچانی خانەدانی بەریتانی، لێرەشەوە ئەندازیارانی موسڵمان بەشدار بوون لە دروستکردنی پردی سەر ڕووباری تایمزی بەریتانی و ئەندازیارانی دیکەش بەشداربیان کرد، تەنانەت لە دروستکردنی گومەزی سەر کەنیسەکان لە ئەڵمانیا[1].

کاتێکیش شاری (طلیطلة)ی ئەندەلووسی لە لایەن ئیسپانییەکانەوە داگیر کرا و ڕووخێنرا، حاکمی شارەکە کە ناوی (ئەلفۆنسۆ)ی دەیەم (ئەلفۆنسۆی حەکیم) بوو، خوێندنگەیەکی دروست کرد بۆ وەرگێڕانی سەرجەم کتێبی زانستە جۆراوجۆرەکان لە زمانی عەرەبی کە زمانی شارستانیەتی ئیسلامی بوو بۆ سەر زمانی لاتینی و ئەورووپی کە سوودێکی زۆریان هەبوو بۆ ئەورووپییەکان[2].

(١) إسماعيل ياغي: أثر الحضارة الإسلامية على الغرب، الرياض، ١٩٩٧م، ص ٣٤.
(٢) سعد البشري: الحياة العلمية في عهد ملوك الطوائف في الاندلس، الرياض، ١٩٩٤، ٥٣٣ - ٥٣٤.

## دووەم: ڕۆڵی زانستەکانی شارستانیەتی ئیسلامی لە دروستبوونی شارستانیەتی ئەورووپی:

### پزیشکی

پزیشکی لە شارستانیەتی ئیسلامیدا بە ئاستێکی زۆر باڵا پێش کەوتبوو، بە جۆرێك کە زانایان و پزیشکانی موسڵمان سەرباری ئەوەی کە چەندین ناوەند و خوێندنگەی پزیشکییان دامەزراندبوو، چەندین ناوەندی توێژینەوەی زانستیی بەرزی ئەو بوارەشیان دانابوو، ئەمە جگە لە دانانی چەندین کتێبی ناوازەش لەو بوارەدا کە بە (مجلدات) و بە وێنەی ڕۆشن، هەموو پارچەکانی لاشەی مرۆڤ و تەنانەت خانەکان و دەمارەکان و مولوولەی خوێن و دەمارەشانەکانی مرۆڤیان کێشابوو و شیکارییان بۆ دەکرد و، باسی سەرجەم نەخۆشی و نەخۆشیزانییان تێدا بوو، تەنانەت لە بواری زانستی دەرمانسازی؛ چەندین جۆر لە گژوگیا و دەرمانی گیراوە و دەرمانی کیمیاییان دەزانی، ئەمە سەرباری دیاریکردنی جۆری نەخۆشییەکان و دەرمان و نەشتەرگەری و دۆزینەوەی ئامێر و پێداویستییەکانی نەشتەرگەری.

لە بەرامبەردا ڕۆژئاواییەکان لەوپەڕی دواکەوتندا بوون، تەنانەت نەیاندەزانی پزیشکی و دەرمان و چارەسەر چییە و، پەنایان بۆ کەنیسە و ڕاهیب و قەشەکان دەبرد، لەم بارەیەوە نووسەرێکی ئەورووپی بە ناوی (ولتر) دەڵێت: «زانستی پزیشکی و چارەسەر و برینپێچی لەلای موسڵمانان زۆر پەرەی سەند و پێش کەوت، لە کاتێکدا ئەورووپییەکان ئەم زانستە بەنرخەیان نەدەزانی، خۆیشیان لێ بەدوور دەگرت، ئەمەش چونکە کەنیسە لێی حەرام کردبوون، تەنها پێویست بوو سەردانی کەنیسەکان بکەن و ئەوانیش چارەسەری دوعایی... هتد دەکردن و، پێیان دەفرۆشتنەوە[1].»

(١) اسلام المازني: روائع تأريخ الطب والاطباء المسلمين، بيروت، دار الكتب العلمية، ٢٠٠٦م، ص٨٢.

مێـژوو چەنـد نموونەیـەکی کاریگەریـی پزیشـکیی ئیسـلامیمان لەسـەر ئەورووپـا بـۆ تۆمـار دەکات، لـە نموونـەی ئەمانـەش؛ لـە سـاڵی (446ک/ 1056ز) قوسـتەنتینی گریـکی ڕووی کـردە تونـس بـۆ خوێنـدنی پزیشـکی لەسـەر دەسـتی زانایانی موسـڵمان، لەگـەڵ خۆیـدا سـەرچاوە و کتێبەکانی بردووەتـەوە بـۆ ئیتاڵیـا، لـەم سەروبەندەشـدا کتێبـی (زاد المسـافر)ی (ابـن جـزاری قەیـرەوانی)ی وەرگێڕاوەتـە سـەر زمـانی لاتینـی و، کتێبـی (کامـل الصناعـة الطبیـة)ی نـاسراو بـە (الکتـاب الملـکي)ی (عـلي بـن عباس)ی وەرگێڕاوەتـە سـەر زمـانی لاتینـی، ئیـدی لێـرەوە چەندیـن کتێبـی دیکـە لـە بەرهەمـی زانایـانی موسـڵمان کرانـە سـەر زمـانی لاتینـی[1]، لـە دیارترینیان دەتوانـین ئامـاژە بـۆ چەنـد کتێبێـك بکەیـن کـە تـا ئێسـتاش ڕۆڵیـان هـەر هەیـە لـە خوێنـدنی بـواری پزیشـکی لـە ئەورووپـا و ڕۆژئـاوادا، لەوانـەش:

- (الحـاوي في علـم التـداوي)ی (محمـد بـن زکریـا الـرازي)، کـە 30 بەرگـە، لـە سـاڵی (678ك) وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمـانی لاتینـی، پاشـان لـە ئیتاڵیـا لـە سـاڵی (892 ك/ 1486ز) چـاپ کـراوە کـە بـە گەورەتریـن کتێبـی چاپکـراو دادەنـرا لەگـەڵ داهێنـانی چاپخانـە، ئـەم کتێبـە لـە سـەدەی شـانزدە بـەدواوە چەندیـن جـار چـاپ کـراوە کـە بـە یەکێـك لـەو نـۆ کتێبـە دادەنرێـت کـە خوێندنگـەی پزیشـکی فەرەنـسی لـە پاریـس لەسـەری دامـەزراوە و بـووە سـەرچاوەیەکی گرنگـی زانسـتی پزیشـکی لـە هەمـوو ئەورووپـا.

- کتێبـی (المنصـوري) کـە لـە شـەرحکردنی (الرازي)یـە و، کـە 20 بەرگـە، بـاسی شرۆڤـەی پارچـەکانی لاشـەی مـرۆڤ و خانـە و دەمارەخانـەکان و خـۆراك و دەرمانزانیـی تەندروسـت و نەشـتەرگەری و ژەهـرەکان... هتـد دەکات، کـە سـەرچاوەیەکی گرنگـی زانکـۆکانی ئەورووپـا بـوو بـۆ دراسـەکردنی پزیشـکی.

(١) أحمـد عـلي المـلا: أثـر العلـماء المسـلمين في الحضـارة الاوروبيـة، دمشـق، دار الفکـر، ط٢، ١٩٨١، ص٢١٢؛ أمـين الطيبـي: دراسـات في تأريـخ صقليـة الاسـلامية، طرابلـس، ليبيـا، ١٩٩١م، ص١٣٠.

کتێبی (القانون في الطب)ی (ئیبن سینا)، کە وەرگێڕدرایە سەر زمانی لاتینی، پاشان بە دەیان جار چاپ کرایەوە و بۆ چەندین زمانی ئەورووپی وەرگێڕدراوە و پاشان بۆ چەندین سەدە لە سەرجەم زانکۆکانی ئەورووپا دەخوێنرا[١].

کتێبی (التصريف لمن عجز عن التأليف) کە لە دانراوی پزیشکی نەشتەرگەری موسڵمانی بەناوبانگ (الزهراوي)یە، ئەم کتێبە ناوبانگێکی زۆر فراوانی پەیدا کرد لە ئەورووپا و جگە لە زمانی لاتینی، بۆ چەندانی دیکەش وەرگێڕدرا[٢].

کتێبی (المسائل في الطب)، دانراوی پزیشکی موسڵمان (ابن العبادي)، سەرەتا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی لاتینی، پاشان بۆ تەواوی زمانەکانی دیکەی ئەورووپی بە شرۆڤەکردن و شەرحکردن و پوختکردنەوەی بۆ ماوەی چەند سەدەیەك، چونکە ئەم کتێبە زۆر بەسوود بوو لە زانستی پزیشکی بە هەردوو بەشی تیۆری و پراکتیی[٣].

کتێبی (ابن الوافد الاندلسي) لە بارەی دەرمان، کە لە بواری دەرمانسازی و دەرماننناسی (الصيدلة)دا دەیەها جار چاپ کراوە. ئەورووپییەکان و زانکۆکانیان بۆ ماوەی چەندین سەدەی دوورودرێژ هەروەك ئەوەی لە موسڵمانان وەریانگرتبوو، بەکاریان دەهێنا. دەرماننناس و پزیشکی ئەورووپی؛ (مایرهوف)، لەم بارەیەوە دەڵێت: «زانستی دەرمانسازیی موسڵمانان هەتا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەورووپا هەر باو بوو[٤].»

(١) علي الدفاع: إسهام العلماء العرب والمسلمين في علم النبات، بيروت، مؤسسة الرسالة، ١٩٨٩، ص٧٥، ١٦٢؛ مصطفى السباعي: من روائع حضارتنا، بيروت، دار العلم لملايين، ١٩٨٨، ص٥٣؛ جلال الشوقي: العلوم والمعارف الهندسية في الحضارة الاسلامية، الكويت، ١٩٩٥م، ص٣٩.
(٢) سعد البشري: الحياة العلمية في عهد ملوك الطوائف في الاندلس، ص٥٤٥.
(٣) سامي الحمارنة: تأريخ تراث العلوم الطبية عند العرب والمسلمين، عمان، ١٩٨٦م، ص١٧٢.
(٤) د.ماكس مايرهوف: العلم والطب، كتاب تراث الإسلام، باشراف توماس آرنولد، تر. جرجيس فتح الله، الطبعة العصرية، الموصل، ١٩٥٤م، ج١، ص١٧٦.

(گوستاف لۆبۆن)یش دەڵێت: «زانستی پزیشکی زۆر قەرزاری زانا موسڵمانەکانە، لە سەرجەم بواڕەکانی دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان کە تا ئێستاش بەکار دەهێنرێن، وەك شروبوب و لەزگە و لەفاف و مەرهەم و ئاوی دڵۆپێنراو(مقطر) و... هتد، هەروەها زانستەکانی نەشتەرگەری تەنانەت بواری بەنجکردن کە زانا موسڵمانەکان دایانهێناوە، ئەمە سەرباری هونەری وەستاندنی خوێنبەربوون و کاویەکردنی برین، جگە لە زۆری و ناوازەیی نووسراوەکان و کتێبەکانیان لە بواری پزیشکی، کە بوونە سەرچاوەی سەرەکیی زانکۆکانی ئەورووپا، تا ئەم دواییانەش دەخوێنران. ئێستاش زۆرێك لە ناوی دەرمانەکان لە ئەورووپادا هەمان ناوە عەرەبییە کۆنەکەی هەیە، کە زمانی شارستانیەتی ئیسلامی بووە[1].»

لە شێواز و ڕێکخستنی نەخۆشخانەکان بە هەردوو جۆری نەخۆشخانە (بیمارستان)ی گەڕۆك و جێگیر، ئەورووپیەکانیش تەواو لاسایی موسڵمانانیان دەکردەوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت کۆلێژی پزیشکی لە پاریس لەسەر بیناکەی، پەیکەری بۆ هەرسێ زانای موسڵمان: (ئەبوبەکری ڕازی) و (أبو علي ابن سينا) و (ابن زهر الحفید)ی کردووە، وەك سێ لە گەورەترین پزیشکانی دنیا[2].

(١) د.غوستاف لوبون: حضارة العرب، ص٥٩٤ - ٥٩٥.
(٢) د.عبدالمنعم ماجد: تأريخ الحضارة الإسلامية في العصور الوسطى، ٢٩٢؛ د.غوستاف لوبون: حضارة العرب، ص٥٨٩ - ٥٩.

## کیمیا

هاوشێوەی زانستی پزیشکی، زانستی کیمیای موسڵمانانیش کاریگەریی زۆری لەسەر شارستانیەتی ئەورووپییەکان هەبووە، ئەورووپی و ڕۆژئاواییەکان قەرزاری موسڵمانانن. لە دیارترین کتێبی وەرگێڕدراوی بواری کیمیا بۆ سەر زمانی لاتینی کە ئەمانیش لە سەدان کتێبی دیکەی وەك نووسراوەکانی (جابر بن حیان) و چەندانی دیکە وەرگێڕدرابوون[1]، بریتی بوون لە:

- (غاية الحكيم)ی «مسلمه بن أحمد المجريطي» (المدريدي) (م.398ك/ 1007ز)، کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی لاتینی، لە نیوەی سەدەی سێیەمی زاینیدا.

- کتێبی (تركيب الكيمياء) کە روبرت تشیرستری ئینگلیزی لە ساڵی (539ك/ 114ز) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی.

- کتێبی (سر الأسرار)ی الرازي، ئەم کتێبە سەرباری ئەوەی کە بۆ ماوەی چەند سەدەیەك لە ئەورووپا سەرچاوەیەکی گرنگ بووە، بۆخۆیشی بە بنەڕەتی زانستی کیمیا دادەنرێت لە ئەورووپا کە لەوێ بە ڕازیش ناسرا بوو[2].

## فیزیا

- (زيگريد هونكه) دەڵێت: «بۆچوونەکانی کانت و دیکارت و نیوتن لە بواری سروشت و شکاندنەوەی تیشك و ڕووناکیی(بصريات)، سەرجەمیان دەرکەوت کە لە زانا (ابن الهيثم)یان وەرگتووە[3].» لەم بوارەشدا پاش وەرگێڕانی کتێبەکەی (ابن الهيثم) بە ناوی (المناظر) کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر زانایانی ئەورووپا، کە لەلایەن

(١) مفتاح محمد دياب: مقدمة في تأريخ العلوم في الحضارة الإسلامية، بنازي، ١٩٩٢م، ص٢٥٢.
(٢) پروانە: علي الفاع: اسهامات المسلمين في علم النبات، ص٨٧.
(٣) شمس الله تسطع على الغرب، ص٥٣.

(جـیراردودي كريمونـا) (م.538 ك- 1187ز) وەرگێڕدرابـوو، كاریگەریـی ئـەم كتێبـە لای زانایـانی بەناوبانگـی ئەوروپـی لـە زانكـۆی ئۆكسـفۆرد بەتایبەتتریـش لای زانـا (روجـر بیكـون) زۆر بـوو، بـە جۆرێـك دەتوانـین بڵێـین لـە رێگـەی وەرگێـڕانی ئـەم كتێبـەوە، ئەوروپـا زانسـتی (علـم الضوء)یـان نـاسی[١].

## بیركاری

شارسـتانیەتی ئیسـلامی زۆر پەرەنسـیپی بـواری بیركاریـی پێشـكەشی ئەوروپاییـەكان كـرد لـە بـوارەكانی حسـاب و جەبـر و سێگۆشـەزانی و ئەندازیـاری، كـە نـاوەكانی ئـەم زانسـتە سـەرباری ئـەوەی بـە عەرەبییەكـەی خـۆی ماوەتـەوە، بۆخۆیشـیان ئەم ڕاسـتییە لە ئێسـتادا ناشـارنەوە و هەمیشـە بـاسی فەزڵـی بیركاریـی موسـڵمانان دەكـەن بەسـەریانەوە، لەوانـەش زانای بیركاریـی بەناوبانـگ (لیونـارد ئـۆف) و چەنـدانی دیكـەش، لـە دیارتریـن كتێبـەكانی كـە لـە شارسـتانیەتی ئیسـلامی لـە بـواری بـیركاری وەرگێڕدرانـە سـەر زمـانی لاتینـی و ئەوروپـی، كتێبـی (الحسـاب) یـان (العـدد)ی خەواریزمـی بـوو، كـە لەلایـەن (أدیـلارد البـاسي) (م.545 ك/1150ز) وەرگێـڕدرا[٢]، ئەمـە سـەرباری ئـەوەی كـە ژمـارە (ڕەقـەم)ی ئەمـڕۆی ئەوروپاییـەكان لـە زانـا موسـڵمانەكان وەرگـیراوە و لـە سـاڵی (599 ك/ 1202ز) لەسـەر دەسـتی فیبوناتـاشی لـە شـاری (بیـزا) ی ئیتاڵیا[٣]. ئێسـتاش ئەوروپاییـەكان بۆخۆیـان ئـەوە ناشـارنەوە كـە ژمـارەی ئەمـڕۆی ئەوروپـی، بنەڕەتەكـەی لـە شارسـتانیەتی ئیسـلامی وەرگـیراوە، ئەمـە جگـە لـەوەی زانایـانی ئەوروپـی تـەواو پشـتیان بـە زانیاریـیەكانی خەواریزمـی دەبەسـت لـە بـوارى بـیركاری و ئەنـدازەدا[٤].

(١) جـلال شـوقي: العلـوم والمعـارف الهندسـية في الحضـارة الاسـلامية، ص٣٩؛ يوسـف الكـرم: تأريـخ الفلسـفة الاوروبيـة، بـيروت، دار الفكـر، ١٩٧٩م، ص٩٧ و ص١٥٠.

(٢) أحمد علي الملا: أثر العلماء المسلمين في الحضارة الاوروبية، ص٥٥.

(٣) أمـين الطيبـي: دراسـات في تأريـخ الصقليـة الاسـلامية، طرابلـس، ليبيـا، ١٩٩٠م، ص١٣٣.

(٤) أحمـد مطلـوب: الأرقـام العربيـة، بـيروت، مؤسسـة الرسـالة، ط٣، ١٩٨٥م، ص١٦.

هەروەها جگە لە کتێبەکانی (خەواریزمی)، کتێبەکانی زانای گەورەی موسڵمانیش (محمد بن الحسن الكرخي) (م.430 ك / ١٠٣٨ز)، ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە بواری سێگۆشەزانی و حساب لە ئەورووپادا، بۆ نموونە؛ کتێبێکی بە ناوی (كتاب الفخري في الحساب)، لەلایەن زانای فەڕەنسی (وبکە) وەرگێڕدرا بۆ فەڕەنسی لە ساڵی (١٨٥٣ز)، هەروەها کتێبی (الكافي في الحساب) لە ساڵی (١٨٨٠ز) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئەڵمانی[١].

## گەردوونناسی

لە کاتێکدا زانایانی شارستانیەتی ئیسلامی لە وانەکانیاندا خەریکی خوێندن و دراسەکردنی خولانەوەی زەوی و، بازنەیی بوون و، شێوە گۆیی و، جوولّەی هەسارەکان و تەنەکانی ئاسمان و، کاکێشان و گەلەئەستێرە و ئەستێرەکشاوەکان بوون، لە ئەورووپا خەریکی خورافات و بابەتی ناڕەوا و ناگونجاو بوون و، هیچ ڕاستییەکی زانستییان نەدەزانی. زۆر پێش (کپلەر) و (گالیلۆ) و (کوپەرنیکۆس)، زانایانی موسڵمان زانستی حسابی سێگۆشەزانیان داناوە و، (ئەزیاج) و زیجەکانیان داناوە (مەبەست پێی چەند نووسراوێکی ژمارەیی بوو کە بەهاوتەریبی دەنووسران بۆ حسابی گەردوونناسی و فەلەکیی ورد)، هەروەها ڕوانینگا(مەصەد)یان داناوە بۆ هەسارەناسی و، دووریی هەندێك لە هەسارەکانیشیان پێوانە کردووە. لە بارەی ساڵی خۆری و قەبارەی خۆرەوە زانارییان نووسیوە، هەروەك لە بارەی کۆمەڵەی خۆر گەلێ شتیان نووسیوە، ئەمە جگە لە دیاردەی خۆرگیران و مانگگیران کە زانستییانە لێی دواون، هەروەها ناوی زۆرێك لە ئەستێرەکانیان ناوە کە هەر هەمان ئەم ناوانەشن کە تا ئێستا هەر بەو ناوە ماون، وەك: الدب الأكبر، الدب الأصغر، الحوت العقرب[٢].

(١) مفتاح محمد دياب: مقدمة في تأريخ العلوم في الحضارة الإسلامية، ص٢٠٢ – ٢٢٥.
(٢) أنور الجندي: الإسلام و الحضارة، بيروت، المكتبة العصرية، د.ت، ص٥٧ – ٥٨.

لــە ڕاســتیدا زۆرێــکی وەك (کیپلــەر و کۆپەرنیکــۆس) و چەنــدانی دیکــەش لــە زانایــانی گەردوونناسی ئەورووپــی پشــتیان بــە زانیاریــەکانی موسـڵمانان بەسـتووە و بــەو ئەنجامانــەشی کــە پێــی گەیشــتوون، بــەڵام هەندێــك لــە ئەورووپییــەکان لــە کاتی خــۆی ئەمانەتپارێــز نەبــوون و زانیارییەکانیــان نەدەپاراســت، بــۆ نموونــە؛ ڕۆژهەڵاتنــاسی ئینگلیــزی (د. دیڤیــد کنــج) لــە ســاڵی (1950ز) ڕایگەیانــد ســەرجەم زانیاریــەکانی (کۆپەرنیکــۆس) لــە بــواری گەردوونــزانی و ئەوانــەشی کــە دەدرێتــە پاڵــی، لــە زانــای موســڵمان (ابــن شــاطر) بردوویــەتی، ئەمــە جگــە لــەوەی کاتێــك بــەراوردی تــەواوی زانیاریــەکانی (کۆپەرنیکــۆس) لــە بــواری دۆزینــەوەی گەردوونــزانی لەگــەڵ زانــای گــەورەی موسـڵمان (مؤیدالدیــن العــرضي) (م. 664 ك/ 1226ز)[1]دەکرێــت، دەردەکەوێــت کــە هەمــان ئــەو زانیارییانەیــە بردوویــەتی، هەروەهــا (پادشــا فردریــك) زۆر ســوودی وەرگرتــووە لــە زانیاریــەکانی (کــمال الديــن يونــس الموصــلي)، کــە زانایــەکی گــەورەی بــواری گەردوونزانیــی بیرکاریــە[2].

بــە هەرحــاڵ، گومــانی تێــدا نییە کە لــە بــواری زانستەکانی گەردوونزانی، ئەورووپاییــەکان زۆر زانیاریــان لــە زانــا موســڵمانەکان وەرگرتــووە بــە وەرگێــڕانی زۆرێــك لــە کتێبەکانیــان، لەوانــەش کتێبەکان(أزیــاج)ی خەواریزمــی کــە زانــای گەردوونناسی ئینگلیزیــی بەناوبانــگ (أدیــلارد) لــە ســاڵی (116ز) وەریگێڕاونەتــە ســەر زمــانی لاتینــی لەگــەڵ چەنــد (رســائل)ێکی گەردوونــزانی، هەروەهــا کتێبــەکان و ئەزیاجــەکانی زانــای موســڵمان (البتــاني)، کــە لــە (طليطلــة) وەرگێڕدرابــوون، کتێبــەکانی (الفرغــاني) و (أبومعــشر الفلــكي)، زیجەکــەی (البتــاني) لــە ئەورووپــا زۆر بەناوبانــگ بــوو لــە ســاڵی (1537ز) لــە (نۆتــبرگ) چــاپ کــراوە[3]، هەروەهــا دانــراوەکانی گەردوونناســی موسـڵمان (عبدالرحمــن الصــوفي)

(١) بڕوانــە : مؤيدالديــن العــوضي: كتــاب الهيئــة، تــح. جــورج صليبيــا، بــيروت، مركــز دراســات الوحــدة العربيــة، ط٢، ١٩٩٥.
(٢) عــلي الدفــاع: أثــر العلــماء العــرب والمســلمين في تطويــر علــم الفلــك، بــيروت، مؤسســة الرســالة، ط٣، ١٩٨٥م، ص١٢٥.
(٣) يوسف كرم: تأريخ الفلسفة، ص١٢٥.

هێندە بەنرخ بوون، لە زۆربەی کتێبخانەکانی ئەورووپادا هەبوون[١]، سەرباری نووسراوەکانی (ابن الزرقالة) لە گەردوونناسی و بیرکاریدا کە بریتی بوون لە (رسائل صنع الاسطرلاب). لەبەر بەرزیی ئاستی کاریگەریی نووسراو لە کتێبەکانی زانا موسڵمانەکان، ئێستا گەردوونزانانی ڕۆژئاوایی ناوی زۆرێك لەو پەنا و پەسێیانەی لەسەر مانگ یان هەسارەی دیکە دەدۆزرێتەوە، بە ناوی زانا موسڵمانەکانی وەك: (البوزجاني و الخوارزمي و البتاني و الفراني و الطوسي... هتد) دەنێن[٢]. ئەمە جگە لەوەی لە ساڵی (1950ز) ئەکادیمیای سۆڤیەتی، ئەنسکلۆپیدیایەکی بە ناوی زانای گەورەی موسڵمان (أبو ريحان البيروني) دەرکرد کە زۆرێك لێکۆڵینەوەی تێدا بوو، باسی ئاستی بەرزی ئەو زانا موسڵمانەی دەکرد لە زانستەکان و بوارەکانی دیکەی و، گرنگی و بایەخی زاناکەشی بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بە گشتی ڕوون دەکردەوە[٣].

## جوگرافیا

زۆرێك لە زانایانی ئەورووپی بە سەرسامی و گەورەزانی لە ئێستادا باسی کارەکانی جوگرافیزان و مێژوونووسانی موسڵمان دەکەن، بۆ نموونە (گوتیە) دەڵێت: «(شەریفی ئیدریسی) جوگرافیزانی موسڵمان، مامۆستای ئەورووپییەکان بووە لە فێرکردنی ئەم زانستەدا نەك (بەتڵیمۆس)، لە هەموو ئەورووپا وێنەکێشێکی جوگرافیی تیادا نەبوو، ئەگەر ئەو وێنەکردارانەی (ئیدریسی) نەبوونایە و لێوەی فێری نەخشەکێشان نەبوونایە[٤].» لە ڕاستیدا کتێبەکەی (ئیدریسی) بە ناوی (نزهة المشتاق في اختراق الآفاق) وەك سەرچاوەیەکی بنەڕەتی بۆ زانستی جوگرافیا، زیاتر لە چوار سەدە خوێنراوە.

(١) علي الدفاع: أثر العلماء العرب والمسلمين في تطوير علم الفلك، ص٨٥.
(٢) سعد البشري: الحياة العلمية، ص٥٥١ - ٥٥٠؛ شاكر مولوي: الموجز في تأريخ العلوم عند العرب، بيروت، ١٩٨٩م، ص٨٨.
(٣) علي الدفاع: أثر العلماء العرب والمسلمين في تطوير علم الفلك، ص١٢٥.
(٤) عبدالرحمن حبنكة الميداني: أسس الحضارة الاسلامية ووسائلها، دمشق، ط٢، ١٩٨٠م، ص١٥٦.

سەرچاوەی بیری (کۆڵۆمبۆس) دەگەڕێتەوە بۆ زانایانی جوگرافیزانی موسڵمان، بە تایبەتی (البكري)، کاتێك وتی زەوی مادەم بازنەییە، کەواتە ڕۆیشتن بەرەو ڕۆژئاوا؛ دەمانگەیەنێتە هیند، چونکە کەشتیگەلی (کۆڵۆمبۆس)یش بۆ یەکەم جار لە نزیك شارۆچکەی (ولبە) لە مینای (سان لۆکار) بەڕێ کەوتن، کە شوێنی لە دایکبوونی (البكري) بوو لە مەغریب و، (کۆڵۆمبۆس) هەمیشە پەیوەندیی لەگەڵ مەغریبیەکاندا هەبووە و زانیارییەکانی لەوان وەرگرتووە لە کاتی گەشتە بەناوبانگەکەی لە ساڵی 1492ز، کەواتە موسڵمانانیش پشکیان هەبووە لە دۆزینەوەی جیهانی نوێدا[1]، هەروەها نووسینەکانی (ابن ماجد النجدي) لە سەدەی پازدەی زایینی؛ ڕێنیشاندەری (فاسكودي گاما) بووە لە گەشتەکەی بۆ هیند لە ساڵی (1498ز)[2].

زانای فەڕەنسی (تایلر) دەڵێت: «کەشتیوانانی ئیسپانی و پرتوگالی؛ ئەوانەی کە ڕێگەی (رأس الرجال الصالحيان) دۆزییەوە، هونەری دەریاوانییان لە مامۆستا موسڵمانەکانیان وەرگرتبوو، ئەوانیش بەمە قەرزاریانن لە سەرجەم دۆزینەوەکانیاندا[3].»

بە هەرحاڵ، دەتوانین بڵێین: «موسڵمانان پێشەنگی ئەوروپییەکان بوون، ئەوان قایلیان کردن بەوەی بڕوا بهێنن کە وشکانییەکی دیکە لەودیو زەریای ئەتڵەسی هەیە، هەروەها زانایانی موسڵمان قیبلەنمایان فێری ئەوروپییەکان کرد، کە بەکاری بهێنن لە کاتی دیاریکردنی ڕووگەکان لە بواری کەشتییەوانیدا[4].»

(١) سعد البشري: الحياة العلمية، ص٥٦٧؛ سلمى الجيبوسي: الحضارة العربية الاسلامية في الأندلس، بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٩٩م، ص٤١٢.
(٢) أحمد علي الملا: أثر العلماء المسلمين في الحضارة الاوروبية، ص١٧٣ – ١٧٤.
(٣) اسماعيل ياغي: أثر الحضارة الاسلامية على الغرب، ص٩٦.
(٤) اسماعيل ياغي: أثر الحضارة الاسلامية على الغرب، ص٩٧؛ أنور الجندي: الإسلام والحضارة، ص٤٥٦.

## کشتوکاڵ و پیشەسازی

لە بواری کشتوکاڵدا، ئەورووپییەکان زۆر شت لە موسڵمانانەوە فێر بوون کە پێشتر هیچیان لە بارەوە نەدەزانی، وەك سیستمی ئاودێری و، ڕاکێشانی ئاو بۆ زەوییە بەرزەکان بە سیستمی پاڵنانی تایبەت و، هەروەها دروستکردنی بەنداوە ئاوییەکان، ئەمە جگە لە چەندین ڕووەکی نوێ کە لەو بوارەدا چێنران، وەك: نارنج و لیمۆ و قامیشی شەکر و زەیتوون و خورما و فستقی حەلەبی و شووتی و ڕواندنی برنج و لۆکە و کافور و زەعفەران و چەندان ڕووەکی دیکەش.. هتد[١].

کتێبی (الفلاحة)ی (یحیى بن محمد العوام)، کە زانایەکی موسڵمان بووە لە ئەندەلوس لە سەدەی دوانزەی زایینی ژیاوە، پاش وەرگێڕانی؛ کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر بواری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومااڵت، ئەم کتێبە بە هۆی زۆری و بایەخی زانیارییەکانی لەسەر زۆر بواری کشتوکاڵی؛ وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فەڕەنسی و ئیسپانی و ئیتاڵی[٢].

هەروەها لە بواری پیشەسازی، موسڵمانان زۆر زانیاری ناوازەیان پێشکەش کردووە بە ئەورووپا، لە پێشەکیی ئەو زانستانەش؛ شێوازی دروستکردنی وەرەقە، کە لە شارەکانی ڕۆژهەاڵت و ڕۆژئاوای ئیسلامی بە تایبەتی ئەندەلوس زۆر بااڵو بوو، هەروەها پیشەسازیی چنین و ڕستنی فەرش و ئاوریشم و خوری و کەتان و دەرهێنانی شەکر لە قامیشی شەکر، دروستکردنی باروت و دەرزی موگناتیسی... هتد[٣].

(١) بروانە أحمد عیسى: معجم أسماء النبات، القاهرة، ١٣٤٨هـ، ١-٤٠؛ سعد البشري: الحیاة العلمیة، ٥٥٨ - ٥٥٩.
(٢) علي الدفاع: إسهامات المسلمین في علم النبات، ص٢٥١.
(٣) عبدالرحمن حبنكة الميداني: أسس الحضارة الاسلامية ووسائلها، ص١٥٩.

## زانستە مرۆڤایەتییەکان (هونەر و ئەدەب و شیعر و مۆسیقا)

سەرباری بواری زانست و گواستنەوەی شارستانی، ئەورووپییەکان پەیوەست بوون بەوەی هەموو کلتوور و دابونەریتێکی موسڵمانان بۆ خۆیان بەرن، کە ئەم بواره تەنانەت ئەدەب، شیعر و هونەری ئیسلامییشی گرتەوە و، کتێبە ئەدەبی و شیعرییەکانیشیان وەرگێڕایە سەر زمانی لاتینی، یان هاوشێوەی ئەوان کەوتنە لاسایی و نووسینەوە، تەنانەت گەلێ سەرسام بوون بە خەتی عەرەبی، بەو زەخرەفە و جوانکارییەی کە لە نووسینەکاندا بەکاریان دەهێنا لە هونەرەکانی خەتخۆشی و زەخرەفەی ئیسلامی، زۆرێك لە بینای کەنیسەکانیان بە زەخرەفەی ئیسلامی دەڕازاندەوە، کار گەیشتە ئەوەی کە پادشای (مرسیە) کە ناوی (ئوفا) بووە، دراوێك لێبدات کە هەندێکی ئێستا لە مۆزەخانەی بەریتانی پارێزراوە، لەسەر دراوەکە سەرباری ئەوەی ناوی خۆی بە لاتینی دەنووسێت، کەچی لەسەر دراوەکەش هاوشێوەی دراوە ئیسلامییەکان نووسراوە: «لا الە الا اللە، محمد رسول اللە»! ئەمەش بێئاگا لەوەی کە ئەم نووسینە پێچەوانەی ئایینی مەسیحییە و ئەو وەك نەخشێك لێی تێگەیشتووە! یان خاچێك لەسەر شێرێك هەیە لە ئێرلەندا دۆزراوەتەوە کە لەسەر خاچەکە بە خەتی کوفی نووسراوە «بسم اللە»! دیسان ئەمەش نیشانەیەکی دیکەیە لەسەر ئاستی کاریگەری و لاسایی ئەورووپییەکان بۆ شارستانیەتی ئیسلامی، کە تەنانەت هونەرمەندانی ئەورووپی ڕەمزە ئایینییەکانی موسڵمانانیشیان وەك هونەرێکی بەرز زانیوە و هێندە پێی سەرسام بوون؛ بە نەخشونیگاری تێگەیشتوون و وەکو خۆی کێشاویانەتەوە[1].

(١) أحمد أمين: ظهر الإسلام، بيروت دار الكتب العربي، ط٥، ١٩٦٩، ج٣، ص٢٩٩.

دراوەکەی پادشای مرسیە (ئوفا) کە هاوشێوەی دراوە ئیسلامییەکان لەسەری نووسراوە: «لا إله إلا الله، محمد رسول الله»

هەروەها لە بواری هونەری بیناسازییشدا، هونەری بیناسازیی ئیسلامی ڕۆڵێك بەرچاوی هەبووە لە دروستکردنی بینا و تەلارە نایابەکانیاندا، بە تایبەتی لە سەدەکانی ناوەڕاست کە تەواو کاریگەریی هونەری بیناسازی ئیسلامی پێوە بووە و بە هونەری (ئەرابیسك) Arabisque ناسراو بووە، لە نموونەی ئەمانەی تەلاری زانکۆ کۆنەکان لە ئینگلتەرا و چەندانی دیکە کە تەواو کاریگەرە بە هونەری ئیسلامی[1].

هەرچی پەیوەندیی بە هونەری مۆسیقاشەوە هەیە، ئەوا کاریگەریی ئەم هونەرە لە شارستانیەتی ئیسلامی لەسەر ڕۆژئاوا هیچی لەوانی دیکە کەمتر نییە. زانایانی موسڵمان چەندین ئاوازی نوێ و ئامێری موزیك و بابەتی گرنگی ئەو بوارەیان پێشکەش بە ئەورووپا و ڕۆژئاواییەکان کردووە، بۆ نموونە؛ مۆسیقای ئێستای ئیسپانی، تەواو مۆسیقای ئەندەلوسییە، ئەم مۆزیکە تەنها لە ئیسپانیا و پرتوگال نەوەستا، بەڵکوو گواستراوەتەوە بەرەو ئەمەریکای باشوور، ئێستاش ئەورووپاییەکان لە زاراوە و زمانیان زۆر ناوی ئامێری مۆسیقا هەیە کە

(١) م.س.دیماند: کتاب الفنون الاسلامیه، تر. أحمد عیسی، دار المعارف، مصر، ١٩٤٧، ص٩١.

بنەڕەتی بۆ موزیکزانانی موسڵمان دەگەڕێتەوە، لەوانەش: قانون و الطبل و النقارة و القیثارة و الرباب و عود (Timba) (Kanoon) و (Naker) و (Guitar) و (Rebec) و (Luth)[1].

لە ئەنجامی ئەم تێڕامانە خێرایە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە شارستانیەتی ئیسلامی خۆرێکی پرشنگدار بوو بۆ دروستبوونی شارستانیەتی ئەوروپی و ڕۆژئاواییەکان، دواتر هی هەموو جیهان ئەمەش بە شاهێدی خۆیان هەروەك لێی دواین.

لە کۆتایشدا دەمانەوێت تەنها نموونەیەك لەسەر بەرهەمی زانستی نەتەوەی موسڵمان پێشکەش بکەین:

## داهێنەری ئامێری GPS کچە زانایەکی موسڵمان بوو لە شارستانیەتی ئیسلامی

دیارە ئایینی ئیسلام لە وەرگرتنی زانست و لە بایەخ پێدانیدا جیاوازی ناکات لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ، بەڵکو وەرگرتنی زانست لە هەر کامیان بێت بە فەرز و بە گرنگی و بایەخەوە وەسف کراوە، بۆیە ژمارەی ئەو زانا و نووسەر و بیرمەد و مامۆستا و پزیشکانەش کەم نین کە لە ڕەگەزی مێینە بوون و لە شارستانیەتی ئیسلامیدا داهێنانیان کردووە، بەڵام بەهۆی شاڵاوەکانی داگیرکاری خاچ دروشمەکان لە لایەك و شاڵاوی داگیرکاری مەغۆلەکان لە لایەکی دیکە و داهاتنی چەندین فیکر و هزری نامۆ لە جیهانی ئیسلامیدا و تێکەڵبوونی هەندێك بابەتی کلتوری کە دەنگ و ڕەنگی مێینە شاراوەبێت لە کۆمەڵگادا، سەرباری ئەوەی کە ئەمە لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا یەك ناگرێتەوە و زۆرێك لە زانا دیارەکانی شارستانیەتی ئیسلام کە بە نووسەرەوەی (تراجم و سیر) ناسراون لە کتێبەکانیان بەشی تایبەتیان بە کچان و ژنانی ناوداری ناوشارستانیەتی ئیسلامی داناوە، بەڵام هێشتا بەهۆی ئەم هۆکارانەی لێی دواین ئەو

(١) د.عبدالمنعم ماجد: تأريخ الحضارة الاسلامية في العصور الوسطى، ص٢٩٥.

ڕۆڵـە وەك پێویسـت بـەدەر ناکەوێـت و لـە دووتوێـی کتێبـەکان کەمـتر ناویـان هاتـووە، بـە جۆرێـك وا دێتـە بەرچـاو کـە شارسـتانیەتی ئیسـلامی شارسـتانیەتی پیاوانـە و لەسـەر عەقـڵ و هـزر و بـازووی پیـاوان بنیـات نـراوە، کـە لـە ڕاسـتیدا ئەمـە ناحەقیـە و مێینـەش لـەم شارسـتانیەتەدا هاوشـانی پیـاوان لـە بـواڕە زانسـتییەکان جـێ پەنجەیـان دیـارە.

یەکێـك لـەو زانـا گومنـاوە دەگمـەن و بـە بایەخانـەی شارسـتانیەتی ئیسـلامی، کـە لێکۆڵینـەوەی زۆری کـردووە و تایبەتمەنـدی لـە بـواری گەردوونناسـی هەبـووە و چەندیـن داهێنـانی گرنگـی ئەنجامـداوە کچـە زانـای موسـڵمان (مەریـەم ئوسـترلابییان-Maeriam al-Ijliya al Astrulabi) بـووە، ئـەم زانـا موسـڵمانە هێنـدەی لـە لای ڕۆژئاواییـەکان نـاسراوە و تەنانـەت لـە فلیمـە زانسـتیەکانیان نـاوی دەهێنـن و ئامـاژە بـۆ داهێنانـەکانی دەکـەن لـەلای موسـڵمانان نەنـاسراوە[1].

(١) بۆ نموونە بڕوانە فلیمی هەزار و یەك داهێنان (الف اختراع و اختراع).

ئـەم کچـە زانایـە، کـە کچـی زانـای گـەوەی بـواری گەردوونـناسی (ئەبولحەسـەنی کۆشـیاری گەیلانیـی)ە، لـە سـەدەی دەیەمـی زاینـی ژیـاوە و خەڵـکی حەڵـەبی سـوریای ئەمـڕۆ بـووە، بـاوکی کـە زانایـەکی گـەورەی بـواری گەردوونـناسی و بـیرکاری (الریاضیـات) بـووە و شـیکاری چەندیـن زیجـی (خشـتەی ژمارەیـی و دووری و هەروەهـا حسـاباتی تایبـەتی گەردوونـناسی تێـدا تۆمـار دەکرێـت) شـیکار کـردووە، ئەمـە سـەرباری ئـەوەی چەندیـن کتێبـی بـە بایەخـی لـە بواڕەکـەدا هەیـە و کچەکـەشی لای بـاوکی خوێنـدکار بـووە و لەبـەر دەسـتیدا فێـری زانسـتەکان و گەردوونـناسی بـووە[١]، کـە هەردووکیـان وەك سـەدان زانـای دیکـە لەسـەردەم و دەربـاری فەرمانڕەوایـەتی (سـیف الدولـەی الحمـداني م. 356 ك / 966ز)، کـە فەرمانڕەوایـەکی بـاڵای یەکێـك لـە دەوڵەتـە ئیسـلامییەکانی سـەردەمی خـۆی بـووە کاریـان کـردوو[٢]، ئـەم مـیرە بـە ناوبانگـەی میرنشـینی حەڵـەبی ئیسـلامی بۆخـۆی کەسـایەتیەکی زانـا و هەروەهـا ئەدیبێکـی ناوداربـووە و زۆر گرنگـی بـە زانسـت داوە لـە سـەردەمیدا و لـە دەربـاری میرنشـینەکەی چەندیـن زانـای گـەورە لـە سـەرجەم بـواڕەکانی وەك ئەندازیـاری و پزیشـکی و گەردوونـناسی و فەلسـەفە دەرکەوتـوون، کـە خزمەتێـکی گەورەیـان بـە مرۆڤایـەتی کـردووە و شارسـتانیەتی ئیسلامیشـیان چەندیـن هەنـگاوی گـەورە بەرەوپێـش بـردووە، بۆیـە یەکێـك لـە زانـا دیـارەکانی ئـەم سـەردەمەش بـە تایبـەتی کـە لـە بـواری گەردوونناسـیدا کاریـان کـردووە، (کۆشـیاری گەیلانـی) و کچەکـەی (مەریـەم ئوسـترلابی) بـوون[٣].

(١) د. يحيى الشامي: تأريخ التنجيم عند العرب وأثره في المجتمعات العربية والإسلامية، مؤسسة عز الدين للطباعة والنشر، ١٩٩٤، ص٢٣١، ٢٣٢.

(٢) "7060 Al-'Ijliya (1990 SF11)". Minor Planet Center; Salim Al-Hassani. "Women's Contribution to Classical Islamic Civilisation: Science, Medicine and Politics". ; Dodge، Bayard (1970). The Fihrist of Al-Nad□m: A Tenth-century Survey of Muslim Culture p671.

(٣) Unknown, 13th-century author - History of John Skylitzes (Skyllitzes Matritensis (Biblioteca Nacional de España)"Hambdan" (the Hamdanid Emir of Aleppo Sayf al-Dawla) at his court

وێنەی (سيف الدولة الحمداني) لەگەڵ بەشێك لە زانایانی سەردەمی خۆیدا

ئەم خاتوونە موسڵمانە، بە ناوی ئامێری ئوسترلاب (أسطرلاب) ناسراوە، کە ئامێرێکی زۆر گرنگی گەردوونناسی بووە و لە زۆر کۆنەوە بەکار هاتووە بە تایبەتی لای یۆنانیەکان، کە بۆ دیاری کردنی کات و پێگەی بورجە ئاسمانییەکان وەك کۆمەڵەی خۆر و پاشان شوێنی مانگ و هەسارەکان و شەو و ڕۆژ بەکاریان هێناوە، بەڵام نەك بەو شێوازەی کە زانا موسڵمانەکان بەکاریان هێنا و داهێنانیان تێدا کرد و گرنگی زۆریان پێیدا.

لە دیارترین بەکارهێنانەکانی ئەم ئامێرە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا بۆ دیاریکردنی قیبلە بووە، بە تایبەتی کە پێویستە موسڵمانان لە ڕۆژێکدا پێنج جار بە وردی بەرامبەر قیبلە بووەستن و، فراوانی و بەربڵاویی ئایینی ئیسلامیش بە هەموو جیهاندا ئەم پێویستییەی زیاتر کرد.هەروەها ئەم ئامێرە یارمەتیدەرێکی زۆر باشی بواری کەشتیوانی بوو، هەرئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لە سەدەی هەژدەهەم بیر لە تیلسکۆپ بکرێتەوە بۆ دەستنیشانکردنی گەلە ئەستێرەکان و ڕێرەوتی ڕۆیشتن بە بیابان و دەریاکاندا.. هتد.

جگـە لـەوەی ئەرکێـکی دیکـەی گرنگـی ئـەم ئامێـرە لـە لای زانایـانی موسـڵمان بەکارهێنـانی بـوو بـۆ دیـاری کـردنی کاتـەکانی پەرستشـەکان بـۆ نموونـە دیـاری کـردنی سـەرەتا و کۆتایـی مانگـەکان و، هەروەهـا کاتـی نوێـژەکان و کاتـەکانی بـە ڕۆژووبـوون و ڕۆژووشـکاندن و حـەج هەروەهـا کاتی حسـابی دەرکـردنی زەکات.(١)

سـەبارەت بـە ئامێـری "ئوسـترلاب" ئـەوا لـە قاپێکـی کانزایـی پێکدێـت کـە دابـەش کـراوە بەسـەر چەنـد پلەیەکـدا و، بـە دەوری ئـەم پلانـەدا دوو ژمێـرەر دەخولێنـەوە کـە لـە هـەردوو لاوە دوو سـەری تیـژی هەیـە، ئـەم ئامێـرە لـە شـێوەی سـتوونی هەڵـدەواسراو ڕووی دەکرایـە خـۆر، هەرکاتێـک کـە تیشـکی خـۆر بـە دوو سـەرە تیژەکـەدا تێپـەڕ ببوایـە، ئـەوا بەرزیـی هەسـارەکانی دەخوێنـدەوە، لـەو ئاسـتەی کـە ژمێرەرەکـەی لەسـەر دەوەسـتا.

گرنگترین بەشەکانی ئوسترلاب بریتی بوون لە: (أم الاسطرلاب، الحجرة، الصفائح، العنكبوت، العضدة، المحور).

(١) بڕوانـە زریـان حاجـی: ڕەنگدانـەوەی شارسـتانیەتی یۆنـانی لەنـاو شارسـتانیەتی ئیسـلامی لـە سـەردەمی یەکەمـی عەبـاسی، سـەنتەری زەهـاوی بـۆ لێکۆڵینـەوەی فیکـری، ٢٠١٢، ل ١٩٨؛ ماجـد الحمـدان، تاریـخ الأفـكار، إصـدارات السـيبويه للنـشر، ص ١٢٨.

هەروەها دیوی پشتەوەی ئەم ئامێرە دابەش دەبوو بەسەر (360) پلە و یەک لەسەر چواری بازنەدا، کە لەسەر هەندێکیان ناوی بورجەکان و ئاماژە پێویستەکانی کارکردنی تێدا دەنووسرا[1].

بەڵام (مەریەم ئوسترلابی) توانیی داهێنانی گرنگ لەم ئامێرەدا بکات، بە جۆرێك کە هەندێك کەس بە داهێنەری بنەڕەتی ئامێرەکە ناوی دەبەن[2]. سەرەتا هات شێوەکەی گۆڕی، پاشان قەبارەکەی گۆڕی، بەو پێیەی کە بچووك بێتەوە و هەموو کەسێك بتوانێت بە ئاسانی هەڵیبگرێت تا لە هەر کاتێکدا پێویستیان پێی بوو بەکاریبهێنن، بێگومان بۆ ئەمەش پێویستی بە کردارێکی بیرکاری و ژمارەیەکی زۆر ورد و ئاڵۆز هەبوو، بۆیە ئەو داهێنانەی کە (مەریەم ئوسترلابی) کردی بریتی بوو لە ئامێرێکی نوێ کە پێی دەڵێن ئامێری ئوسترلابی ئاڵۆز (الأسطرلاب المعقد)، کە وێنەی ئاسمان و، خۆر و، مانگ و، هەسارەکانی بە وردی و بە گریمانەی زۆر ورد لەسەر کێشرابوون، لە ڕێگەیەوە دەتوانرا کە قیاسی دووریی خۆر و مانگ و هەسارەکان

(١) زریان حاجی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.
(٢) د.ایناس حسني البهجتي: تاريخ أوروبا في العصور الوسطى، مركز الكتاب الاكاديمي، ص١٤٢.

بزانرێت، هەروەها بۆ زانینی کات بەکار دەهات. تەنانەت هەندێك لە زانانکان وەك کاتژمێرێك دەیانخستە گیرفانیان. ئەمە جگە لە حساباتی دووریی ئاسمان لە خۆر و، دیاری کردنی کاتەکانی شەو و ڕۆژ، هەموو ئەمانەش جگە لە ئەرکە سەرەکییەکەی بۆ دۆزینەوەی شوێن و ڕێگە ون نەکردن لەسەر زەوی لە کاتی کەشتیوانی و زۆر بواری دیکەش، هەروەها قیبلەنما و ئەرکەکانی دیکەش، دواجار زاناکانی ڕۆژئاوا لە ئەمڕۆدا توانیان سوودێکی زۆر وەربگرن لە ئامێری ئوسترلابی ئاڵۆز، بە تایبەتی لە بابەتی بەیەکگەیشتنی هەسارەکان و، کاری مانگە دەستکردەکان کە تەواو هاوشێوەی کاری (GPS)ە لە ئەمڕۆدا[1] .

(١) http://josephzeitoun.com/2018/12/المخترعة-السورية-مريم-الاسطرلابي-مخت/

# گرنگیی کتێبخانە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا

مامۆستا هەمزە سەعید شەشۆیی

مامۆستا هەمزە سەعید شەشۆیی
بەکالۆریۆس لە زانستە ئیسلامییەکاندا
نووسەر و وتاربێژ

## دەستپێك

کتێب لە شارستانییەتی ئیسلامیدا وەك بەرهەمی فیکر و، خوانێك بۆ چێژوەرگرتن و، ڕووبەرێك بۆ بە ئەفسوونکردنی ژیان وێنا کراوە.

بۆیە کتێب لە لای موسڵمانان ئەرزش و بەهای جەوهەریی هەبووە، هەمیشە موسڵمانان بە درێژایی مێژوو خزمەتیان بە کتێب و فیکر و مەعریفە کردووە، هەوڵیان داوە خزمەتکردن بە کتێب بکەنە هەنگاوی بونیادنانی شارستانییەت و ڕووبەرێك بۆ نیشاندانی ژیاری ئیسلامی. لەم ڕووەوە وەك گرنگیدان بە سەرچاوەی فیکر و مەعریفە لە هەوڵی بونیادنانی کتێبخانەدا بوون.

هەرچەندە مێژووی کتێبخانە لە شارستانییەتی ئیسلامی کۆنترە، پێش مێژووی زاینی بە چەند هەزار ساڵێك کتێبخانە هەبووە.

بە نموونە «کتێبخانەی لکش» ئەم کتێبخانە کۆنە شوێنەوارەکەی لە عێراق دۆزراوەتەوە لە شاری لکش، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (3200 ــ 2750 پ. ز.)[1].

یان «کتێبخانەی نیبور» کە شوێنی دامەزراندنی دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری بابل لە (3000 ساڵ پ. ز.)[2].

یان کتێبخانەی «میسری کۆن». دیارە تۆمارە مێژووییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن یەکەم کتێبخانە کە دامەزرابێت لە میسری کۆندا بووە. ئەو کتێبخانەیە لە غەززە لە ساڵی (2500 پ. ز.) دامەزرا. هەروەها کتێبخانەکان لەو ناوچە و سەردەمەدا بە شێوەی سەرەکی لە سەردەمی «ڕەمسیسی دووەم» گەشەیان کرد و دامەزران، ئەو پاشادیە لە ساڵی (1250 پ. ز.) خۆی کتێبخانەیەکی دامەزراند[3] .

(١) المكتبات في عصور الإسلامية.. منصور محمد سرحان. مكتبة الفخراوي. الطبعة الأولى. ١٤١٧هـ ـ ١٩٧٧م. ص١٤.
(٢) المصدر السابق. ص١٥.

(٣) المصدر السابق ص١٧.

بەهەر حاڵ کتێبخانە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا چووە قۆناغێکی زێڕینەوە و زۆر بە تەندروستی گەشەی کرد. بە دریژایی شارستانییەتی ئیسلامی چەندین کتێبخانە دامەزران، وەك سەرچاوەی مەعریفە و فیکر و زانست و خوێندن و توێژینەوە.. دامەزراندنی کتێبخانە لە هەموو ناوچە و مەملەکەتەکان و سەردەمە لێك جیاوازەکان بووبوو بە نەریتێکی شارستانی.

بۆیە کتێبخانەکان لە چەند جێگایەکدا دامەزرابوون، چەندین ناوەند و سەنتەری تایبەت و گشتی هەبوون کە مەڵبەندی کۆکردنەوەی کتێب بوون، هەر کەس بیویستایە لە خوێنەر و نووسەر و قوتابیان و خەڵکی ئاسایی، بە ئاسانی کتێبیان دەست دەکەوت.

## جۆرەکانی کتێبخانە

کتێبخانە لە ژیاری ئیسلامیدا جۆری زۆر بووە، ئەم هەمەجۆرییەش دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر گرنگیی کتێب و زانست و توێژینەوەی مەعریفی لە لای زانایانی موسڵمان و قوتابی و توێژەرانی زانستی.

دەتوانین بۆ بەرچاو ڕوونی بەم شێوەیەی خوارەوە کتێبخانەکان لە ژیاری ئیسلامیدا پۆلێن بکەین:

1) کتێبخانەی تایبەت. 2) کتێبخانەی نیمچە تایبەت. 3) کتێبخانەی گشتی .

### 1 ــ کتێبخانەی تایبەت

سەرهەڵدانی کتێبخانەی تایبەت لە ژیاری ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دەوڵەتی ئەموی، هەندێك بڕوایان وایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) و خولەفای ڕاشیدین، بەڵام بە شێوەیەکی دروست دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەمەوییەکان کە لەسەر دەستی خالیدی کوڕی یەزیدی کوڕی معاویە دامەزرا[1].

(١) المصدر السابق ٧٢.

هەروەها زانایان و خوێندەواران و کەسایەتییەکان خاوەن پەرتووکخانەی تایبەت بوون، لە ماڵەوە یان لە قوتابخانەکانیان دایاندەنا. زۆرن ئەوانەی کە لە مێژوودا کتێبخانەی تایبەتیان هەبووە، لەوانە عەبدوڵای کوڕی عەباس و خەلیفە موستەنصر و فەتحی کوڕی خاقان و داودی کوڕی نەصیری تائی و سوفیانی سەوری و واقیدی و کیندیی فەیلەسووف و ئەبوو بەکری ئەنباری و ئیبنولحەزمی ئەندەلووسی و... هتد[1].

## 2 ــ کتێبخانەی نیمچە تایبەت، یان تایبەتیی گشتی

ئەم جۆرە کتێبخانانە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا زۆر بوون و، بە هەموو ئەو ناوەند و جێگایانە وتراوە کە کتێبی تێدا کۆ کراوەتەوە و، وەك ناوەندێکی سەربەخۆ و گشتیش دەرکەوتووە. دەتوانین لەم چوارچێوەیەدا ئاماژە بە کتێبخانەی مزگەوت و قوتابخانەکان بدەین. لە مێژووی ئیسلامیدا چەندین مزگەوتمان هەیە کە کتێبخانەی سەربەخۆیان هەبووە، وەکو مزگەوتی «ئەزهەر» لە میصر و مزگەوتی «قەیرەوان» لە مەغریب.

دەرگای ئەم کتێبخانانە بۆ هەموو ئەوانەی کە پەیوەست بوون بە کتێب و توێژینەوە و خوێندن و فێربوونەوە، لەسەر پشت بوون. زیاتر ئەوانە سوودیان لێ بینیوە کە پەیوەست بوون بە مزگەوتەوە، بەڵام ئەوانەی دوور لە مزگەوت بوون وەك گاوەکان و جوولەکەکان، یان پێکهاتە و خاوەن فیکر و بیروباوەڕە سەربەخۆکان، کەمتر دەکرێت ڕێیان کەوتبێتە مزگەوت بۆ وەرگرتنی کتێب و سەرچاوەکانی مەعریفە و فیکر بەڵکو ئەوانیش سوودیان لە کتێبخانەی تایبەت بە خۆیان وەرگرتووە.

یان قوتابخانەکان کتێبخانەی سەربەخۆی تایبەت بە خۆیان هەبووە، کتێبخانەکانیان پەیوەست بوون بە خوێندکار و مامۆستا و

(١) المصدر السابق ٧٢.

توێـژەران، ئـەو کتێبخانانـە گشـتی نەبـوون هەتـا هەمـوو پێکهاتەکانـی کۆمەڵـگا سـوودمەندی سـەرەکی بووبێـتن، بۆیـە دەڵێیـن گشـتیی تایبەتـی بـوون.

## 3 ــ کتێبخانەی گشتی

ئـەم جـۆرە کتێبخانانـە بـە گرنگییەکـی زۆرەوە هەوڵـی دامەزراندنیـان درا، بـە تایبـەت لـە ناوەنـدی شـارەکاندا، هەمـوو جۆرێـك لـە کتێبـی تێـدا پارێـزرا. بـە ملیۆنەهـا پەرتـووك لـە هەمـوو بوارەکانـی زانسـتیدا لـەو کتێبخانانـەدا کـۆ کرانـەوە، هـەر لـە زانسـتی شـەرعییەوە بگـرە هەتا زانسـتە مرۆییـەکان و لـە بـواری گەردوونزانـی و زانسـتی تایبـەت بـە دەریـاکان و بـە زەویناسـی و پزیشـکی و ڕووەکناسـی و دەرمانسـازی و ئاژەڵناسـی و ئـەدەب و هونـەر و فیکـر و فەلسـەفە و ماتماتیـك و کیمیـا و بیۆگرافیـا و مێـژوو و جوگرافیـا و... هتـد.

کەواتـە دامـەزراوەی کتێبخانـەی گشـتی لـە ژیـاری ئیسـلامیدا، بـووە ناوەندێـك بـۆ پاراسـتنی کەلەپـووری زانسـتی بـە سـەرجەم بوارەکانیـەوە.

ئـەو کتێبخانانـەی دامـەزران لـە هـەر قۆناغێکـی شارسـتانییەتی ئیسـلامیدا زۆر بـوون، لەوانـە کتێبخانـەی «قورتوبـە» لـە ئەندەلـوس و، «بەیتولحیکمـە» لـە بەغـداد و، «دارولعیلـم» لـە تەرابلوسـی لوبنـان و، «دارولحیکمـە» لـە میـصر، هەروەهـا چەندیـن کتێبخانـەی گشـتیی تـر بـە درێژایـی شارسـتانییەتی ئیسـلامی دامـەزران لـە سـەردەمە جیاوازەکانی دەسـەڵاتیدا[1].

(١) مـاذا قـدم المسـلمون للعـالم. دكتـور. راغـب السرجـاني. مؤسسـة اقـرأ. الطبعـة الخامسـة ١٤٣١هــ. ٢٠١٠م . ص ٢٢٤.

## کتێبخانە ناوازەکەی بەغداد

بەیتولحیکمە

یەکێکە لە گەورەترین کتێبخانەکانی شارستانییەتی ئیسلامی کە بۆ سەدان ساڵ خزمەتی کرد و، وەك ناوەندێکی زانستی و مەعریفی و سەرچاوەیەکی گەورەی بڵاوکردنەوەی فیکر و زانست و وەرگێڕان ڕۆڵی بینی. ئەم دامەزراوە گەورەیە کە ناوی (بەیتولحیکمە)یە لەسەر دەستی خەلیفەی عەباسییەکان (هاروونە ڕەشید) دامەزرا. ئەو خەلیفەیە زۆر بە تامەزرۆییەوە ئەو کتێبخانە دانسقەی لە شاری بەغداد دامەزراند[1].

شایانی ئاماژە پێدانە پێش هاروونە ڕەشید (ئەبو جەعفەری مەنصور)یش زۆر دۆستی کتێب و زانست و حیکمەت بوو، خۆشەویستییەکی تایبەتیی بۆ کتێب هەبوو لە هەموو بوارەکاندا.

بۆیە زۆر گرنگیی دا بە وەرگێڕانی کۆمەڵێك کتێبی تایبەت بە بوارەکانی ئەستێرەناسی و گەردوونناسی و ئەندازیاری و ئەدەب و فیکر و فەلسەفە و... هتد. بۆ هەمان مەبەست لە کۆشکەکەی خۆیدا کتێبخانەیەکی گەورە و فراوانی بونیاد نا.

کاتێك (هاروونە ڕەشید) بوو بە خەلیفە و دەسەڵاتی گرتە دەست، بڕیاری دا کە کتێبخانەیەکی گەورە دروست بکات و هەموو ئەو کتێبانەی ئەبو جەعفەری مەنصوور کۆی کردبوونەوە لە کتێبخانە تازەکە جێگایان بۆ بکاتەوە. بۆیە کتێبخانەیەکی گەورەی گشتیی دامەزراند و ناوی نا «بەیتولحیکمە» خستیە خزمەت زانایان و قوتابیان و توێژەران و خەڵکی بە گشتی[2]. ئەم کتێبخانەیە هەموو بەشەکانی

(١) المكتبات في الحضارة العربية الاسلامية. اعداد الدكتور ربحي مصطفى عليان. الطبعة الاولى ١٤٢٠هـ ـ ١٩٩٩م ) دار صفا: عمان. ص١٤٦.
(٢) ماذا قدم المسلمون للعالم. ص٢٢٦.

زانستی مرۆڤایەتی لە کتێب و نووسین لەخۆ گرت، لە پەرتووکی زانستە شەرعییەکان و ئەدەب و هونەر و فەلسەفە و گەردوونناسی و جوگرافیا و مێژوو و ئاژەڵناسی و زەویناسی و ڕووەکناسی و پزیشکی و دەروونی و بیۆگرافی و زیندەوەرزانی و... هتد.

بە شێوەیەك خزمەت بەو پڕۆژە زانستییە کرا کە لە چەندین زمانی تری دونیاوە کتێبەکانیان وەردەگێڕرانە سەر زمانی عەرەبی، بۆ ئەم مەبەستە چەندین وەرگێڕیان تەرخان کرد کە شەووڕۆژ خەریکی وەرگێڕانی کتێبەکان بوون لە زمانەکانی تری دونیاوە.

کۆمەڵێك کەسی تر ڕاسپێررابوون کە کۆپی و لەبەرگرتنەوەی کتێبەکان لە ئەستۆ بگرن، بۆ ئەوەی پەرتووکەکان زیاد لە نوسخەیەکیان هەبێت. هەتا لە بەغداد وای لێ هات سەد ناوەند و شوێن و جێگا دامەزرابوون کە کۆپیی کتێبەکانیان کردبوو بە پیشە. بە مانایەکی تر ناوەندی (بەیتولحیکمە) لە سەردەمی هاروونە ڕەشیددا لە کتێبخانەی ئاسایی دەرچوو، بەڵکو بوو بە ناوەند و دامەزراوەیەك بۆ توێژینەوەی زانستی و، وەرگێڕان و، بەرهەمهێنانی کتێب و، کۆپیکردن و، بەرگتێگرتن بۆ پارێزگاری لە پەڕاوەکان.



کتێبخانەی «بەیتولحیکمە»

«بەیتولحیکمە» لە دواجاردا زیاد لە ئەرکێکی هەبوو، وەك ناوەندێکی زانستی دەناسرا، هەروەها وەك ناوەندی چاودێریکردنی ئەستێرەکان و گەردوون سەیر دەکرا، لەگەڵ ئەوەدا کتێبخانەیەکی گەورەی دانسقە بوو کە دووبارەبوونەوەی ئەستەمە[١]. ئەو ناوەندە خاوەنی سەدان کارمەند بوو کە خزمەتگوزارییان پێشکەش دەکرد، لەگەڵ کۆمەڵێك کارمەندی تر کە پەرتووکەکانیان کۆپی دەکرد، کۆمەڵێك وەرگێڕیش کە پەرتووکیان لە زمانەکانی تری دونیاوە وەردەگێڕا[٢].

ئەم ناوەندە زانستییە سەرەتای دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ دەستبەکاربوونی عەباسییەکان لە (135ك 758ز هەتا ساڵی 656ك) کە بەغداد لەسەر دەستی تەتەرەکان داگیرکرا، ئەو کتێبخانە دانسقە و ناوازەیە تیاچوو ،کە بۆ ماوەی زیاد لە (500 ساڵ) لە لایەن (32 خەلیفە)ی عەباسییەکانەوە گەشەی پێ دەدرا و خزمەتیان دەکرد.

## کتێبخانە تایبەتەکەی قورتوبە

سەردەمی ئەندەلوس لە مێژووی ئیسلامیدا بە یەکێك لە هەرە سەردەمە ئاڵتوونییەکان دادەنرێت، چونکە زانست و پێشکەوتن و داهێنان لە چڵەپۆپەدا بوون. یەکێك لەو کارە گەورە و ناوازانەی کە لەو سەردەمەدا کرا و دەسەڵاتدارانی ئەندەلوس پێی هەستان دامەزراندن و بونیادنانی کتێبخانەی قورتوبە بوو.

کاتێك (الحکم المستنصر بالله بن عبدالرحمن) بوو بە خەلیفە و دەسەڵاتی گرتە دەست لە ساڵەکانی (350 ـ 366ك/ 961 ـ 976ز) کتێبخانەی قورتوبە دامەزراند و پارەیەکی زۆری بۆ تەرخان کرد و لە هەموو لایەکەوە کتێبی بۆ کۆ کردەوە[٣].

---

(١) جولة تأريخية في مكتبة قرطبة الأموية بالأندلوس. Rehlatandalusia.com

(٢) المصدر السابق.

(٣) المكتبات في عصور الإسلامية. ص٦٤.

خەلیفە هەوڵی دا ئەو کتێبخانەیەی دایمەزراندبوو زۆر نایاب بێت، بۆیە زۆر بە بوێرییەوە پارەی بۆ کڕینی کتێب بۆ دابین کرد، بە جۆرێك چەندین نووسەر کتێبیان نووسی تایبەت بە کتێبخانەکە، هەروەها چەندین پەرتووکیش کۆپی کران بۆ هەمان مەبەست.

خەلیفە حەکەم زۆر تامەزرۆی خوێندنەوەی کتێبەکان بوو، بە جۆرێك عاشقی خوێندنەوە بوو هەتا هەندێك دەڵێن کە زۆرێك لە کتێبە دانسقە و ناوازەکانی ناو ئەو کتێبخانەکەی خوێندبووەوە و، سەرنج و تێبینیی لەسەر نووسیبوون. هەروەها هۆگری ڕێکخستن و جیاکردنەوەی کتێبەکان بوو، بە جۆرێك هەموو بوار و بەشەکانی لە یەکتر جیا کردبووەوە. بە کە زانستیی شەرعی و تەفسیر و فەرموودە و زانستەکانی زمان و فیکر و فەلسەفە و ئەخلاقییات و ماتماتیك و ئەدەب و هونەر و زەویناسی و گەردوونناسی و پزیشکی و... هتد.

ئەو خەلیفەیە بۆ خزمەتکردن بە پەرتووکەکان، کۆمەڵێك خەڵکی تایبەتی دامەزراندبوو کە شارەزایانە کاریان دەکرد بۆ زیاتر ڕازاندنەوەی کتێبەکان و بەرگ تێگرتنیان و زەخرەفە و کێشانی وێنەی جوان و تایبەت لە سەریان. هەروەها لەسەر نووسین و بە جوانتر دەرخستنی کتێبەکان بە ڕێنووس و خەتی تایبەت، یان پیت و نووسینەکانیان بە ئاوی ئاڵتوون دەڕازاندنەوە، هەتا سەرنجڕاکێش بن.

ئەو کتێبخانە ناوازەیە جیاواز و تایبەت بوو، ژمارەی کتێب تیایدا سەدان هەزاری تێپەڕاند. هەتا (ئیبن خەلدوون) دەڵێت: «لەو کتێبخانەیەدا (400 هەزار کتێب) کۆ کرابووەوە لە هەموو بابەت و زانستێکدا». تەنها کۆکردنەوەی شیعر و دیوانی شاعیران و ژمارەی فەرهەنگەکانی کتێبخانەی ئەلحەکەم و ناوی دیوانە شیعرەکان 44 فەرهەنگ بوون. هەموو فەرهەنگێکیش ژمارەی لاپەڕەکانی بیست لاپەڕە بووە[1].

(١) جولة تأريخية في مكتبة قرطبة الاموية بالأندلوس. Rehlatandalusia.com

کتێبخانەی «قورتوبە»

کتێبخانەکان لە ئەندەلوسدا تەنها لە قورتوبەدا نەبوو، بەڵکو کتێبخانەکان لە تەواوی شارەکانی ئەو مەملەکەتەدا بڵاو بوونەوە و هەموو شارێك خاوەن کتێبخانەی تایبەت بە خۆی بوو، وەك غەرناتە و ئیشبیلیە و مولاقە و... هتد.

هەموو ئەو کتێبخانانەی لەو وڵات و شارانەدا دامەزران گشتی بوون بۆ تەواوی پێکهاتە و چین و توێژەکانی کۆمەڵگە. لەگەڵ ئەوەدا کتێبخانەی تایبەتیش زۆر بوون کە ئەدیب و زانایان و فەیلەسووف و خوێندەواران لە مااڵ و قوتابخانەکانیان دایانمەزراندبوون.

کتێبخانە لە ئەندەلوسدا دیوی ڕاستەقینەی شارستانییەتی ئیسلامیی دەردەخست، چونکە ئەو سەردەمە زێڕینە سەردەمی بیرکردنەوەی دروست و زانیاری و داهێنان و گەشەکردنی عەقڵ بوو.. سەردەمی وەرگێڕان و فێربوون و کردنەوەی قوتابخانە و زانست بوو[1].

## تراژیدیای کتێبخانەکان

لە شارستانییەتی ئیسلامیدا کتێبخانەکان چۆن چرکەساتی دامەزراندنیان و بونیادنانیان هەبووە.. چۆن لە مێژوودا وەك چرایەکی ژیاری داگیرسان.. چۆن وەك سپێدەی پێشکەوتنی مەعریفی و

(١) سوودم لەم سەرچاوەیە بینیوە: المكتبات في عصور الإسلامية.

ڕۆشنبیری و داهێنان و شارستانییەت دەرکەوتن، ئاواش ئەو کتێبخانانە بوونە خاوەنی چرکەساتی تراژیدی و ساتی تیاچوون.. ئاواش ئەو ژیارەی ئەو کتێبانەی بەرهەم هێنا لە تەڵزگەی دڕندەیی و عەقڵی تاریکی دۆگمادا بۆ هەمیشە خنکێنران وسووتێنران..

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەینەوە، تێ دەگەین و دەبینین کە چۆن جەلادەکانی هەتکردنی زانست و مەعریفە گۆڕیان بۆ کتێبەکان هەڵکەندووە. تێ دەگەین کە چۆن سەروەتی هەزر و ڕۆشنبیری و توراسی نووسین و کتێبەکان، تووشی چ چارەنووسێکی تاریك بوون.

چرکەساتی تێکەڵکردنی خوێن و مەرەکەبی کتێبەکان و لەسێدارەدانی زانایان و پێنووسەکانیان؛ بە نووکی ڕم و تیخی تیژی شمشێر و تیری کەوانی دواکەوتوویی ئەو جەنگاوەرانەی کە لە تاریکییەوە هاتبوون.

سەرنج بدەن زیاتر لە (500 ساڵ) کاتی سەرفکرا بۆ گەورەترین کتێبخانە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە شارستانییەتی ئیسلامی دایمەزراند، بەڵام تەتەرەکان لە چەند ڕۆژێدا هەرچی لەو شارستانییەتەدا بوو لە نووسین و کتێب و سەروەتی مەعریفی، سووتاندیان و کردیان بە تۆزی بابردوو.

وەك لە پێشدا ئاماژەمان بۆ کرد کتێبخانەی «بەیتولحیکمە» لە بەغداد لەسەر دەستی هاروونە ڕەشید دامەزرا. ئەو کتێبخانەیە بە گەورەترین کتێبخانە لەسەر زەوی هەژمار کرا و، لە هەموو زانستێکدا کتێبی لەخۆ گرتبوو، لە هەرچی زمانی دونیاوە گەر بەردەست بووایە و وەرگێڕ هەبووبێت کتێبەکانیان وەردەگێڕدران بۆ سەر زمانی عەرەبی.. وەك فارسی و تورکی و یۆنانی و هیندی و زمانەکانی تریش.

بەڵام ئەفسوس وەك ئاماژەمان بۆکرد لە دوای ئەوەی تەتەرەکان دەست بەسەر بەغدادا دەگرن دەست دەکەن بەکوشتنی خەڵك، وەك سەرچاوە مێژووییەکان بۆمان دەگێڕنەوە (یەك ملیۆن) کەس دەکوژن.

هەروەها دەست دەکەن بە تاڵانی و کاولکاری، یەکێک لەو تراژیدیایەی لە بەغداد لەسەر دەستی تەتەرەکان ڕووی دا؛ کۆتایی هێنان بوو بە سەروەتی مەعریفی و نووسین و وەرگێڕانی (٥٠٠ ساڵ)ی کتێب کە کۆکرابوونەوە لە کتێبخانەی «بەیتولحیکمە»دا.

تەتەرەکان دەستیان کرد بە سووتاندن و گواستنەوەی کتێبەکان، وەك سەرچاوەکانی مێژوو باسی دەکەن خەڵك وایاندەزانی ئەو کتێبانە دەگوازنەوە بۆ «قەراقورم» کە پایتەختی تەتەرەکان بوو، بۆ ئەوەی سوودی لێ وەرگرن. چونکە ئەوان تازەکی لە سەرەتای قۆناغی شارستانییەتیدا بوون. گومان دەبرا بە هۆی ئەوەی کە ژیاری موسڵمانانیان بینیبێت، ئەوانیش ئارەزوویان لە بیناکردنی جۆرێك لەو شارستانییەتە بووبێت. بەڵام ئەفسوس ئەوان گەلێکی ناشارستانی و دڕندە بوون، جگە لە کاولکاری و خوێنڕشتن و داگیرکاری شتێکی تریان نەدەزانی، نە خوێندەوار بوون و نە دەشیانویست فێر ببن و شارستانییەت بونیاد بنێن.

هەرچی کتێب هەبوو لە کتێبخانەی «بەیتولحیکمە» و جێگاکانی تری بەغداد، هەموویان کۆ کردەوە و دەیانخستە ناو ڕووباری دیجلەوە، بە جۆرێك ڕەنگی ئەو ڕووبارە گۆڕابوو، وەك باس دەکرێت لە خوار ئەو ڕووبارەوە بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ نەدەتوانرا ئاوی لێ بخورێتەوە، چونکە تام و ڕەنگی ئاوەکە گۆڕابوو!

وەك دەوترێ ئەوەندە کتێبیان خستبووە ناو ڕووبارەکە، پردیان پێ دروست کردبوو، کە دەتوانرا ئەمبەر و ئەوبەر بە پیادە و بە سواری ئەسپ بەسەریدا مرۆڤ بپەڕێتەوە!

تراژیدیای سووتان و لەناوبردنی کتێب دژی شارستانییەتی ئیسلامی دریژەی هەبووە لە مێژوودا، کە خاچپەرستەکان لە ئەندەلوسدا لە کتێبخانەی قورتوبە و غەرناتەدا کاتێك دەستیان بەسەردا گیرا، تەنها لە مەیدان و ناوچەیەکی گشتیدا یەك ملیۆن پەرتووکیان بە یەکەوە

سووتاند! ئەوە جگە لە کتێبخانەکانی «تەلیتیلە و ئیشبیلیە و ڤالەنسیا و سەرەقەستە» و جگە لە ئەوانیش.

تۆمارکردنی مێژووی تاریك دژی کتێب و ژیاری ئیسلامی درێژەی هەبووە، بە جۆرێك لە شامیش کتێبخانەی تەرابلوسی لوبنانیان سووتاند کە (٣ ملیۆن) پەرتووکی تێدا بوو. لە فەلەستین کتێبخانەکانی غەززە و قودس و عەسقەلان بە هەمان دەرد بران.

لە دوای ئەو تیرۆرە مەعریفەیەی کتێبخانەکانی گرتەوە، ئەو نەزعە تاریك و کلتوورە درندەییە هەر لە برەودانِدا بوو، بە جۆرێك لە (سەدەی ١٩) خاچپەرستەکان هێرشێکی تریان هێنایە سەر کتێبخانە و سەروەتی فیکری و مەعریفییەی کە و توراسی نووسین و پەرتووکەکان، بەڵام بە سووتان و لەناوبردن نا، چونکە ئەم نەوە تازەیەی کە لە (سەدەی ١٩)دا هێرشی کرد زۆر هۆشیار و وریا بوون، پێویستیان بەو سەروەتە فیکری و مەعریفییە هەبوو کە زانا موسڵمانەکان شارستانییەتی خۆیان لەسەر هەڵچنی بوو.

بۆیە ئەمجارە وەك وتمان کتێبەکانیان نەسووتاند، بەڵکو هەموویان دزی و بردیانن بۆ ڕۆژئاوا و کتێبخانە و جێگا مێژوویییەکانی خۆیان پێ دەوڵەمەند کرد.

ئەمێستا بەشێکی زۆر لە نووسین و کتێبە دەستخەتەکانی زانا موسڵمانەکان لە هەموو بواریکی زانستیدا لە کتێبخانەکانی بەریتانیا و ئەڵمانیا و هۆڵندا و بەلجیکا و ئیسپانیا و فەرەنسا و ئیتالیا و... هتد، پارێزراون. دەبێت جارێکی تر بە کۆپیکراوی موسڵمانان دەستیان پێیان بگاتەوە، گەر ویستیان توێژینەوەیان لەسەر بکەن و هەوڵی چاپکردنیان بدەن[1].

(١) قصة التتار، من البداية.. إلى عين جالوت، د. راغب السرجاني، (ص١٣٩ _ ١٤٢)، المكتبات في عصور الإسلامية. ص٦٦) المغول وحرق مكتبة بغداد، راغب السرجاني، arab.afli.org).. أحرقت ملايين الكتب.. هل ضيعت الحروب التراث الإسلامي؟ حسين السنوسي. Shbabbek.com

# ڕەهەندی مرۆڤبوون لە پزیشکیی ئیسلامییدا

د. دیاری ئەحمەد ئیسماعیل قەساب

د. دیاری ئەحمەد ئیسماعیل قەساب
پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە نەشتەرگەری، کۆلێجی پزیشکی، زانکۆی سلێمانی
diaryismaeil@yahoo.com

سەرەتا ئایا شتێك هەیە بە ناوی «پزیشکیی ئیسلامی»یەوە، تا لە ڕەهەندەکانی بکۆڵینەوە؟! لەڕاستیدا خاوەندارێتی زانستە ئەزموونییەکان بۆ هەموو مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە، بەو واتایەی هەموو ژیارەکان شوێندەستی خۆیان لە بونیادنانی قەڵای زانستەکاندا هەبووە، لەوانەش زانستی پزیشکی. ئەگەر هیپۆکرەیت (460-357پ.ز) بە باوکی پزیشکی بناسرێت، هاوکات یۆنانییەکان خۆشیان سوودمەندبوون لە پزیشکیی ژیارەکانی پێش خۆیان، وەک میسرییەکان و بابلییەکان.

شایانی باسە، بابلییەکان وەک سزایەکی خودایی دەیانڕوانییە نەخۆشی، کە بەهۆی گوناهەکانیانەوە تووشی دەبن، هەر بۆیە کاتێک کاهینەکان یان جادووگەران ئەگەر هەر هەڵەیەکیشیان بکردایە لەکاتی چارەسەرکردنی نەخۆشەکاندا کەس بۆی نەبوو لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات، هاوکات ئەگەر نوژدارێک هەڵەی بکردایە لەکاتی ئەنجامدانی هەر نەشتەرگەرییەکدا دەبووایە سزا بدرایە، چونکە بە دەستی خۆی کارەکان ئەنجام دەدات، نەک بە هێزی جادوو وەک کاهینەکان! ئەوەش لە شەریعەتی حامۆرابیدا بە ڕاشکاوی ئاماژەی پێ دراوە[1].

هەروەها لای میسرییە کۆنەکانیش - لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە دیارەی کە هەیانبوو لە مۆمیاکردنی مردووەکان و چارەسەرکردنی چەندین نەخۆشی - پێیان وا بوو کە نەخۆشی بەهۆی ئەو گیانە شەڕانگێزانەوەیە کە دەچنە نێو لاشەی مرۆڤەوە، بۆیە بە بەکارهێنانی جادوو و نووشتەوە هەوڵیان داوە ئەو گیانە شەڕانگێزانە دەربکەن، تەنانەت بەکارهێنانی دەرمانیش وەک هۆکاری یارمەتیدەر بووە بۆ دەرکردنی ئەو گیانە شەڕانگێزانە[2]..

(١) قصة العلوم الطبية في الحضارة الإسلامية، د. راغب السرجاني، مؤسسة اقرأ للنشر والتوزيع والترجمة-القاهرة، ط١، ١٤٣٠هـ-٢٠٠٩م، ص٢٤. لە کتێبی: في تاريخ الطب في الدولة الإسلامية، عامر النجار، دار المعارف-مصر، ط٣، ١٩٩٤م.
(٢) قصة العلوم الطبية، ص١٦. لە کتێبی: رواد علم الطب في الحضارة الإسلامية، علي بن عبد الله الدفاع، مؤسسة الرسالة، ط١، ١٩٩٨م.

ئاشکرایە کە چینییەکانیش شوێندەستیان لە پێشخستنی ڕەوڕەوەی زانستی پزیشکیدا دیارە، کە شارستانییەکەیان بۆ هەزاران ساڵ لەمەوپێش دەگەڕێتەوە، لە بەکارهێنانی دەرمانی ڕووەکی و دەرزی ئاژنین. هیندیەکانیش، بە هەمان شێوە، بەشداریی خۆیان هەبووە لەو بوارەدا.

هەریەکێک لەو میللەتانە، بە جۆرێک لە جۆرەکان، کەم تا زۆر، ڕاست یان هەڵە مۆڵێکی خستۆتە سەر خەرمانی ئەم زانستە!

بێگومان بە تێپەڕبوونی کات و زیادبوونی زانیارییەکانی مرۆڤ زانستی پزیشکی و بەکارهێنانەکانیش بەرەوپێش چوون. جاری واش هەبووە لە هەندێک پراکتیکدا ڕەهەندی بەمرۆڤبوون لاواز بووە، یان زۆر ڕوون نەبووە، بۆ نموونە وەک قۆرخکردنی فێربوون و پراکتیککردنی پزیشکی لەنێو چەند خانەوادەیەکدا، ئەوەش لەناو یۆنانییەکاندا بەدیکراوە و، بە میراتی بۆیان دەمایەوە، وەک ئەوەی کە هەرخۆیان خاوەنی بن.. تەنانەت خەڵکی سادە وەک پاڵەوان بۆ پزیشکەکانیان دەڕوانی، تا هیپۆکرەیت هات و توانیی ئەو دۆخە بگۆڕێت و، هانیان بدات کە گرنگی بە لێکۆڵینەوە بدەن، لەسەر بنەمای زانستی.

زانا موسڵمانەکان زۆر سوودیان لە نووسراوەکانی جالینۆس (130-200ز) وەرگرتووە و کتێبەکانی ئەویان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. جالینۆس پزیشکێکی بەڕەچەڵەک یۆنانییە و لە سەردەمی ڕۆمانەکاندا ژیاوە.

خەلیفەکانی دەوڵەتی ئەمەوی، پزیشکە ڕۆمانیەکانیان دەهێنا بۆ وڵاتی موسڵمانان و، سوودیان لێ وەردەگرتن و، هەر زوو موسڵمانان زانستەکانیان لێ وەرگرتن. هەروەها موسڵمانان لەو وڵاتانەی کە بەهۆی فتووحاتەوە چووبوونە ناوی، بە زانستی پزیشکیی ئەو میللەتانە ئاشنا بووبوون. بەڵکو موسڵمانان ڕۆڵێکی گەورەیان لە پاراستنی ئەو میراتە مرۆییەی زانستی پزیشکیدا بینیوە، بەهۆی وەرگێڕانی کتێبەکانیان لە زمانەکانی فارسی و یۆنانییەوە.. تاد.

سەرەڕای ئەمانە، زانا موسڵمانەکان شێوازی ئەزموونکاری و تێبینیکردن و ڕامان و گریمانەکانیان پیادەکردووە، کە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بووە و، وەرەچەرخانێکی گرنگی لە زانستی پزیشکیدا هێنایەکایەوە، ئەوەش لەڕێی تاقیکردنەوەی ڕێگاچارەی جیاواز و، نووسینەوەی تێبینییەکان و، ڕەچاوکردنی توێژینەوەی زانستیی ڕاستەقینە لە بەدوواداچوون و هەوڵدان بۆ لێکدانەوەی ئەو تێبینییانەی کە لە چارەسەر و ڕێڕەوی نەخۆشییەکاندا بەدییان دەکرد.

بۆ نموونە، ڕازی (864-923ز)، کە یەکێکە لە زانا گەورەکانی بواری پزیشکی، بە خوێندکارەکانی دەڵێت: «لەکاتی تێکگیرانی زانستە باوەکان و ئەو واقیعە زانستییەی کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، دەبێت قبوولّی واقیعە زانستییە دۆزراوەکە بکەین، تەنانەت ئەگەر زۆرینەی خەڵکیش شوێنی بیردۆزە بەناوبانگەکانی پێش خۆیان بکەون»[1].

هەر لەم سۆنگەیەوە، پزیشکە موسڵمانەکان تەنها پشتیان بە دەرمان و ئامێرە پزیشکییە کۆنەکان نەبەستووە، کە لەو سەردەمانەدا لای یۆنانییەکان و فارسەکان و ئەوانی تریش، باو بوون، بەڵکو چەندین هۆکار و دەرمان و ئامێری نوێی پزیشکییان لە چارەسەرکردندا داهێناوە و، چەندین نەشتەرگەریان ئەنجام داوە، بۆ نموونە ئەبولقاسمی زەهراوی (936-1013ز) چەندین ئامێری نەشتەرگەریی داهێناوە، کە بۆ چەندین سەدە بەکارهێنراون، بەڵکو هەندێکیان زۆر لە ئامێرە نوێکان دەچن، کە دوور نییە زانایانی دوای خۆی سوودیان لێ بینیبێت و پەرەیان پێ دابێت، وەک لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (التصریف لمن عجز عن التألیف) باسی لێوەکردوون و وێنەشی بۆ کێشاوون.

(١) قصة العلوم الطبية، ص١٦. لە کتێبی: عيون الأنباء في طبقات الأطباء، ابن أبي أصيبعة، تحقيق: عامر النجار، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠١١.



لێرەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە دەگونجێت بەشانازییەوە ناونیشان و ناوەڕۆکی «پزیشکیی ئیسلامی» بە ڕوونی باس بکەین!

هەروەک چۆن ئیسلام ئایینی ڕەحمەت و چاککاریی و ئاوەدانکارییە و، مرۆڤ لەو ئایینەدا ڕێزلێگیراوە ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ﴾ (الإسراء: ٧٠). بەڵکو یەکێک لە پێنج بنەما سەرەکییەکانی ئامانجەکانی شەریعەت بریتییە لە «پاراستنی نەفس» (خودی کەسەکان). بۆیە زانستی پزیشکیش پشکێکی باشی لەو مرۆڤبوونە بەرکەوتووە. سەرەتا پێغەمبەر (ﷺ) ڕێنمویی ئوممەتەکەی دەکات کە لەسەر بنەمای زانست و ڕۆشنگەریی چارەسەری نەخۆشی بکەن و، دەبێت بزانن کە هەر نەخۆشییەک هەبێت - کە هەمووی لەلایەن خوداوەیە - دەبێت چارەسەریشی هەبێت، بەڵام ئەوە مرۆڤە پەی پێ نابات، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: «إن الله لم ينزل داء إلا أنزل له دواء، علمه من علمه وجهله من جهله»[1]، بۆیە دەبێت هەمیشە موسڵمانان لە هەوڵدا بن بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و کەمکردنەوەی ئازارەکانی مرۆڤ.. هەر لەسەر ئەو بنەمایەشە کە پێغەمبەر (ﷺ) هانی پسپۆڕییەکانی دەدا، ئەوەتا کاتێک یەکێک لە هاوەڵان بریندار

(١) ابن حبان: كتاب الطب (٦٠٦٢)، وأحمد (٤٢٦٧)، والحاكم (٧٤٢٧).

دەبێت، دوو پیاو لە «بەنی ئەنمار» هاتن بۆ چارەسەرکرنی، کاتێک کە سەیری بریندارەکەیان کرد، پێغەمبەر (ﷺ) لێی پرسین: «أيكما أطب؟» (کامتان لە پزیشکیدا شارەزاترە؟)[1]. بۆ ئەوەی مرۆڤ بە هەڵەی پزیشکی و نەزانی تووشی ناڕەحەتیی زیاتر نەبێت، سەرەڕای نەخۆشییەکانی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: «من تطبب ولا يُعْلَمُ منه طب فهو ضامن»[2]: (هەرکەسێک چارەسەری خەڵک بکات، بەڵام نەزانرابێت کە شارەزایە لە پزیشکیدا، ئەگەر هەڵەی کرد، دەبێت قەرەبووی بکاتەوە)، چونکە تەندروستیی مرۆڤ یارییەک نییە بەدەست هەرکەسێک بیەوێت بە بێ زانست و ئەزموونی تەواو خۆی لەسەر تاقی بکاتەوە..

تەنانەت لەبەر پێویستی و نەبوونی پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکی تایبەت، پێغەمبەر (ﷺ) یەکێک لە خۆشەویسترین هاوەڵەکانی خۆی ناردووە بۆلای پزیشکێکی ناموسڵمان بۆ چارەسەرکردن، کاتێک فەرمانی بە سەعدی کوڕی ئەبو وەققاس (خودا لێی ڕازی بێت) کرد کە بچێت بۆ لای حارسی کوڕی کەلەدە، کە لە هۆزی سەقیف بوو، لە تائیف، کە لە وڵاتی فارس فێری پزیشکی بووبوو، ئەو دەمە هێشتا موسڵمان نەبووبوو[3].

## لە ڕوانگەکانی مرۆڤبوون لە پزیشکیی ئیسلامیدا:

* زانستی پزیشکی نابێت هیچ فێرخوازێکی لێ بێبەش بکرێت، مادەم بۆ خزمەتی مرۆڤە، ئەگەر ناموسڵمانیش بێت، چونکە وەک چۆن موسڵمانان لە غەیری خۆیان فێر دەبن و پاشانیس گەشە بە زانستەکە دەدەن، دەبێت ئەوانیش مرۆڤەکانی تر فێر بکەن، چونکە لای موسڵمانان زانستەکان میراتێکی مرۆییە و هەموو لایەک تێیدا هاوبەشن، بۆیە گەیاندنی ئەم زانستە بەلایانەوە ئەرکێکی ئایینییە

(١) مالک: كتاب العين، باب: تعالج المريض (١٦٨٩)، والطبراني في الكبير (٧٣٩٥).
(٢) أبو داود: كتاب الديات، باب: من تطبب بغير علم (٤٥٨٦)، والنسائي (٤٨٣٠)، وابن ماجة (٣٤٦٦)، والحاكم (٧٤٨٤).
(٣) أبو داود: كتاب الطب، باب: في التداوي بالعجوة (٣٨٧٥).

پێش ئەوەی مرۆیی بێت.. ئەوەتا لەکاتی ئەوپەڕی هێزی دەوڵەتی ئیسلامیدا، چەندین پزیشکی گاور و جوولەکە کاریان کردووە، هەندێکیشیان بەناوبانگ بوون، وەک: قیستای کوڕی لوقای بەعلبەکی، ئەبو نەصری مەسیحی، هیبەتوڵڵای ئیسرائیلیی،.. تاد.

* دەبێت چارەسەرکردن بۆ هەموان بێت، بەبێ جیاوازی لە نێوان دەوڵەمەند و هەژار، نێر و مێ، موسڵمان و ناموسڵمان،.. تاد، چونکە لە ئیسلامدا هەر کەسێک ببێتە هۆی ژیانەوەی مرۆڤێک وەک ئەوە وایە هەموو مرۆڤایەتی زیندوو کردبێتەوە: ﴿وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحْيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعًا﴾ (المائدة: ٣٢). بۆیە لە مێژووی جوانی ئیسلامدا چەندین «وەقف» هەبووە بۆ دابینکردنی چارەسەری پێویست بۆ هەژاران و بێ نەوایان.

* پاراستنی شکۆی مرۆڤ، بە شێوەیەک نابێت عەورەتیان دەربکەوێت لەکاتی پشکنین و چارەسەرکردندا، مەگەر بەو میقدارەی کە پێویستە. هەروەها نابێت نهێنییەکانی بدرکێنرێت، چونکە ئەوانە ئەمانەتن.

* هەڵگرتن یان کەمکردنەوەی ئەرکە ئایینییەکان لەسەر نەخۆش، تا لە نەخۆشییەکەی هەڵدەستێتەوە، بۆ نموونە: دەتوانێت ڕۆژووی ڕەمەزان نەگرێت لە کاتی نەخۆشیدا و، پاشان کە چاک بووەوە بیانگرێتەوە، خۆ ئەگەر نەخۆشییەکی درێژخایەنی هەبوو، یان لە تەمەنێکی پیریدا بێت، بە شێوەیەک نەیدەتوانی هیچ کاتێک بەڕۆژوو بێت، دەتوانێت لە بری گرتنەوەی ڕۆژوو فیدیە بدات: ﴿فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ۚ وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ﴾ (البقرة: ١٨٤).

* بەرزکردنەوەی لایەنی دەروونیی نەخۆش؛ بە سەردانیکردنی و دوعاکردن بۆی و دڵدانەوەی، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: «إذا دخلتم على المريض فنفسوا له في الأجل، فإن ذلك لا يرد شيئا، وهو

يطيب بنفس المريض»[١]: (کە چوون بۆلای نەخۆش هیوای شیفای پێ ببەخشن، ئەوە لە قەدەر ناگەڕێنێتەوە، دەروونی نەخۆشیش پێی ئارام دەبێت).

* پابەندبوون بە ڕێکارە شەرعییەکانەوە، لەو سۆنگەیەوەی کە بڕوایان وایە شەریعەت بۆ قازانجی دونیا و دواڕۆژی مرۆڤ هاتووە و، خودای گەورەی بەبەزەیی چاکترینی یاساکانی بۆ مرۆڤەکان تەشریع کردووە، کاتێکیش کە شتێکیان لێ حەرام دەکات، بە بێگومانی زیانی هەیە بۆیان. بۆ نموونە لە پزیشکیی ئیسلامیدا مەی بەکارناهێنرێت وەک چارەسەر، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: «إن الله أنزل الداء والدواء، وجعل لكل داء دواء، فتداووا ولا تداووا بحرام»[٢]. هەروەها موسڵمانان داغکردنیان بەکارنەهێنا وەک چارەسەر، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: «... وأنهى أمتي عن الكَيِّ»[٣].

* دەبێت پزیشکی موسڵمان ئەوە بزانێت کە چاکبوونەوە تەنها لەلایەن خودای گەورەوەیە: ﴿وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ﴾ (الشعراء: ٨٠)، پزیشکیش تەنها هۆکارێکە، بۆیە ئەم هەستکردنە وا لە پزیشکی موسڵمان دەکات کە هەستی خۆبەگەورەزانینی تیادا دروست نەبێت و، بە شێوازێکی مرۆڤانە لەگەڵ نەخۆشەکانیدا هەڵسوکەوت بکات.

* لە موماڕەسەکردنی پزیشکیدا، وەک هەر کارێکی تر، دەبێت پزیشک پابەند بێت بە ڕەوشتە ئیسلامییەکان و دوور بێت لە ئاکارە خراپەکان، وەک درۆکردن و کەمتەرخەمی و بەزایەدانی ڕاسپاردەکان، بەمەش نەخۆشەکان دوور دەبن لەو دەستە تاونکار و چاوچنۆکانەی کە - بەداخەوە - دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە نەخۆش، هەرچەندەش ئەو زیانە کەم بێت.

(١) الترمذي: كتاب الطب (٢٠٨٧)، وابن ماجة (١٤٣٨)، وابن أبي شيبة (١٠٨٥١)، والبيهقي في شعب الإيمان (٩٢١٣).
(٢) أبو داود: كتاب في الطب، باب: في الأدوية المكروهة (٣٨٧٤)، والبيهقي في سننه الكبرى (١٩٤٦٥).
(٣) البخاري: كتاب الطب، باب: الشفاء في ثلاث (٥٣٥٦)، وابن ماجة (٣٤٩١)، وأحمد (٢٢٠٨).

# نەخۆشخانەکان لە شارستانییەتی ئیسلامیدا

مامۆستا تەها فەرەج ماوەتی

مامۆستا تەها فەرەج ماوەتی

پێشنوێژ و وتاربێژ

## نەخۆشخانە گشتییەکان لە ئیسلامدا

موسڵمانان لە بواری تەندروستیدا جوانترین بەشداریان کردووە، بە شێوەیەك کە یەکەم کەس بوون پێش نۆ سەدە لە خەڵکانی تر، نەخۆشخانەیان دامەزراند.

یەکەمین نەخۆشخانەش لە سەردەمی (ولیدی کوڕی عەبدولمەلیک) کە خەلیفەی ئەمەوییەکان بوو دامەزرا، کە لە ساڵەکانی (86ك/ 705ز) بۆ (96ك/ 715ز) حوکمی کردووە. ئەو نەخۆشخانەیەش تایبەت بووە بە نەخۆشییەکانی بەڵەکی[1].

دوابەدوای ئەو نەخۆشخانەیە، زۆر نەخۆشخانەی تر دامەزران لە جیهانی ئیسلامیدا، هەندێکیان گەیشتن بە پلەیەکی بەرز، بە شێوەیەك کە ئەو نەخۆشخانانە وەکو قەڵا بۆ زانست و بواری پزیشکی هەژمار دەکرا و دەخرایە ڕوو. هەروەها وا هەژمار دەکرا کە لە پێشی زانکۆ و کۆلێژەکانەوەیە لە دونیادا، دیارە یەکەم نەخۆشخانەی ئەورووپی لە پاریس دامەزرا دوای نۆ سەدە لە دامەزراندنی نەخۆشخانەی موسڵمانان بوو[2].

نەخۆشخانەکان بە بیمارستان دەناسێنران، بە مانای شاری نەخۆشان. دیاریشە نەخۆشخانەکان دوو جۆر بوون، یەکەم: نەخۆشخانەی جێگیر، دووەم: نەخۆشخانەی گەڕۆك. نەخۆشخانە جێگیرەکان شوێن و جێگایان لە شارەکاندا بوون، کەم شار هەبووە نەخۆشخانەی تێدا نەبێت، بەڵکو بۆ شارۆچکەکانیش نەخۆشخانە دابین کرابوو بە پێداویستیی پزیشکی و دەرمانیشەوە.

(١) الطبري: تاريخ الامم والملوك ج٤ ص٢٩.
(٢) ابن القفطي، تأريخ الحكماء ص٤٠٥.

نەخۆشخانە گەڕۆکەکانیش ئەوانە بوون کە دەگەڕان بەسەر گوندە دوورەکاندا، لە بیابان و دەشت و شاخ و هەر شوێنێك مرۆڤی تێدا نیشتەجێ بووبێت..

ئەو نەخۆشخانانە دەگوازرانەوە بەسەر پشتی وشتری گەورە کە لە هەندێ کاتدا ژمارەی وشترەکان دەگەیشتە چل دانە. ئەمەش لە سەردەمی پادشا (محەمەد ی سەلجووقی) بوو کە لە ساڵەکانی (511ك/ 1117ز) تا ساڵی (525ك/ 1131ز) حوکمی دەکرد، دیارە ئەو نەخۆشخانەیە بە دەرمان و ئامێر و پێداویستیی پزیشکیی تۆکمە کرابوو لەگەڵ چەندین پزیشکی پسپۆڕ.

هەروەها نەخۆشخانە جێگیرەکان لە شارە گەورەکاندا لە پێشکەوتنی گەورەدا بوون، لە ئاستێکی بەرزدا چارەسەری نەخۆشیان دەکرد. لە دیارترین ئەو نەخۆشییانەی کە چارەسەر دەکران، بەشی شکاوی بوو لە نەخۆشخانەی بەغدا، کە لە ساڵی (371ك/ 981ز) دامەزرا. هەروەها نەخۆشخانەی (نوور) لە دیمشق، ئەویش لە ساڵی (549ك/ 1154ز) دامەزرا، نەخۆشخانەی مەنصووری گەورە لە قاهیرە، ئەویش لە ساڵی (683ك/ 1284ز) دامەزرا.

بەڵام لە قورتووبە زیاتر لە (50 نەخۆشخانە) هەبوون[1]، کە ئەو نەخۆشخانانە زیاتر لە چەند بەشێکی لەخۆ گرتبوو، بەپێی پسپۆڕیی بەشەکان جیا کرابوونەوە. بۆ نموونە شوێنێك تایبەت کرابوو بە نەشتەرگەری و، بەشێك بۆ نەخۆشییەکانی پێست و، بەشێك بۆ چاو و، بەشێك بۆ نەخۆشیی دەرونی و، بەشێك بۆ شکاوی و تاد.. چەندین بەشی تر، هەر یەکە و بەپێی پسپۆڕی و تایبەتمەندی جیا کرابوونەوە.

(١) ابن القفطي، تأريخ الحكماء ص٤٠٥.

وێنەی خوێندنی تۆیکاری لە بیمارستانی قاهیرە، ساڵی 1829ز

نەخۆشخانەکان تەنها ڕۆڵی چارەسەریان نەبینیوە، بەڵکو وەک کۆلێژێکی پزیشکی دەردەکەوتن کە لە بەرزترین ئاستدا بێت.

پزیشکی تایبەت -وەک مامۆستا دەردەکەوت- لە بەیانیاندا سەرپەرشتیی نەخۆشخانەکانیان دەکرد، لەگەڵ ئەو پزیشکانەشدا قوتابی یاوەریان دەکردن و وانە و ئەزموونی پزیشکییان لە دکتۆرە مامۆستاکان وەردەگرت. پاشان ئەو پزیشکانە لەگەڵ قوتابیەکانیان بە ناو قاوشەکاندا دەگەڕان و بە کردار لەسەر نەخۆشەکان وانەیان فێر دەکردن و ئەوانیش لەو ڕێیەوە وانەکانیان لێ وەردەگرت.

کتێبە پزیشکییەکان وەک سەرچاوەیەکی زانستی لە بەردەست بوون بۆ خوێندن و شرۆڤەکردن، دوای هەموو کۆرسێکی دیاریکراو قوتابییەکان تاقیکردنەوەیان ئەنجام دەدا. ئەوانەی دەربچوونایە بڕوانامەیان پێ دەدرا لەو بەشەی تاقیکردنەوەی تیادا کردبوو.

لە بەشی ناوەوەی ئەم نەخۆشخانەدا کتێبخانەی گەورە هەبوو، کتێبی زۆری تێدا هەڵگیرابوو، لە بواری پزیشکی و دەرمان و زانستی تۆیکاری و پێست و، بەشێکیشی بۆ بواری فیقهی تەرخان کرابوو کە ئەویش تایبەت بوو بە بواری پزیشکی.

ئــەو کتێبخانانــەی کــە جێــی ئاماژەپێــدان و باســکردنن، لەوانــە: کتێبخانــەی (ئیــبن تولــون) لــە قاهیــرە، کــە ڕەفەکانــی ئــەو کتێبخانەیــە زیاتــر لــە (100 هــەزار) کتێبــی لەســەر بــوون. جگــە لــەوەی بــە تەنیشــت نەخۆشــخانەکە چەنــد کێڵگەیــەك هەبــوون تایبــەت بــوون بــە چانــدن و بەرهەمهێنانــی گژوگیــا دەرمانییــەکان، کــە لــە دروســتکردنی دەرمانــدا بەکار دەهێــنران و پێویســتییەکانی دەرمانــی دەرمانخانەکانــی پــێ پڕدەکرایــەوە.

لــەو نەخۆشــخانانەدا ڕێــکاری تایبــەت هەبــوون بــۆ خۆپارێــزی لــەو نەخۆشــییانەی کــە ئەگــەری گواســتنەوەیان هەبــوو، لەوانــە دروســتکردنی جلوبەرگــی تایبــەت بــۆ نەخۆشــەکان، کــە نەخــۆش ســەردانی دەکــردن خێــرا ئــەو بــەرگ و پۆشــاکەی لــە بەریــدا بــوو دادەکەنــرا و بــەرگ و پۆشــاکی نوێــی تایبــەت بــە نەخۆشــەکە لەبــەر دەکــرا، جلوبەرگەکــەی خۆیشــی لــە جێــگای تایبــەت هەڵدەگیــرا، بــۆ ڕێگیــری لــە گواســتنەوەی نەخۆشــی.

دوای ئــەوە نەخۆشــەکە شــوێنی تایبــەت بــە خــۆی هەبــوو، کــە کــەس بــۆی نەبــوو بچێتــە ئــەو شــوێنە یــان جێگۆڕکــێ بــکات.

لێــرەدا جێــی ئاماژەبۆکردنــە بەراوردێــك بکەیــن لــە نێــوان نەخۆشــخانەکانی پاریــس و نەخۆشــخانەکانی شارســتانییەتی ئیســلامی، کــە ئــەوکات نەخۆشــخانەکانی پاریــس زۆر دوای نەخۆشــخانەکانی ژیــاری ئیســلامی دامــەزران بــە چەنــد ســەدەیەك، لەگــەڵ ئەوەشــدا بــەراورد ناکرێــت.

چونکــە لــە نەخۆشــخانەکانی پاریــس نەخــۆش کاتێــك دەمایــەوە بەبــێ خزمەتگــوزاری هەمــوو نەخۆشــەکان تێکــەڵ بــە یــەک دەکــران، جــاری وا هەبــووە دوو نەخــۆش یــان زیاتــر لەســەر یــەك تەختــەی نەخۆشــخانە دەخەوێــنران و هەمــوو بەشــەکان تێکــەڵاو بــوون بــە چاوپۆشــی لــە جــۆری نەخۆشــییەکەی، بــە نموونــە نەخۆشــیی پێســت لــە پــاڵ نەخۆشــیی شــکاوی دادەنــرا. ئــەوە جگــە لــەوەی لــە پاڵیانــدا نەخۆشــیی ژن هەبوون و هــەر لــەو قاوشــەدا منــداڵ لــە دایــك دەبــوو.

قاوشەکان بە ڕادەیەك پیس و پۆخڵ بوون، پزیشك و پەرستارەکان نەیاندەتوانی بە ئاسانی سەردانیان بکەن لەبەر ناخۆشیی بۆنی قاوشەکە. بە ناچاری لەبەر پێویستی سەردانکردنیان بە دەمامکەوە دەچوونە ژوورەوە.

ئەگەر نەخۆشێك بمردایە دەبوایە (24 کاتژمێر) لەوێ بمایەتەوە، کە هەر ئەوە سەرچاوەی نەخۆشی و بۆنی ناخۆشی ئەو قاوش و نەخۆشخانانە بوون، کە بووبووە مەترسی بۆ نەخۆشەکان[1].

ئەگەر بمانەوێت نەخۆشخانە پێشکەوتووەکان لە مێژووی ژیاری ئیسلامیدا نیشان بدەین، ئەوا دەبێت ئاماژە بە نەخۆشخانەی (ئەلعەزودی) بدەین کە گەورەترین نەخۆشخانە بوو لە سەردەمی (ئیبن بوویە) دروست کرا لە ساڵی (371ك/ 981ز) لە بەغدا، کە تیایدا چارەسەری نەخۆشی دەکرا. (24 پزیشك) لە سەرەتادا کاریان تیایدا دەکرد، بەڵام بە تێپەڕینی کات ڕێژەکە لە زیادبوونda بوو. لە ناو نەخۆشخانەکەدا کتێبخانەیەك هەبوو کە زۆرترین و باشترین پەرتووکی زانستی پزیشکی تێدا کۆ کرابووەوە، جگە لەوەش دەرمانخانە و چێشتخانە لە پاڵ نەخۆشخانەکەدا دروست کرابوون. ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەر و پاککەرەوە دامەزرابوون، پزیشکی ئیشکگر بە درێژایی شەووڕۆژ بە (24 کاتژمێر) دەوامیان دەکرد.

(١) مصطفى السباعي، من روائع حضارتنا ص١١٦ــ ١١٧.



بیمارستانی نووری یان (نوورەدین) لە دیمەشق

یەکێکی تریش لە نەخۆشخانەکان نەخۆشخانەی (نوور)ی گەورە بوو لە دیمشق، کە سوڵتانی دادگەر نوورەدین مەحموود، لە ساڵی (549ك/ 1154ز) بونیادی نا کە بەیەکێ لە ناوازەترین و گەورەترین نەخۆشخانەکان دادەنرا. دیارە بۆ ماوەیەکی زۆر خزمەتی کرد و بەردەوام لە پێشوازیی نەخۆشەکاندا بوو، هەتا ساڵی (1317ك/ 1899ز) واتە نزیکەی (800 ساڵ) بەبەردەوامی خزمەتی کردووە.

نەخۆشخانە گەورەکان لە شارستانییەتی ئیسلامیدا بەردەوامیی هەبووە، یەکێکی تر لەو نەخۆشخانانە کە لە مێژووی ژیاری ئیسلامیدا ناوێکی دەرەوشاوەی هەبووە، نەخۆشخانەی (مەنصووری گەورە)یە، کە لەسەر دەستی مەلیك مەنصوور سەیفەدین قەلاوون لە قاهیرە دامەزرا، لە ساڵی (683ك/ 1284ز). ئەم نەخۆشخانەیە لە جوانی و ڕەنگینی و ڕازاوەیی و پاکوخاوێنیدا تایبەت بوو، ڕۆژانە (4000 هەزار) نەخۆش سەردانیان دەکرد.

ناتوانرێت ڕۆڵی نەخۆشخانەی (مەراکیش) لە یاد بکەین، کە لەسەر دەستی (ئەبوو یووسف یەعقووب) دروست کرا، کە پاشای دەوڵەتی مووەحیدیی بوو لە مەغریب. ئەو دەسەڵاتدارە ئەوکات حوکمی مەغریبی دەکرد، لە ساڵەکانی (580ك/ 1184ز) هەتا ساڵی

(595ك/ 1199ز). جوانیی بونیادنانی ئەم نەخۆشخانەیە بە شێوەیەك بوو کە سەرنجی مرۆڤی ڕادەکێشا و سەرسامی دەکرد، لەگەڵ ئەوەدا بە چەندەها درەخت ڕازابووەوە. جگە لەوەش (4 دەریاچە)ی دەستکردی بچووکی تیابوو، کە جوانیی بەخشیبوو بە نەخۆشخانەکە. لەگەڵ ئەوەشدا پێداویستیی پزیشکی لە ئاستێکی بەرزدا بوو، دەرمانی تازە و پزیشکی پسپۆڕ لە هەموو بوارەکاندا بەشێك بوون لە پێکهاتەی نەخۆشخانەکە. دواجار دەکرێت بوترێت ئەو نەخۆشخانەیە بە یەکێك لەو نەخۆشخانانە هەژمار دەکرێت کە وەك نەقێمێك وابوو لە گەردنی شارستانییەتی ئیسلامیدا[١].

دیارە چەندین نەخۆشخانەی تایبەت هەبوون، کە چارەسەری جۆرەها نەخۆشیان کردووە، وەك نەخۆشیی بەڵەکی و نەخۆشییەکانی مێشك و دەمار. لەوە سەرسوڕهێنەرتر و ناوازەتر ئەوە بووکە لە هەندێ لە شارە گەورەکاندا گەڕەکی پزیشکیی کامڵ هەبوو، (ئیبن جوبەیر) لەو گەشتەیدا کە کردی لە ساڵی (580ك/ 1184ز) باسی بەغدای کردووە، کە ئەوکات پایتەختی خیلافەتی عەباسی بووە، یەکێ لە گەڕەکەکانی وا پیشان دەدرا کە شارێکی بچووکە، لە ناوەڕاستەکەیدا باڵەخانەیەکی گەورەی زۆر جوان هەبوو، لە چوار دەوری ئەو باڵەخانەیەدا باخچە و ماڵی جۆراوجۆر هەبوون. ئەمانە هەمووی تایبەت کرابوون بە نەخۆشەکان. لەلایەن کۆمەڵێك دکتۆری پسپۆڕی هەمەجۆرەوە سەرپەرشتی دەکران، ئەوە جگە لە دەرمانخانە و قوتابیی پزیشکی، کە خەرجی و مەسرەفیان لەسەر ئەو وەقفانە بوون کە دەوڵەمەندەکان بەخشیبوویان بۆ مەسرەف و چارەسەری نەخۆشە هەژارەکان[٢].

(١) المصدر السابق ص١١٠ ــ ١١٨.
(٢) المصدر السابق ص١٠١.

## نەخۆشخانە دەروونییەکان لە مێژووی موسڵمانانداا

دەروونزانـی سـەردەمانێکی زۆر لـە دەسـتی فەیلەسـووف و حەکیـم و پیاوانـی کڵێسـادا بـوو، پاشـان بـوو بـە لقێـك لـە لقەکانـی فەلسـەفە. دواتریـش کـە بـووە خـاوەن بابـەت و بەرنامـەی تایبـەت بـە خـۆی، بـوو بـە زانسـتێکی سـەربەخۆ. پاشـان ئایینـی ئیسـلام بـە سیسـتمە تـەواو و گشـتگیرییەکەی هـات ژیانـی دەروونـی و کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و ڕامیـاری و... هتـدی ڕێکخسـت و، بەشـداریی لـە ئامـاژەدان بـە لایەنـە شـاراوەکان و نهێنییەکانـی دەروونـی مـرۆڤ کـرد و، سـەرنجە هەڵەکانـی لـەم بـوارەدا ڕاسـت کـردەوە، چونکـە قورئانـی پیـرۆز پوختـەی وەسـفی سروشـتەکان و هۆکارەکانـی چارەسـەری دەروونیـی تێدایـە و هەندێـك لـە نهێنییەکانیشـی بـۆ مـرۆڤ دەرخسـتووە، داواشـی لـێ دەکات کـە لێیـان وردبێتـەوە تاوەکـو لێیـان تێبـگات و بـە ئاڕاسـتەیەکی ڕاسـتدا بـڕوات، سـوننەتی پێغەمبەریـش (ﷺ) پوختەکـەی قورئانـی بـە تێروتەسـەلی ڕوون کردۆتـەوە.

لـە ڕاسـتیدا زانـا موسـڵمانەکانی پێشـین بـە لێکۆڵینەوەکانیـان بەشـداریی گرنگیـان لـە بـواری دەروونـی و زەینیـدا کـردووە، بەڵام پێشـتر (بـە مەبەسـت) لەلایـەن مێژوونووسـانی دەروونزانییـەوە باسـیان لـە ڕۆڵـی زانـا موسـڵمانەکان نەدەکـرد، هەرچەنـدە هـەر لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـتەوە هەتـا سـەرەتای ڕێنیسانسـی ئەورووپـای نـوێ زۆرێـك لـە نووسـینەکانیان بـۆ زمانـی لاتینـی وەرگێـڕدراوە و کاریگەرییەکـی گەورەشـیان لـە سـەر بیرمەنـدە ئەورووپییـەکان هەبـووە.



زانای ئەڵمانی (هێندریك های)

(هێندریك هـای)؛ پێشکەشکاری بەرنامەی (زانستە شاراوەکانی ئیسلام) لە کەناڵی (RTL)ی ئەڵمانی، لە باسی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەڵێت: «...سەرانی کەنیسە بۆ سەدان ساڵ بەڵکو هەتا ئەمڕۆش، زانستی زانا موسڵمانەکانیان بۆ خۆیان دەشاردەوە[1].»

لە ڕاستیدا (نەخۆشخانە دەروونییەکان و بیردۆز و نووسراوەکان)، مەشخەڵانی ئەو سەردەمەی مێژووی ئوممەتی ئیسلامیان دەنواند:

## یەکەم: نەخۆشخانە دەروونییەکان

لە ساڵی (93ك)دا، خەلیفەی ئەمەوی؛ (وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك)، یەکەمین نەخۆشخانە (بیمارستان)ی لە (دیمەشق) بۆ ئەوانەی نەخۆشیی دەروونییان هەبوو، دامەزراندووە و مووچەشیان لە دەرەوە و ناوەوەی ئەو نەخۆشخانانەدا بۆ خەرج دەکردن.

لە ساڵی (151ك)شدا، عەباسییەکان یەکەمین بەشی پسپۆڕییان بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان دامەزراند، پاشان لە شێوەی ئەوێ، بەشی دیکە لە سەرجەم پایتەختەکان لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی وڵاتانی ئیسلامدا دروست کران، بەناوبانگترینیان نەخۆشخانەی (قەلاوون) بوو لە (میسر).

هەروەها شاری (قەیرەوان) لە مەغریب لە کۆتایی سەدەی (9ز)دا بووبووە پایتەختی زانست و تیشکی شارستانیی سەردەمی دەوڵەتی (ئەغالیبە)، کە بە دروستکردنی بیمارستانەکان ناوبانگیان دەرکردبوو، پاشان لە شێوەی نەخۆشخانەکانی (قەیرەوان) لە شارەکانی (سوسە)، (سەفاقس) و (تونس) نەخۆشخانەی تریان دروست کرد، خەرجییشیان بە نەخۆشەکان دەبەخشی و لە بۆنەکاندا خۆشترین جۆری خواردن و شیرینییان پێشکەش دەکردن.

---

(١) ٧٩R٩azF١mig=https://www.youtube.com/watch?v



وێنەی نەخۆشخانەی (قەلاوون) لە قاهیرە

لە سەدەی (14ز)دا، نەخۆشخانەی (قەلاوون) لە قاهیرە، نموونەیەکی سەرنجڕاکێش بوو بۆ چاودێریکردنی دەروونی، چوار بەشی جیا جیا و دابڕاوی لەخۆ دەگرت: «نەشتەرگەری، پزیشکی چاو، نەخۆشییە هەناوییەکان و نەخۆشییە دەروونییەکان». شایانی باسە، بەخشندەیی دەوڵەمەندەکانی قاهیرە وای کردبوو کە نەخۆشخانەکە بتوانێت لە ماوەی بووژانەوە و ڕاهێنانەوەی نەخۆشدا بۆ ژیانی سروشتیی خۆی، ئاستێکی بەرز لە چاودێریکردنی پزیشکی و بەدواداچوونی نەخۆش پێشکەش بکات. لەم خەستەخانانەدا دوو خاڵ جێی سەرنج بوون:

١- چارەسەرکردنی نەخۆشیی دەروونی لە نەخۆشخانەی گشتیدا، دەستپێشکەری موسڵمانان دەردەخات لە بەرامبەر زانستی نوێدا بە شەش سەدە.

٢- هاوبەشیکردنی کۆمەڵگە لە چارەسەرکردنی نەخۆشەکاندا.

ئەمە جگە لەوەی کە بۆ هەر یەکێك لە نەخۆشەکان، دوو چاودێر و ژمارەیەك پزیشك تەرخان کرابوون. پزیشکەکان هەڵبژاردە بوون و، بە تایبەتی لە شوێنە جیاوازەکانی ڕۆژئاوای وڵاتی

ئیسلامەوە هێنابوویانن. ئەو نەخۆشانەی کە بە زەحمەت خەویان لێدەکەوت، دەخرانە ژووری تایبەتەوە و چیرۆکخوان چیرۆکیان بۆ دەخوێندنەوە تاوەکو لە کەشێکی هێمن و ئارامدا خەویان لێبکەوێت. کاتی دەرچوونیشیان لە نەخۆشخانە، هەر نەخۆشێك پێنج پارچە ئاڵتوونی بۆ خەرج دەکرا.

لە سەردەمی دەوڵەتی سەلجووقی و دوای ئەویش دەوڵەتی عوسمانیدا، چەندین کۆمەڵگەی چارەسەرکارییان لە دەوری مزگەوتەکان دروست دەکرد کە پێیان دەوترا (تەکیەکان). کە ئەمە بۆ چەندین سەدە درێژەی کێشا و تا ڕادەیەکی زۆر لەو بنکە تەندروستییە دەرونییە کۆمەڵایەتییانە دەچوون کە ئێستا لە ئەمەریکادا هەن. هەروەها لە زۆربەی ناوچە جیاوازەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا نەخۆشخانەی زۆر دروست کران، نەخۆشخانەی (سولەیمان قانونی)یش لە کاتی خۆیدا بە باشترین نەخۆشخانەی دەروونی دادەنرا.

## دووەم: بیردۆز و نووسراوی زانا موسڵمانەکان لە دەروونزانیدا

لە ڕاستیدا هەندێك لە زانا موسڵمانەکانی پێشین، وەك: (کیندی، ئەبو بەکری ڕازی، مەسکەوی، ئیبن حەزم، غەزالی، فەخرەددینی ڕازی، ئیبن تەیمییە، ئیبن قەیمی جەوزی)، بە پێشەنگ دادەنرێن و زۆر پێش دەروونزانە نوێکانی شوێنکەوتەی قوتابخانەی ڕەفتاری نوێ و قوتابخانەی زانینیی (الاتجاه المعرفي)، بایەخیان دەدا بە گۆڕینی بیروبۆچوونە نەرێنی و هەڵەکانی تاك لە چارەسەرکردنی لایەنی دەروونی و زەینیدا، چونکە پێیان وا بوو کە جۆری بیرکردنەوە کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری تاك دروست دەکات.

(ئیبن حەزم، غەزالی، ئیبن تەیمییە، ئیبن قەیمی جەوزی)، هەر هەڵسوکەوتێکی خراپیان بە سیفەتەکەی دژی چارەسەر دەکرد، کە ئەمە شێوازی ئەو دەروونزانە نوێیانەیە کە لە چارەسەری

هەندێـك هەسـتی نارێکوپێکـی وەك تـرس و دڵەڕاوکێـدا پەیـڕەوی دەکـەن، بەتایبەتـی غەزالـی (ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت) کـە نووسـینی گرنگـی لـە کتێبـی (إحیـاء علـوم الدیـن)دا لەبـارەی ڕۆڵـی هەڵسـوکەوت و ڕەفتـاری مـرۆڤ لـە سـەر پـەروەردە پێشـکەش کـردووە.

لـە (قەیرەوان)یشـدا قوتابخانەیەکـی پزیشـکی بـە پێشـەنگیی (ئیسـحاق بـن عیمـران) ناوبانگـی دەرکـرد، کـە خاوەنـی یـازدە دەسـتخەتە و تەنهـا یەکێکیانـی بـە ئێمـە گەیشـتووە، ئەویـش سـەبارەت بـە (مالیخۆنیا)یـە، کـە نووسـینێکی زۆر ناوازەیـە و بەدرێـژی بـاس لـە جۆرەکانـی نەخۆشـی و چارەسـەریان دەکات.

هەروەهـا (ئەبـو جەعفـەری جـەزار) کـە بەناوبانگتریـن زانـای سـەردەمی خـۆی بـووە لـە مەغریبـدا، ئـەو بـڕوای بـە کارلێککردنێکـی بەهێـز لـە نێـوان جەسـتە و دەروونـی مرۆڤـدا هەبـوو، نووسراوێکـی لەبـارەی دەروونـەوە هەیـە کـە هەمـوو ڕا جیاوازەکانـی زانایانـی پێـش خـۆی لەبارەیـەوە هێنـاوە و باسـی کـردوون.

## مێژووی پزیشکیی دەروونی لە وڵاتی موسڵمانان

لـە پـاش نەمانـی سـەردەمی (بیـت الحکمـة) لـە (قەیـرەوان)، بنەماڵـەی بەناوبانگـی (سـەقەلی) پزیشـکییان لـە باکـووری ئەفەریقیـا گرتـە ئەسـتۆ، ئەویـش لـە کۆتایـی سـەدەی (11ز) هەتـا کۆتایـی سـەدەی (15ز)، پزیشـکانی ئـەم قوتابخانەیـە لـە دۆزینـەوەی چارەسـەردا هەڵکەوتـوو بـوون، بـە نموونـە (محەمـەدی کـوڕی عوسـمانی سـەقەلی) چارەسـەری نەخۆشـیی فـێ لێهاتـن و تـرسی دەکـرد. لـە کتێبەکەیـدا (المختـصَر الفـارسي) لێکۆڵینـەوەی زۆری هەیـە لـە سـەر بەئاگایـی و نووسـتن و تۆقیـن و خـەوی ناخـۆش بینیـن... هتـد.



وێنەی پزیشکی بەناوبانگ (زەهراوی) لە بیمارستانی قورتوبە

هەروەها (زەهراوی)، لەگەڵ ناوبانگی زۆری لە جیهانی نەشتەرگەری و دەرمانزانیدا، لە بابەتی دووەمی کتێبەکەیدا (التصریف لمن عجز عن التألیف)، ئاماژەی بۆ بنەماکانی پەروەردە و سروشتە ئاساییەکانی منداڵ کردووە، وە بۆ زەحمەت یان ئاسانیی پەروەردەکردنی منداڵ بە ڕەچاوکردنی ئەو ئاکارە سروشتییانەی کە خوای گەورە منداڵەکەی لە سەر دروست کردووە.

مێژوونووس و زانا و فەیلەسووف (ئیبن حەزمی زاهری)یش، لەبارەی دەروونزانی و کرۆکی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکان کارتێککراو بە هۆکارە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانەوە نووسیویەتی و ڕۆڵی ئایینی لە سەر ئاڕاستەکردنی کردارەکانی تاك و کاریگەریی لە سەر هەستەکانی ڕوون کردۆتەوە.

لە ڕاستیدا زانا موسڵمانەکان ڕا و بیردۆز و تێبینییەکانیان لەم بوارەدا سەدەها نووسراوی تێپەڕاندووە، کە بەداخەوە ژمارەیەکی کەمیان گەیشتۆتە دەستمان. جێی سەرسوڕمانیشە لە بەرامبەر ئەو پیشکەوتنە دەگمەن و ناوازەیەی جیهانی ئیسلامی ئەو سەردەمە، کە (بە چارەسەرکاریان دەوت: پزیشك یان حەکیم، بە نووسراوەکانی بواری پزیشکیشیان دەوت پەرتووکەکانی حیکمەت)[1]، لە هەندێك لە شوێنی ئەوروپادا نەخۆشە دەروونییەکانیان دەسووتاند، چونکە لەو بڕوایەدا بوون کە شەیتانەکان چوونەتە گیانیانەوە و ئیتر چارەسەر ناکرێن.

(١) المسلمون والحضارة الغربية، د. سفر بن عبدالرحمن الحوالي، الطبعة التمهيدية، ص١٧٩٦.



وێنەی میژوونوسی ئەڵمانی (تۆماس شویتس)، زانکۆی شتوتگارت

میژوونوسی ئەڵمانی (تۆماس شویتس) دەڵێت: «لە سەدەی ناوەڕاستدا پزیشکێکی موسڵمان هەڵی بۆ ڕەخسا ئاستی کاری پزیشکیی مەسیحی ببینێت و شایەتی کاری پزیشکییان بێت. ئەو پزیشکە موسڵمانەی کە بە هۆی دەرکەوتنی چەندین دیاردەی نەخۆشیی ئەو کاتە بۆ کۆشکی مەسیحی بانگ کرا، ئافرەتێکی بینی کە لەوە دەچوو نەخۆشیی دەروونیی هەبێت، سەریان بە تەواوی تاشیبوو، لە پێستی سەریدا وێنەی خاچێکیان کردبوو، کە ئەمە لای مەسیحییەکانی ئەو سەردەمە شێوەی چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان بوو.»[(١)]، (بە بیروباوەڕی خۆیان هەموو ئازارێکیان بۆ ڕۆحە خراپەکان دەگەڕاندەوە، جنۆکە و ئافرەت و ئێرەییبەرەکان و جوولەکە و موسڵمانانیان بە هۆکاری هەموو بەڵا و نەخۆشییەك دەزانی، هەر کاتیش دەستیان لە جادووگەرێك گیر بووایە، ئیتر لای ئەو خۆیان چارەسەر دەکرد و گوێڕایەڵی تەواویان دەکرد، بەو شێوەیە ئەوروپای خاچپەرست بووبووە گۆڕەپانی جادووگەر و ئەستێرەگرەوە و فاڵچییەکان، کەشێکی گونجاو بوو بۆ خورافیات و قسەی بێ مانا)[(٢)]. (سەیریش لەوەدایە لە ئێستادا گەورەترین شوێنی شەعوەزە و جادووگەری؛ ئەمەریکایە، نۆرینگەکانی جادووگەری و گومڕایی لە شارەکانی نیوێۆرك و لۆس ئەنجلس

(١) ٧٩R٩azF١mig=https://www.youtube.com/watch?v
(٢) المسلمون والحضارة الغربية، ص١٧٩٥.

دەبینرێـن، لـە هەمـوو کەسـیش جادووگەرتـر و ناڕاسـتر ئەوانـەن کـە ئـەو کارە پیسـەیان کـردووە بـە پیشـە، لەوانەیـە لـە زانایـان و پزیشکانیشـیان هەبـن، کـە سـەردانی ئـەو جادووگەرانـە بکـەن)[١].

لـە کۆتاییشـدا، (ئیسـلام ڕێنمایـی موسـڵمانان دەکات بـۆ جـۆرە دەرمـان و چارەسـەرێکی دروونـی کـە ڕۆژئـاوا هـەر نایزانـێ، ئەویـش یـادی خـوای گـەورە و دوعـا و روقیـەی شـەرعی و بەخشـینە، ئـەی ئایـا چـۆن بیزانـن لـە کاتێکـدا کـە ئـەوان بڕوایـان بـە پەیامەکـەی پێغەمبـەر (ﷺ) نییـە)[٢]. (خـوای گـەورە کتێبەکـەی کـردووە بـە شـیفا بـۆ دڵ و دەروون و لاشـەکان، پێغەمبەریشـمان (ﷺ) ڕێنمایـی کردووویـن بـۆ باشـترین جـۆری روقیـەی شـەرعی کـە سـوورەتی فاتیحـە و سـوورەتی بەقـەرە و ئایەتەلکورسـی و دوو مەعویزەکەیـە. هەروەهـا زیکرەکانـی بەیانیـان و ئێـواران و کاتـی خەوتـن و هەسـتانی فێرکردووویـن، هەمـوو ئەمانـە بەخۆڕاییـن و پێویسـت بـە خەرجـی و پـارە ناکـەن، مـرۆڤ دەتوانێـت بـۆ خـۆی یـان بـۆ خانەوادەکـەی بخوێنێـت)[٣].

(١) المسلمون والحضارة الغربية، ص١٧٩٩.
(٢) المسلمون والحضارة الغربية، ص١٧٩٨.
(٣) المسلمون والحضارة الغربية، ص١٧٩٩.

## سەرچاوەکان

- كتێبی/ ماذا قدم المسلمون للعالم ، دكتور: راغب السرجاني. ج2 ط8.

- گۆڤاری (حراء) - ژمارە 41/ ساڵی نۆیەم/ (مارس- ئەپریل) 2014ز.

# گەشەسەندنی بواڕەکانی زانستی جوگرافیا لای زانا موسڵمانەکان

م. سەردار عەبدوڕەحمان ئیبراهیم

م. سەردار عەبدوڕەحمان ئیبراهیم

نووسەری بواری جوگرافیا و ژینگە
Sardar86.rania@yahoo.com

ئاشکرایە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامدا، ئاسۆی زانستەکان گەشەی سەند و، بواڕێکی نوێتر لە بواڕەکانی زانستەکاندا هاتەکایەوە، یەکێک لەو زانستانەی کە توانیی هەر زوو جێ پەنجەی خۆی دیاری بکات، بریتی بوو لە «زانستی جوگرافیا»، کە خۆی دەبینێتەوە لە شارەزابوون لە دیاردە سروشتی و مرۆییەکانی سەر ڕووی زەوی و، چۆنیەتی کارلێکردنی ئەم دیاردانە لەسەر شێوازی ژیانی مرۆڤەکان و، بڵاوبوونەوەی شارەکان و فراوانبوونی ڕێگەی هاتوچۆی بازرگانی ئاوی و وشکانی، هەروەها ئازادکردنی ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی ڕۆمانی و ساسانییەکان، ئەمەش وای کرد سنووری جوگرافیای وڵاتی ئیسلام فراوانتر بوو، گەڕیدە و گەشتە دەریایی و زانستییەکانی زانایان بوونە پەنجەرەیەك بۆ ڕۆشنایی زانست و زانیاری و، شارەزابوون لە گۆڕانکاریی کەش و هەوا و، وەرزی لافاو و وەرزی کشتوکاڵ و وەرزی باران و، گۆڕانکارییە ئاووهەواییەکان.

## ڕۆڵی زانا موسڵمانەکان لە گەشەسەندنی زانستی جوگرافیادا

زانا موسڵمانەکان شوێن پەنجەیان لە گەشەسەندنی ئەم زانستەدا دیارە، ئەمیش لە ڕێگەی نووسینەکانیانەوە کە توانیویانە خزمەتێکی بەرفراوان بە جیهانی ئەو کاتە و ئێستا بکەن، بە نووسینی کۆمەڵێ کتێبی تایبەت لە بواری «جوگرافیی وەسفی و، هەرێمەکان و، گەردوونناسی و، هونەری وێنە و نەخشەکێشان و، گەشتە جوگرافییەکان و جوگرافیای سروشتی».

گرنگتریـن ئەوهۆکارانـەی بوونـە هـۆی گەشەسـەندنی بوارەکانـی زانسـتی جوگرافیـا لای زانـا موسـڵمانەکان:

1- فراوانبوونـی سـنووری دەوڵەتـی ئیسـلام کـە لـە سـنووری چیـن لـە ڕۆژهەڵاتـەوە هەتـا زەریـای ئەتڵەسـی و، لـە ڕۆژئاواشـەوە لـە دەریـای ناوەڕاسـت تـا ئیسـپانیا و فەرەنسـا درێـژ بـوەوە.

2- بوونـی گەشـتی فەریـزەی حـەج لـە ئیسـلامدا، کـە بـووە مایـەی تێکەڵاوبـوون و ئاشـنابوونی گەلانـی موسـڵمان بـە کلتـووری یەکـتر.

3- گەشـتی خوێندکارانـی تینـووی زانسـت، بـۆ ناوچـە جیاجیـاکانی دەوڵەتـی ئیسـلام.

4- کاروانـی بازرگانیـی ناوچـەکان کاریگەریـی گـەورەی هەبـووە لـە هانـدان و گەشەسـەندنی گەشـتەکان، بەهـۆی فراوانبونـی ڕێگەوبانەکانـی بازرگانـی و ئاڵۆگـۆڕی شـمەك.

5- بوونـی خانـەی وەرگێـران کـە بـووە هـۆی فراوانبوونـی بـواری ڕۆشـنبیری لـە بوارەکانـی گەردووناسـی و پزیشـکی و ئاووهـەوا و وەسـفی دیـاردەکان.

6- لـە قورئانـی پیـرۆزدا هەنـدێ ئامـاژەی جوگرافیایـی و گەردوونیـی تایبـەت هـەن، کـە وای کـرد موسـڵمانەکان باشـتر شـارەزای شـوێن و ناوچـەکان و گەردووناسـی و گۆڕانکارییەکانـی ئاووهـەوا ببـن.

ناودارتریـنی ئـەو زانایانـەش کـە ڕۆڵـی سـەرەکییان هەبـووە لـە گەشەسـەندن و پەرەپێدانـی هونـەری نەخشەکێشـانی جوگرافـی بریتیـن لـە:

1- خەواریزمـی، لـە سـاڵی (232ك -850ز) کۆچـی دوایـی کـردووە، خاوەنـی کتێبـی (صـورة الأرض).

2- بەلخی، لە ساڵی (307ك) کۆچی دوایی کردووە، خاوەنی کتێبی (المسالك والممالك).

3- مەقدیسی، (390-335ك) خاوەنی کتێبی (المسافات والولایات).

4- ئیدریسی، (564-493ك) بە یەکەمین زانای موسڵمان دادەندرێت کە نەخشەی جیهانی کێشاوە.

5- زوهری، (لە ساڵی 545ك) کۆچی دواییکردووە، خاوەنی داندراوی کتێبی (جغرافیا ) و ( خریطة الدنیا).

6- قەزوینی، (682-600ك) خاوەنی کتێبی (آثار البلاد وأخبار العباد).

ئەوروپییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕۆڵیان لە پێشخستنی زانستی جوگرافیادا کەم بووە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی لەو ماوەیەدا دەسەڵاتی کڵێسا ڕێگریی کردووە لە پێشکەوتنی زانستیی سەرجەم بواڕەکان، ئەمەش لەو کاتەدا بوو کە موسڵمانەکان لە بەرەو پێشبردنی ئەم زانستەدا جێدەستی خۆیان نەخشاندبوو، لەبەر ئەوە دەکرێت بڵێین ئەو ماوەیە بە قۆناغی گەشەی زانستی جوگرافیا دادەندرێت لەسەر دەستی موسڵمانەکان و، لەو بواڕەدا چەندین جوگرافیناسی بە ناوبانگ هەڵکەوتن. موسڵمانەکان توانییان زیاتر لە بواری جوگرافیای وەسفی دەوڵەمەند ببن، ئەویش بەهۆی ئەوگەشتە وشکانیی و دەریاییانەی کە ئەنجامیان دا، دواتر بە شێوەیەکی وەسفی باسیان لە سروشتی ئەو ناوچانە کردووە کە سەردانیان کردوون لە لایەنی ئاو و هەوا و، بەرزی و نزمی (تۆپۆگرافیا) و، دیاردە سروشتییەکان. لە گرنگترین زانا موسڵمانەکانی ئەو کاتە (خەواریزمی) بووە کە پەرتووکی (صورة الأرض)ی داناوە و، (بەیرونی) کە کتێبی (کتابة الهند) و، گەشتەکەی (ئیبن جوبەیر) و (ئیبن بەتووتە) بوو، کە لە دوای گەشتەکانیان کتێبیان نووسیوە لەسەر ئەو ناوچانەی پێیدا

تێپەڕیون. لە بواری دانانی لقی تازەی جوگرافیادا موسڵمانەکان توانییان لقی تازە بهێننە ناو زانستی جوگرافیا، بۆ نموونە: (ئیبن خەلدوون) کە کتێبێکی بە ناوبانگی دانا بە ناوی (مقدمة ابن خلدون) کە بە پێشەنگی بواری جوگرافیی کۆمەڵناسی و جوگرافیای شار دادەندرێت، هەروەها لە بواری پێشخستنی هونەری نەخشەکێشان زانای بەناوبانگ (ئیدریسی) توانیی بگاتە لوتکەی گۆڕانی هونەری نەخشەکێشان بە وێنەکێشانی نەخشەیەك بۆ جیهان.

نەخشەی جیهان دانراوی زانا (ئیدریسی)

هەروەها موسڵمانەکان لەو کاتەدا توانیویانە زانستی جوگرافیا بە شێوەیەکی ورد پۆلێن بکەن بۆ دوو بەش:

١- (جوگرافیای زانستی) کە ئەو کاتە زۆر نزیك بووە لە ئەستێرەناسی و گەردوونناسی.

٢- (زانستی جوگرافیای وەسفی) کە زیاتر خۆی لەو گەشتە وشکانیی و دەریاییانەی موسڵمانەکاندا دەبینێتەوە بۆ ئازادکردنی ئەو هەرێم و ناوچانەی ئایینی ئیسلامیان پێ گەیاندوون.

لە سەدەی دەهەمی زایینیدا زانستی جوگرافیا ئاراستەیەکی بەرفراوانی وەرگرت لە ڕێگەی وەسفکردنی گەلان و فەرهەنگی هەرێمەکان وەك وەسفکردنی سنووری فەرمانڕەوایی فراوانی ئیسلام لە هەرێمەکانی ئیسپانیا تا هیندی ڕۆژهەڵات. هەر لە بواری جوگرافیای وەسفیی ئەم کاتانەدا کۆمەڵێ نووسین و دانراو هاتنەکایەوە کە گرنگترینیان لە لایەنی ئەم زانایانەوە نووسرابوون: (ئیبن خورداد 580ز)، (یەعقووبی 891ز)، (بەلخی 821ز)، (ئیستەخری 950ز)، (مەقدیسی 985ز)، (مەسعودی 956ز). هەروەها کارەکانی زانای بە ناوبانگ (ئیدریسی) لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە کۆکەرەوەی زانستەکانی جوگرافیا دادەندرێت لە زۆربەی ناوەندە زانستی و توێژینەوەییەکانی جیهانیدا. هەروەها زانا (یاقووتی حەمەووی) بە یەکێك لە زانا بە ناوبانگەکانی سەدەی سێزدە دادەندرێت لە بواری زانستی جوگرافیادا بەهۆی دانانی کتێبی (معجم البلدان) کە ئینسکلۆپیدیایەکی بەرفراوانی زانستەکانی بواری وێژە و ئەدەب و جوگرافیا و مێژووە. هەروەها زانا (ئەبو فیدا 1341-1273ز) خاوەنی کتێبی (تقویم البلدان)ە، کە باس لە گەشتەکان و بازرگانیی شوێنەوەراکانی سەر ڕووی زەوی دەکات. هەروەها زانای بە ناوبانگ (ئیبن خەلدوون 1406-1332ز) لە پێشەکییە بە ناوبانگەکەیدا هەوڵی شیکردنەوەی ڕەفتاری مرۆڤەکانی داوە لە ژێر ڕۆشنایی بارودۆخی

ژینگــە، ئەمــە ســەرەڕای ئــەوەی کــە بەشــێوەیەکی زانســتی هەوڵــی شــیکردنەوە و گەشــەکردنی شــارەکانی داوە لــە ڕوانگــەی پۆڵینکــردن بــە گوێــرەی پیشــەکانیان.

پاشــان زانــا موســڵمانەکان ڕۆڵێکــی گرنگیــان گێــڕاوە لــە بــەرەو پێشــبردنی زانســتی ئــاو و هــەوا و، لێکدانــەوی ڕوودانــی کارەســاتە ژینگەییــەکان و، ڕوونکردنــەوە و شــیکردنەوەی ئــەم دیاردانــە بە شــێوەیەکی بنچینەیــی و ڕاســتەقینەی دوور لــە بــواری ئەفســانە.

ئەمــە شانبەشــانی گەڕیدەناســەکان و کەشــتیوانە دەریاییــەکان کــە لــەم ڕوانگەیــەوە شــارەزایی تەواویــان لــە بارودۆخــی ئــاو و هــەوا و، وەرزی لافــاو و وەرزی ئازادکردنــی دەوڵەتــە نــا موســڵمانەکان دەســتەبەر کــردووە، کاتێــك ســەردارانی ئیســلام دەســتیان کــرد بــە گەشــتە دەریاییــەکان بــە تایبەتــی لــە زەریــای هینــدی چاودێریــی گۆڕانکاریــەکانی بارودۆخــی ئــاو و هەوایــان دەکــرد، وەك وەرزی هەڵکردنــی بــای وەرزی بــۆ مەبەســتی بازرگانــی، وشــەی (monsoon)ی ئینگلیــزی کــە بــە مانــای وەرز دێــت لــە بنچینــەدا لــە وشــەی (الموســم)ەوە هاتــووە، کــە ئــەم نــاوە ئاماژەیــە بــە هەڵکردنــی گەردەلوولــی خولگەیــی لــە زەریــای هینــدی کــە بــە (typhoon) نــاسراوە، ئــەم وشــەیەش لــە وشــەی (تۆفــان)ەوە هاتــووە، بــە ناوبانگتریــن کێشــەیش دەربــارەی ئــەم لایەنــە بریتییــە لــە کێشــەی (پێشــبینی و چاودێریکــردن) کــە (مەســعوودی) نووســیویەتی و، تیایــدا لــە هۆکارەکانی هەرێمەکانــی ئاووهــەوا دواوە و، تۆژینــەوەی دەربــارەی پەیوەندیــی نێــوان جوولــەی خــۆر و، جیاوازیــی دابەشــبوونی پشــتێنەی پەســتانی هــەوا و بــا و، کاریگەرییــان لەســەر دابەشــبوونی دانیشــتوان کــردووە، دەڵێــت: «خــۆر زمــان و ڕەنــگ و هەڵســوکەوتی مــرۆڤ دەستنیشــان دەکات»، هەروەهــا لــە داهێنانــە گرنگــەکانی زانــای موســڵمان (قەزوینــی)ش بریتــی بــووە لــە دیاریکــردنی شــێوەی (گۆیــی) زەوی و، لــە پێشــەنگانی دیاریکــردنی کــەش و هــەوا بــووە.



نەخشەی «قەزوینی» بۆ دیاریکردنی کەش و هەوا

زانا (بەیروونی)ش بە ڕێگای زانستییانە و دروست لێکۆڵینەوەی دەربارەی کاریگەریی چیای هیمالایا لەسەر ڕێڕەوەکانی هەڵکردنی بای وەرزی و باران بارین کردووە، لە پێشەکییەکەی (ئیبن خەلدوون)یشدا چەندین بیرۆکەی گرنگ هەیە دەربارەی ئاو و هەوا و هاوسەنگیی دیاردەکان لەسەر ڕووی زەوی و، کاریگەرییان لەسەر داب و نەریت و چالاکییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و، ڕوونی کردۆتەوە کە گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوای سەر ڕووی زەوی پەیوەستن بە گۆڕانی گۆشەی بەرکەوتنی تیشکی خۆر بە گوێرەی هێڵەکانی پانی، هەروەها ڕوونی کردۆتەوە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان بوونی هەوای وشک و بەرزیی پلەی گەرمی.

(ئیبن خەلدوون) دەڵێت: «ئاو و هەوا کاریگەریی زۆری لەسەر مرۆڤ و بڵاوبوونەوەی لەسەر زەویدا هەیە» و، جیهانی دابەش کرد بۆ حەوت هەرێمی ئاو و هەوایی: «دوو هەرێمی گەرم و، دوو هەرێمی سارد و، سێ هەرێمی مام ناوەند».. دەشڵێت: «ئاو و هەوا کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر چالاکییەکانی مرۆڤ»، هەروەها دەڵێت: «گەرمیی بەرزی ڕێژەی شێ لە ناوچەی زەوی و زاری ڕەش پێستەکاندا بۆتە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان لە کاتی هەڵچوونیان خراپترین ڕەفتار بنوێنن».

کتێبی (البلدان)ی (یەعقووبی)ش چەندین بابەتی ئاو و هەوای گرنگی لە خۆ گرتووە، لەوانە: «باو ئاراستەی هەڵکردنی، جووڵەی هەورەکان، جۆر و بڕی باران بارین، هەورە بروسکە و، جۆگەلەکانی ڕۆیشتنی ئاو».

ماوە بڵێین: «ئەم هەموو هەوڵ و تێکۆشانەی موسڵمانەکان لە گەشەسەندن و پەرەپێدانی زانستی ئاو و هەوا و، تێگەیشتنی بابەتەکان و، ڕوونکردنەوەی تێبینییە کەسییەکان و، هەڵهێنجانی دەرەنجامەکان لەو سەردەمەدا، هەر هەمووی بە بێ بوونی ئامێرەکانی پێوانەی ڕەگەزە کەشییەکان بووە».

## سەرچاوەکان:

1- د. صبری فارس الهيتي، الفكر الجغرافي نشأته ومناهجه، ط 1، مطبعة دار الصفاء، عمان، 2005، ص50-47.

2- د.حوسێن شکوئی، وەرگێڕانی ئاسۆ عبدالرحمن، جوگرافیا و فەلسەفەی جوگرافیا، چاپخانەی گەنج، چ 1، سلێمانی ، 2009، لا 12.

3- پشتیوان شەفیق ئەحمد، سەرەتاکانی سەرهەڵدانی زانستی جوگرافیا، گۆڤاری ستاندار، ژمارە (7)، ساڵی سێیەم، هاوین 2008، لا52.

4- د. علی موسی و د. محمد الحمادي، فلسفة الجغرافية، مكتب الانوار، دمشق، 1980، ص11.

5- گۆڤاری هەیڤ، زانستی نەخشەسازیی جوگرافی لە شارستانێتی ئیسلامیدا، پ.ی.د. زریان حاجی، سلێمانی 2020، ژمارە 59، ل 17-11.

6- د.نعمان شحادة، علم المناخ، ط 2، مطبعة النور النموذجية، الاردن، 1983، ص26-11.

# زانایانی موسڵمان لە سەردەمی شارستانێتیی ئیسلامیدا

م. جەمال محەممەد ئەمین

م. جەمال محەممەد ئەمین
مامۆستای فیزیا و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هەیڤ

## پێشەکی

ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئەو بەرنامەیەیە کە خوای گەورە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتیی ناردووە تا ببێتە بەرنامە و پڕۆگرامی ژیان لە هەموو کات و شوێنێکدا، لەبەر ئەوە ئیسلام وەك یەك گرنگی دەدات بە هەردوو لایەنی گیانی و جەستەیی مرۆڤەکان و بە هاوسەنگییەکی بێ وێنە، گیان و جەستە و دونیا و دواڕۆژ پێکەوە دەبەستێت و لایەك تیایدا زاڵ نابێت بەسەر لایەکەی دیکەدا و، بە هەمان ئەندازە گرنگی و بایەخ دەدات بە داخوازییە گیانی و مادەی و ژیاریەکانی مرۆڤ، بەوەش دەبێتە خاوەنی گەورەترین شارستانیی مرۆڤایەتی.

لە سەردەمی زێڕینی شارستانیی ئیسلامیدا گرنگی زۆر دراوە بە زانست و زانیاری، لە ئیسلامدا زانست جێگە و پێگەی گەورەی هەیە چونکە بە دەیان ئایەت و فەرمووەی پیرۆز هەن کە جەخت لەو لایەنە گەورەیەی ژیان دەکەنەوە، لەو ڕوانگەوە موسڵمانەکان خۆیان زۆر سەرقاڵی گەڕان بە دوای زانستەکاندا کردووە و ئەوەیان بە پەرستش (عبادة) داناوە، هەر بۆیە لە نێو مێژووی پڕشنگدار و پڕ سەروەریی شارستانیی ئیسلامیدا ناوی چەندەها کەڵەزانا لە هەموو بوارەکانی زانستدا وەك ئەستێرە دەدرەوشێنەوە، بەڕادەیەك زانا خۆرئاواییەکان ناچار بکات دان بەوەدا بنێن کە ئەگەر ئەو پێشکەوتنە زانستییەی لە سەردەمی حوکمڕانیی ئیسلامیدا هەبووە، گەر ئەوە نەبوایە ئەوا بە چەندین سەدەی تر مرۆڤایەتی نەدەگەیشتە ئەم ئاستەی ئێستای لە پێشکەوتندا.

لەو دیدگایەوە ئەم چەند دێڕەی لە بەردەستی بەڕێزتاندایە کورتە ئاماژەیەکە بۆ ئەو پێشکەوتنە زانستییەی سەردەمی زێڕینی ئیسلام لە میانەی ناوهێنانی چەند زانایەك لەو زانا موسڵمانانە، بە هیوای سوودمەندبوونی خوێنەری بەڕێز.

## حەسەنی کوڕی هەیسەم

لە سەردەمی زێڕینی ئیسلامدا، واتە ئەوکاتانەی کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام پیادەکراو بوو و، هەر خۆی فەرمانڕەوا بوو، موسڵمانەکان گوژم و تەوژمێکی باشیان بە هەموو بوارەکانی زانست و زانیارییەکان دا، بە جۆرێکی وا هەرگیز ڕۆڵی زانا موسڵمانەکان لە بەرەوپێشچوونی زانست و شارستانیی سەردەم لە بیر ناکرێت، چونکە ئەو زانا موسڵمانانە خاوەنی کەلتوورێکی گەورەی زانستین و، چەندین پەرتووك و دانراو و نووسراویان پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە و، زۆربەی ئەو نووسراوانە وەرگێڕراونەتە سەر زمانە بیانییەکان کە تا ئێستاش سوودیان لێ وەردەگیرێت..

بەڵێ، هەڵکەوتنی ئەو هەموو زانا موسڵمانانە دیاردەیەکی سەیر و نامۆ نییە، بەڵکو زۆر سروشتییە چونکە ئایینی ئیسلام بۆ خۆی ئایینی زانست و زانیارییە و، یەکەم وشەی قورئانی پیرۆز کە دابەزی بۆ سەر مرۆڤایەتی (إقرأ : بخوێنە) و قەڵەم بوو.

حەسەنی کۆڕی هەیسەم کەڵە زانای موسڵمانی فیزیا و بیرکاریی ئەو سەردەمە زێڕینەی ئیسلام بوو، ئەو شاسوارە لە ساڵی ( 965ز) لە شاری بەسرە لەدایك بووە و، خاوەنی (200) نووسراو و کتێبە کە نزیکەی (47)یان دەربارەی فیزیا و بیرکارین و، (58)یان لە بابەت ئەندازەوەیە و، ئەوانی دیکەش دەربارەی زانستە جۆراوجۆرەکانی دیکەن.

زانا حەسەن یەکەم کەس بوو کە بیرۆکەی بینینی ڕاست کردەوە، چونکە بەپێی بیردۆزە پێشینەکانی وەك بیردۆزی «ئیقلیدیس» دەبێت ڕووناکی لە چاوەوە دەربچێت و، بکەوێتە سەر تەنەکان ئینجا کرداری بینین ڕوو دەدات کە ئەوەش ڕاست نییە، زانا حەسەن وتی دەبێت تەنەکە ڕووناك بکرێتەوە و ڕووناکییەکەی بدرێتەوە بۆ سەر چاو ئینجا کرداری بینین ڕوو دەدات.. هەروەها ئەوەشی ڕوون کردەوە

کـه بۆچـی دوو وێنـه بـۆ تەنـەکان دروسـت نابـن لای ئیمـەی مـرۆڤ کـه دوو چاومـان هەیـه؟ ئـەو یەکـەم کـەس بـووه کـه وتوویـەتی ڕوونـاکی پێویسـتی بـه کات هەیـه بـۆ گواسـتنەوه، واتـه ڕوونـاکی خێرایـی هەیـه.




بیردۆزی ئیبن هەیسەم

هەروەهـا (زانـا حەسـەن) لـه دانراوەکانیـدا بـاسی پەسـتانی هـەوا و پاڵهێـزی هـەوای کـردووه و بـاسی لـەوه کـردووه کـه کێـشی تەنێـك لـه هـەوادا کەمـتره لـه کێـشی ڕاسـتەقینەی خـۆی بـه هـۆی پاڵهێـزی هـەواوه. جگـه لەوانـەش ئـەم زانایـه شۆڕەسـواری مەیـدانی بینایـیزانی بـووه و، بـه دانپێدانـانی زۆربـەی مێژوونـووس و زانـاکان «حەسـەن» لـه بینایـیزانیـدا بـه پێشـەنگ دادەنرێـت، ئـەو ڕوونی کردۆتـەوه کـه ڕوونـاکی نەبیـنراوه و نابینرێـت تـا بـەر گـەردەکانی هـەوا نەکەوێـت!

هەروەهـا دەریخسـت کـه ڕوونـاکی بـه هێڵـی ڕاسـت بڵاودەبێتـەوه و جووتـه یاسـای ڕووناکیدانـەوه و ڕوونـاکی شـکانەوەیشی بـه بـاشی لێـك دایـەوه هـەر بـەو جـۆرەی کـه ئێسـتا دەخوێندرێـت.

نـاوی تـەواوی ئـەم زانایـه «ئەبـو عـەلی حەسـەن کـوڕی هەیسـەم»ه. ئەندازیـاری بـەسراوی کـه لـه سـاڵی (430 ك: 1039 ز) کۆچـی دوایـی

کـردووە و، لـە سـاڵی (354 ك : 965 ز) لـە بـەسرە لەدایـك بـووە، گەشـت بـەرەو میـسر دەکات و لـەوێ دەمێنێتـەوە تـا کۆچـی دوایـی دەکات، لـە کتێبـی «أخبـار الحکـماء»ی (ابـن یوسـف القفطـي) لـە سـەر زمـانی ئیـبن هەیسـەم هاتـووە: (ئەگـەر مـن لـە میـسر بوومایـە کارێـکی وام دەکـرد بـە ڕووبـاری نیـل کـە لـە هەمـوو کاتـدا خێـر و بەرەکـەت و کەڵـکی هەبوایـە لـە کاتی زیادبـوون یـان کەمبـوونی ئاوەکـەی).. ئـەم وتەیـە دەگات بـە فەرمانـڕەوای ئـەو کاتـەی میـسر (الحاکـم بأمـر اللـه الفاطمـي) ئەویـش بـە نهێنـی هەندێـك سـامانی بـۆ دەنێرێـت و داوای لـێ دەکات کـە بچێـت بـۆ میـسر، ئەویـش داواکـەی جێبەجـێ دەکات و دەچێـت بـۆ میـسر و لـەوێ فەرمانـڕەوای ناوبـراو داوای لـێ دەکات کـە دەسـت بـکات بـەوەی وتوویـەتی دەربـارەی نیـل، ئیـبن هەیسـەم دەسـت دەکات بـە لێکۆڵینـەوەی ڕووبـاری نیـل بـە درێژایـی ڕێڕەوەکـەی و کاتێـك دەگاتـە نزیـك ئەسـوان، کـە ئـاوی نیـلی لێـوە دادەبەزێـت و ئـەو نـاوە دەپشـکنێت لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە و، بـۆی دەردەکەوێـت کـە ئـەو بەپەلـە بـووە لـەو بڕیاردانـەی کـە پێشـتر دابـووی سـەبارەت بـە ڕووبـاری نیـل، بۆیـە داوای لێبـوردنی لـە (حاکـم بامرللـه) کـرد، ئەویـش لێـی خـۆش بـوو و، پایەیـەکی بـاشی پـێ بەخـشی بـەڵام حەسـەن ئـەوەی بـە تەکنیـك زانی بۆیـە وا خـۆی نیشـان دا کـە شـێت بـووە تـا ئـەو کاتـەی ئـەو حاکمـە دەمرێـت!

ئیـتر حەسـەن دەگەڕێتـەوە سـەر کاری بنەڕەتیـی خـۆی لـە نووسـین و دانـان، کـە لـە بەناوبانگتریـنی کتێبـەکانی: (المناظیـر، الجامـع في أصـول الحسـاب، في حسـاب المعامـلات، شرح أصـول اقلیـدس في الهندسـة و العـدد، کتـاب في تحلیـل المسـائل الهندسـیة، کتـاب في الاشـکال الهلالیـة، مقالـة في التحلیـل والترکیـب)، ئەوانـە و چەندیـن نـووسراو و بابـەتی دیکـەی وەك (کتـاب صـورة الکسـوف واختـلاف مناظـر القمـر)، بـەڵام لـە نێـو هەمـوو دانراوەکانیـدا کتێبـی (المناظیـر) بـە پلـەی یەکـەم دێـت، جگـە لەوانـەش «حەسـەنی کـوڕی هەیسـەم» زۆر بـە وردی بـاسی لـە پێکهاتنـی چـاو کـردووە بـە مەبەسـتی چارەسـەرکردنی کێشـەکانی نەبینیـن.

## کەمالەدینی دەمیری

ئەم زانا پایەبەرزە پسپۆڕ بووە لە بواری زیندەوەرزانیدا و خاوەنی کتێبی (حیاة الحیوان الکبری)یە و، ناوی تەواوی (شێخ کەمالەدینی کوڕی موحەمەد کوڕی مووسای کوڕی عەلی دەمیری)یە. لە صەعیدی میسر لە دایك بووە، کتێبی ناوبراوی ئەم زانایە (حیاة الحیوان الکبری) لە نایابترین و گرنگترین بەرهەمەکانی ئەو کەڵە زانایەیە کە لە دوو بەرگی گەورەدا چاپ کراوە و هەریەکەیان زیاد لە 400 لاپەڕەی لە خۆ گرتووە، لە کتێبەکەدا زۆر بە وردی باس لە گیاندارەکان دەکات کە بە شێوەی فەرهەنگێکی زمانەوانی و زیندەوەرزانیش ڕیز کراوە و لە سەر بنچینەی پیتە ئەبجەدییەکان ڕیکخراون. ئیتر بەو جۆرە زیاتر لە 1069 زیندەوەر پۆلێن کراوە کە زۆر بە وردی و درێژی لە سیفەت و جیاکەرەوەکانی هەریەکەیان دواوە، بۆ ئەو مەبەستەش زانا دەمیری زیاتر شێوازی بینین و زانایییە کۆبووەوەکانی لای خۆی لێك داوەتەوە کە ئەوەش شێوازی نوێی لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی زانستییە، هەروەها لەو کتێبەدا بیروڕای زاناکانی پێش خۆی پشتگوێ نەخستووە، بەڵکو ئاماژەی پێ داون.. بۆ نموونە باسی لە زانا (جاحیظ) و (قەزوینی) کردووە و سوودی لە زانایییەکانیان وەرگرتووە و زۆر ڕوودواوی مێژوویی تایبەت بەو گیانلەبەرانە باس دەکات، ئەمە جگە لە حوکمی شەرعیی ئەو گیانلەبەرانە کە کامیان گۆشتی حەڵاڵە و کامیان گۆشتی حەرامە کە هەموو ئەوانە بە شێوازێکی زۆر جوان دەخاتە بەردەست خوێنەر و هەندێك جار شێوازی نوکتەئامێز دەگرێتە خۆ لە خستنەڕووی زانایییەکاندا.

کتێبی (حياة الحيوان الكبرى)

زانا «دەمیری» لە دانانی کتێبەکەیدا سوودی لە کتێبی (الجامع) وەرگرتووە کە دانراوی «ئیبن بەیتار»ە، بۆ نموونە دەمیری لە کتێبەکەیدا باس لە مار دەکات و دەڵێت: ئەگەر مار کلکی بڕرا ئەوا دروست دەبێتەوە و، ئەگەر ددانی دەرهێنرا دوای سێ ڕۆژ دروست دەبێتەوە، خۆ ئەگەر سەری بڕرا ئەوا تا سێ ڕۆژ جووڵەی تێدا دەمێنێت و، ماریش گەورەترین دوژمنی مرۆڤە. خۆ ئەگەر نەخۆش کەوت ئەوا گەڵا زەیتوون دەخوات و چاك دەبێتەوە و، هەرگیز مار کون بۆ خۆی دروست ناکات بەڵکو هەمیشە خۆی دەخاتە کونی حازر و ئامادەکراوەوە، بۆیە دەوترێت (لە مار زۆردارترە) وەك نموونە بۆ زۆرداریی کەسێك.

## جابری کوڕی حەییان

پیرێکی نوورانیی بە ویقار، خاوەن ڕیشێکی درێژ و پاك، باڵابەرزێکی تێکسمڕاو، ناسراو لە ناو خەڵکدا بە موسڵمانێکی ڕاست و خاوەن ئیمانی بەهێز و سۆفییەکی ڕاست و دروست. هەرکات لە نوێژ و پەرستشەکانی بووایەتەوە دەچووە ژووری خنجیلانەکەی، کە هەر وەك تاقیگەیەکی خنجیلانەی ئەم سەردەمە وابووە و لەو شوێنەدا خەریکی کاری خۆی دەبوو، ئەویش تێکەڵکردن و پێوانەکردنی ماددەکان بوو، ئەوەش بریتییە لە زانستی کیمیای ئەمڕۆ.

ئەو پیرە زانایەش «ئەبو مووسای جابری کوڕی حەییان» بوو، کەڵەزانای کیمیای سەردەمی خۆی کە لە ساڵی (730)ز لەدایك بووە و، لە ساڵی (813)ز کۆچی دوواییی کردووە و، ئەو تەمەنە درێژەی هەموو لە خواپەرستی و زانستی وەك کیمیادا سەرف کردووە کە ٩٣ ساڵی ڕەبەق بووە، جابر لە سەردەمی خۆیدا ئەوەندە لە کیمیا شارەزا بوو کە ناوی پیشەی جابریان لە کیمیا نابوو.



وێنەیەکی جابیری کوڕی حەییان لە دەستنووسێکی ئەورووپی سەدەی (١٥)یەمی زایندا

جابر خاوەنی نزیکەی 200 پەرتووك و نووسراو و دانراوە، کە زۆربەیان وەرگێڕراونەتە سەر زمانە بیانییەکان و تا ئێستاش پارێزراون، بۆ نموونە کتێبی (الخواص الکبیر) کە لە بەرتانیایە و کتێبی (الاحجار) کە لە پاریس پارێزراوە، زۆربەی کتێبەکانیشی لە سەر کیمیان وەك (السر المکنون، الموازین، الأرکان الاربعة، المزاج، الأصباغ... هتد ).

جابر یەکەم کەس بووە کە تەرازووی بەکار هێناوە بۆ پێوانەکردن لە تاقیکردنەوەکان و، لەو کێشانەی بەکاری هێناون دەنکە (حەبە) بووە کە دوای 600 ساڵ ئینجا ئەوروویپیەکان پێوانەکردنیان کردە بنچینە لە تاقیکردنەوەکانیاندا.

جابر یەکەم کەس بووە کە بیردۆزی کارلێکی کیمیایی داڕشتووە، بەوەش پێش «جۆن دالتۆن»ی ئینگلیزی کەوتووە بە چەند سەدەیەك. هەروەها «جابر» یەکەم کەس بووە کە کاغەزێکی وای دروست کردووە کە نەسووتێت. هەروەها جابر توانیوویەتی کە ڕووکەشکردنێك ئەنجام بدات کە ئەگەر ئاسن و پۆڵا ڕووکەش بکرێن ئەوا ژەنگ ناگرن، گەلێك ڕێگای دۆزییەوە بۆ ئامادەکردنی پۆڵا و کاربۆناتی قورقوشم و کبریتیدی جیوە... جابر یەکەم کەس بوو کە هەوڵی دا ئالتوون ئامادە بکات لە هەندێك ماددەی سەرەتایی و توانیی ماددەیەك بەرهەم بێنێت کە زۆر لە ئالتوون دەچوو!

زانا جابر باسی ژەهر و جۆرەکانی کردووە و لە کتێبی (کتاب السموم ودفع مضارها) و ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە ژەهر ماددەیەکی کیمیاییە. مێژوونووسی جیهانی سارتۆن دەڵێت «جابر یەکێکە لە زانا بلیمەتەکانی سەدەکانی ناوەڕاست» و زانا بیرتیلۆ دەربارەی جابر دەڵێت «بوونی جابر بۆ کیمیا وەك بوونی ئەرەستۆ وایە لە ژیربێژیدا)».

شایانی باسە کە زانا جابر خاوەنی زۆر بابەت و تۆژینەوەشە لە سەر تفتەکان و ترشەکان.

## ئیبن خەلدوون

مێژونووس و پەروەردەکاری بەناوبانگی ئیسلامی «ئیبن خەلدوون» کە هەرگیز ناتوانرێت شوێنپەنجەکانی لەو بواره گرنگانەی ژیاندا فەرامۆش بکرێت. زانا (عبدالرحمن محەممەد کوڕی خەلدوون) لە ساڵی (1332)ز لە تونس لەدایك بووە. ئیبن خەلدوون هەر لە منداڵییەوە فێری ڕێزمانی عەرەبی بووە لەسەر دەستی باوکی و بەشێکی زۆری زانستە میژوویی و فەلسەفییەکانی لە زانا مەغرىیەکانەوە وەرگرتووە، کاتێك کە باڵی نەخۆشی تاعوون دەدات بە سەر ئەفریقیادا، باوکی و بەشێکی زۆری خزمانی دەمرن.

هەر بۆیە ئەمیش واز لەخوێندن دەهێنێت و ڕوو لە نووسین دەکات، زۆر دەنووسێ بۆ پاشاکانی ئەو سەردەمە و جێگای ڕێز و تەقدیری هەموو لایەك بووە، ئینجا دەکەوێتە هاتوچۆ و گەشتوگوزار لە نێوان مەغریب و تونسدا و، لە هەر شوێنێکدا مابێتەوە گەورەترین پلەوپایەی پێ بەخشراوە هەتا پلەی وەزیری.

ئیبن خەلدوون لە ساڵی (1382)ز دەچێت بۆ میسر و خەریکی وانەبێژی دەبێ و، پەیوەندی بەسوڵتان (بەرقووق)ەوە دەکات کە ئەویش زۆر ڕێزی لێ دەگرێت و دەیکات بە قازی مالیکیە، بەڵام هەر زوو ئەوپلەیەی لێ وەردەگیرێتەوە لەبەر توندڕەویی خۆی. ئینجا حەج دەکات و دەگەڕێتەوە سەر نووسین و کتێب دانان و وانە وتنەوە.

هەتا لە ساڵی (1400)ز لەگەڵ شاڵاوەکەی میسردا دەچێ بەرەو دیمەشق بۆ بەرەنگاریکردنی تەیموری لەنگ، هەتا لە ساڵی (1406)ز کۆچی دوایی دەکات. ئیبن خەلدوون خاوەنی بیردۆزی تایبەتیی خۆیەتی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا و، تا ئێستاش ئەو بیردۆزە پەیڕەوی دەکرێت چونکە باشترین و زانستیترین بیردۆزە لەو بوارەدا، بۆیە بە کورتی و بە خاڵ بنەما گرنگەکانی ئەو بیردۆزە دەخەینە بەر چاو:

1) قۆناغبەندی: ئیبن خەلدوون بڕوای وایە کە دەبێت فێرکردن قۆناغ بە قۆناغ و پلە بە پلە بێت و لە بابەتە سووکەکانەوە بۆ بابەتە قورسەکان بڕۆین و لەو میانەدا ڕەچاوی ژیری و تەمەنی فێرخواز بکرێت و بەو پێیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

2) جێگیرکردنی نموونە بەرجەستەییەکان ئینجا گۆڕانەوە بۆ بابەتە ژیربێژییەکان، واتە دەبێت لە پێشدا بیری فێرخواز بکرێتەوە لەسەر بابەتە بەرجەستەییەکانی بەردەستی ئینجا پلە بە پلە بەرز بکرێتەوە بۆ بابەتە ژیربێژیەکان (لۆجیکییەکان).

3) پشتبەستنی زیاتر بە کۆڕ و سیمینار و گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە و، دووركەوتنەوە لە دەرخیاتی زۆر.

4) مامەڵەکردنی نەرمونیان لەگەڵ فێرخوازاندا بە تایبەتی ئەگەر فێرخوازەکە منداڵ بوو، چونکە بە ڕای ئیبن خەلدوون تونديوتیژی توانای وەرگرتنی فێرخواز تێك دەدات و سەرەڕای ئەوەش کە فێرخوازەکە وەڕس دەبێ لە وەرگرتنی زانست و زوو وازی لێ دەهێنێت، ئەمە جگە لەوەی کە بەکارهێنانی تونديوتیژی و لێدانی فێرخوازان کارێکی سەلبی دەکاتە سەر دەروونی فێرکاران و مامۆستایان، بۆیە پێویستە هەتا دەتوانرێت ئەو شێوازە بەکار نەهێنرێت هەروەك عومەری کوڕی خەتاب دەفەرموێت: (من لا یؤدبه الشرع لا أدبه الله) ئەوەش بۆ دووركەوتنەوەیە لە زەلیلکردن و شکاندن و دەروونی مرۆڤ.




پێشەکییەکەی ئیبن خەلدوون

ئیبن خەلدوون دەستی بااڵی هەبووە لە بواری کۆمەڵناسی و ئابووریی سیاسیدا، بۆیە زانا (ڕۆبەرت فلنت) لە زانکۆی ئەدنبەرە دەڵێت: «نە لە جیهانی کۆن و نە لە جیهانی سەدەکانی ناوەڕاستدا هەرگیز ناوێکی دیکەی وەك ئیبن خەلدوون نابینرێتەوە، چونکە هەر کەسێك پێشەکییەکەی ئیبن خەلدوون بخوێنێتەوە ئەوا یەکسەر دەڵێت خەلدوون دانەری زانستی مێژوو و فەلسەفەیە». هەروەها زانا (کلۆزیۆ) دەڵێت: «ئیبن خەلدوون داهێنەری پرانسیپەکانی دادی کۆمەاڵیەتییە پێش مارکس و ماکۆنین».

## خەواریزمی

بە کورتی باس لە زانایەکی دیکەی موسڵمان و، لە بواڕێکی دیکەی زانستدا دەکەین، ئەویش زانا «خەواریزمی»یە، کە پسپۆڕ و شارەزای زانستی بیرکاری بووە. ئەم زانا پایەبەرزە ناوی (محەممەد کوڕی مووسای خەواریزمی)یە، هەر لەمندااڵییەوە بەهرەی زیرەکی و زانایی لێ دەرکەوتووە لە بواری بیرکاری وگەردوونناسیدا، هەر بۆیە لە سەدەی هەشتەمی زایندا پێشەوا مەئمون دەیکاتە ئەمیندارای (بیت الحکمة) و بۆ ئەو مەبەستەش هەموو توانایەکی ماددی و مەعنەوی دەخاتە بەردەست خەواریزمی، هەتا بە کاری بێنێت لە گەشتوگوزار و لێکۆڵینەوەی زانستی و وانە وتنەوەدا بە مەبەستی پێشخستن و بڕەوپێدانی زانستی بیرکاری و گەردوونزانی.

خەواریزمی لەگەڵ ئەوەشدا کە زانا بوو لە چڵەپۆپەی زانیندا، بەاڵم هەروەك هەموو زاناکانی دیکەی ئیسالم زۆر بێ فیز و خۆبەکەمزان بووە و هەرگیز زانست و زانیارییەکەی تووشی لووتبەرزی نەکردووە. ئەم زانایە خاوەنی کتێبێکە لە ژمێریاریدا کە بۆ زۆربەی زمانە جیهانییەکان وەرگێڕراوە و، تا ئێستاش نوسخەی ئەسڵیی ئەو پەرتووکە پارێزراوە لە زانکۆی کەمبردج.

هەروەها خەواریزمی خاوەنی پەرتووکی (الجبر والمقابلة)یە کە تا ئێستاش بە شانازییەوە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد پارێزراوە و، بۆ چەندەها زمانی جیهانی وەرگێڕراوە. مەبەستی خەواریزمی لە (الجبر) واتە: چارەسەرکردن، ئەوەش بەزیادکردن و کەمکردنی ڕادەیەك یان بڕیەك بۆ مەبەستی شیکارکردنی هاوکێشەیەك، هەروەها مەبەستی لە (المقابلة) واتای کورتکردنەوە بووە لەو کرداره بیرکارییانە، کتێبی (الجبر والمقابلة) وەکو شیکارکردنی هاوکێشەی پلە دوو، لێکدان و کۆکردنەوە و بابەتەکانی مامەڵەکردن و ڕووبەر دۆزینەوەی تێدایە و، بۆ هەموو ئەو بابەتانە نموونەی شیکارکراوی هێناوەتەوە..

خوالێخۆشبوو دکتۆر(عەلی مستەفا موشەرەفە) دەڵێ: «خەواریزمی نەك هەر دانەری زانستی جەبر بووە، بەڵکو بڵاوبوونەوەی ئەو زانستە بە هەموو جیهاندا دوای ویستی خوای گەورە دەگەڕێتەوە بۆ کتێبەکەی خەواریزمی، کە بووەتە سەرچاوەیەك بۆ هەموو توێژەران و وەرگێڕە عەرەبی و بیانییەکان».

شایانی باسە کە دوای زانا خەواریزمی زانا (ثابت کوڕی قرة) هات کە ئەمیش دادەنرێت بە تەواوکاری کارە زانستییەکانی خەواریزمی لە بواری بیرکاری و شیکارکردنی هاوکێشەی پلە دووەدا، هەروەها شیکارکردنی هاوکێشەی پلە سێ و هەروەها بە دانەری جیاکاری و تەواوکاری دادەنرێ و، جگە لەم زانایانەش گەلێ زانای دیکەی موسڵمان لە بواری بیرکاریدا خزمەتیان پێشکەش کردووە وەکو (جەمشید غیاث الدیني کاشي) و (حەسەنی کوڕی هەیسەم) و (ئەبو وەفای بوزاجی و کەرخی) و گەلێکی دی.

وێنەی پۆستەرێک کە لە (٦/ ٩/ ١٩٨٣ز) لە یەکێتیی سۆڤیەت دروستکراوە بە بۆنەی یادی لە دایکبوونی نزیکەی (١٢٠٠ ساڵ)ی خەواریزمی

## لە وتە جوانەکانی ئەو زانا پایەبەرزە (خەواریزمی)

مرۆڤی خاوەن ڕەوشتی بەرز بە زمانی ژمارە دەکاتە (١)، ئەگەر ئەو مرۆڤە خاوەنی ڕەوشتی بەرز و دیمەن و ڕوخسار جوان و قەشەنگیش بوو، ئەوا سفرێکی بۆ زیاد بکە واتە دەکاتە (10)، بەڵام ئەگەر لەگەڵ ئەوانەدا خاوەن سامانیش بوو، ئەوا سفرێکی تری بۆ زیاد بکە واتە دەکاتە (100)، ئەگەر لەگەڵ هەموو ئەوانەی پێشوودا ئەو مرۆڤە خاوەن ئەسڵ و فەسڵ و ناوداریش بوو، ئەوا سفری سێیەمی بۆ زیاد بکە واتە دەکاتە (1000).

بەڵام ئەگەر ئەو مرۆڤە ڕەوشتە جوانەکانی لەدەست دا، ئەوا تەنها سفرەکانی بۆ دەمێنێتەوە کە هیچن، چونکە سفر هیچە !!

## ئیمامی تەبەری

ئیمامی تەبەری پێشەوای میژوونووسان و ڕاڤەکاران، ناوی (محەمەد کوڕی جەریری تەبەری)یە، ئەم زانا پایەبەرزە لە وڵاتی تەبەرستان لە دایك بووە و، هەروەك پیشەی زانا موسڵمانەکانی دی، ئیمامی تەبەریش زۆربەی هەرێمە ئیسلامییەکانی ئەو سەردەمە گەڕاوە، لە ساڵی (ك240)وە دەستی بە گەشتەکانی کردووە، بە مەبەستی فراوانکردنی بیر و زۆرکردنی زانستەکانی، هەروەها بۆ ئەوەی ڕاستییەکان ڕاستەوخۆ لە دەمی خاوەنەکانیانەوە وەربگرێت. ڕێبازەکەشی بە زۆری ڕێبازی بەیەکگەیشتن و گێڕانەوە بووە، واتە ئیمام خۆی ئەو کەسەی دەبینی کە زانیارییەکی لابوایە، ئەمیش لێی وەردەگرت و تۆماری دەکرد، ئیتر بەم جۆرەش بواری هەڵە و هەواڵی نادروست زۆر زۆر کەم دەبووەوە. سەرەڕای ئەوەش ئیمامی تەبەری زۆر زیرەك و بەتوانا و کارامە بووە و زۆر بیرتیژ بووە، هەروەها لە بواری لەبەرکردندا زۆر بەتوانا بووە. دەگێڕنەوە کاتێك ئیمام دەچێت بۆ میسر لەوێ دەگات بە زانای ئەو سەردەمەی میسر کە ناوی (ئەبو حەسەن کوڕی ئەلسەراجی میسر) بووە، ئەم زانایە پرسیاری هەموو زانستەکان لە ئیمامی تەبەری دەکات، هەتا دەگاتە هۆنراوە، ئینجا ئیمام چاکترین هۆنراوەی بۆ دەخوێنێتەوە، پاشان لە بارەی هۆنراوەی وا دەگمەن لە ئیمام دەپرسن کە زۆر کەم کەس لەبەریان بووە بەڵام ئیمام لەبەری بووە و خوێندویەتیەوە بە سەر قوتابییەکانی ئەبو حەسەندا و ئەوانیش نووسیویانەتەوە !

ئیمامی تەبەری زۆر پیاوچاك و لەخواترس بووە و، دەوڵەمەندیی باوکیشی یارمەتیی داوە لە گەشتوگوزارەکانیدا، هەرچەندە ئەگەر پارەی لێ ببڕایە و لە هەر وڵاتێکی ئیسلامیدا بوایە ئەوا هەر وڵاتی خۆی بووە، چونکە پەکی نەکەوتووە لەسەر پارە و پارەی زەکات و، (بیت المال)یشی لەبەر دەستدا بووە.

دەستنووسێکی مێژووی تەبەری(تأريخ الطبري)، کە بۆ زمانی فارسی تەرجەمە کراوە و، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەیەمی کۆچی

لە پەرتووکە بەناوبانگەکانی ئیمامی تەبەری (جامع البيان في التفسير القرآن) کە لە 30 بەشدا تەفسیری قورئانی پیرۆزی کردووە، هەروەها لە بواری مێژوودا پەرتووکی (تاريخ الرسل والملوك والامم)ی نووسیوە کە سەرچاوەیەکی زۆر بەپێز و دەگمەنە لە مێژوودا و، تەبەری یەکەم کەس بووە کە مێژووی وەك زانستێکی سەربەخۆ خستۆتە بەردەست و لە زانستەکانی دیکەی وەك قورئان و فەرموودەی پەیامبەری جیا کردۆتەوە، جگە لەوانەش تەبەری گەلێك نووسراو و بەرهەمی دیکەی هەبووە لە بواری ئەحکام و تەشریعی ئیسلامیدا، بەرهەمەکانی بە جۆرێك زۆرن کە قوتابییەکانی هاتوون تەمەنی تەبەرییان دابەش کردووە بەسەر بەرهەمەکانیدا، دەبینن کە هەر ڕۆژەی 14 پەڕەی بەر دەکەوێت! ئا بەو جۆرە ئەو زانا پایەبەرزە ژیانی موبارەکی خۆی سەرف کردووە لە پێناو خزمەتی قورئان و زانستەکاندا.

## شەریفی ئیدریسی

شەریفی ئیدریسی ناوی (ئەبووعەبدوڵڵا کوڕی محەمەد کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی ئیدریس)ە، لەساڵی (1100)ز لەشاری سەبتەی مەغریبیدا لەدایك بووە و، هەر لەوێ خوێندوویەتی و زۆرحەزی لە گەشتوگوزار بووە و، کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی و کەنارەکانی بەریتانیا و فەرەنسا گەڕاوە، ئینجا گەڕاوەتەوە بۆ باکووری ئەفەریقا و تەمەنی لە شانزە ساڵ تێ نەپەڕیوە.

شەریفی ئیدریسی یەکێکە لە زانا هەرە گەورەکانی جوگرافیا و، هەر شوێنێ گەڕابێت بە چاوی زانایەکی بیر فراوانەوە تیا ماوەتەوە و ئینجا لەسەری نووسیوە و، ئەو شوێنانەی کە نەیدیبێ ئەوا پرسیاری زۆری لەبارەوە کردووە و زانیاریی لەسەری کۆکردۆتەوە، کاتێك کە ناوی ئیدریسی لە ئاسمانی زانستی جوگرافیادا درەوشایەوە، پاشای سەقەڵییە (ڕۆجەری دووەم) دەنگوباسی دەبیستێ و دەنێرێ بە شوێنیدا، ئیدریسیش بە دەم داواکەیەوە دەچێت و لە ساڵی 1138))ز هەتا (1154)ز کە تیایدا کۆچی دوایی کرد، لەو ماوەیەدا هەمووی لای پاشای سەقەڵییە دەمێنێتەوە و ڕێزێکی زۆری لێ دەگرێت و یارمەتیشی دەدات و، ڕۆجەر یەکێك بوو لەوانەی کە یارمەتی ئیدریسی دا لەدانانی نەخشەی گۆی زەویدا و، ئیدریسیش وەکو چاکە دانەوەیەکی پاشای سەقەڵییە، نزیکەی 15 ساڵ خەریکی دانانی کتێبێك دەبێ بەناوی (نزهة المشتاق في اختراق الآفاق) کە بە چەند هەفتەیەك پێش مردنی پێشکەشی پاشای سەقەڵییە کردووە. ئەم کتێبەی ئیدریس تا ئێستاش بە گەورەترین سەرچاوەی زانستی جوگرافیا دادەنرێت، دائیرەی مەعاریفی فەرەنسی دەڵێ: «کتێبەکەی ئیدریسی لە جوگرافیا بە گەورەترین بڕوانامەی زانستی جوگرافیا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دادەنرێت». ئیدریسی لە کتێبەکەیدا زانیاریی تەواو لەبارەی ڕووبارەکان و چاوگەکانیان و پلەی گەرمیی ناوچەکان بە دریژایی چوار وەرزەی ساڵ دەدات، هەروەها هەر

لەو کتێبەیدا گۆی زەوی دابەش کردووە بۆ حەوت هەرێم، کە لە هێڵی یەکسانی ئێستاوە دەست پێ دەکات و، ئاماژەی بۆ ناوچەی جەمسەری ساردی گۆی زەوی کردووە و دەریخستووە کە ئەو ناوچانە چۆڵن و ئاوەدانییان تێدا نییە، شایانی باسە کە ئەو کتێبە بۆ زۆربەی زمانە بیانییە سەرەکییەکان وەر گێڕراوە و، جگە لەو کتێبەش کتێبی (روضة الانس ونزهة النفس) و چەند کتێبێکی دیکەیشی هەیە. جگە لەوانەش زانا «ئیدریسی» زۆر بە سەلیقەیی و زانایەوە نەخشەیەکی گۆی زەویی کێشاوە لەسەر پارچەیەك زیو کە تا ئێستاش جێگای سەرسوڕمان و سەرنجی زانا ئەورووپییەکانە، چونکە ئیدریسی لەو نەخشەیەیدا سەلماندوویەتی کە زەوی خڕە و، بۆ یەکەم جار توانیویەتی هێڵەکانی پانیی لەسەر دانێت و ماوەکانی نێوان پارچەکانی زۆر بە وردی دیاری بکات و، لە کۆتاییدا ئەمەندە بەسە کە مێژوونووس (جوتیە) دەڵێت: «ئیدریسی جوگرافیزان مامۆستای جوگرافی ئەورووپا بووە، بۆ ماوەی سێ سەدە ئەورووپا ئەو زانایەی وەك مامۆستای خۆی دانابوو چونکە تا ئەو کاتە هیچ وێنەیەك و نەخشەیەکی جیهانی نەبوو تەنها ئەوەی ئیدریسی نەبێت».



وێنەی نەخشەیەکی ئیدریسی کە بۆ پادشای سقلّیەی کێشاوە (١١٥٤ز)، نەخشەکانی ئیدریسی بە دوا ترۆپکی پێشکەوتنی بواری کارتوگرافیا دادەنرێت لە شارستانێتی ئیسلامیدا

## سەرچاوەکان

(1) کتێبی (المسلمون والعلم الحديث).

(2) ڕۆژنامەی (طب وعلوم) ژ 77.

(3) کتێبی (اعلام التربية).

(4) گۆڤاری (الرسالة الاسلامية) ژ133/ 1980

(5) گۆڤاری (العلوم) ژ/ 63/ 1992

# نموونەی پرشنگداران لە سەردەمی زێڕینی وڵاتی موسڵمانان

محەممەد حسێن کەریم

محەممەد حسێن کەریم

نووسەر لە گۆڤاری هەیڤ

muhamed.hussen@yahoo.com

## پێشەکی

زۆر گرنگە بزانرێت ئەو زانست و زانیارییەی بە درێژایی مێژوو بە دەست هاتووە هەوڵی مرۆڤایەتییە بەگشتی و، ڕاست نییە بکرێت بە موڵکی بەشێك لە دانیشتوانی ئەم هەسارەیە و بووترێت ئەوانی تر هیچیان نییە و پاشکۆ و دواکەوتوو بوون، بەڵکو هەر نەتەوە و گەلێك بە جۆرێك لە جۆرەکان لە دروستبوونی شارستانییەکاندا کاریگەرییان هەبووە، لە نێوان یەکتریشدا ئاڵوگۆڕ ڕوویداوە و کاریگەرییان بەسەر یەکەوە بووە و، دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە لە ژێر کاریگەری سیاسەتکردندا هەوڵەکان لە خاوەنەکانیان زەوت نەکرێت و بە بێ بەها و بێ ڕێز سەیر نەکرێت، یان هەر هیچ نەبێت ڕۆڵیان لە بونیادنانی ڕێڕەوەی ژیان دیزە بە دەرخۆنە نەکرێت و لەکاتی کەڵك لێوەرگرتنیان ئاماژە بە سەرچاوەکان بکرێت وەك ئەوەی لە زۆر لەلایەنەکانی دیکەی ژیاندا بەدی دەکرێت، بە تایبەتی ئەوە لە لایەنی سیاسیدا زۆر بە زەقی بەرچاو دەکەوێت. یان زۆر جار کە ئێمە باس لە ڕۆڵی پڕ شکۆی موسڵمانان دەکەین هێندێك کە خۆیان بە خوێندەوار دەزانن و خاوەن بڕوانامەن لە بوارێك لە بوارەکاندا زۆر بەکەللە ساردیی و بەبێ ئەوەی هیچ هەوڵێکی دابێ یان گەڕانێك یان لێکۆڵینەوەیەکی کردبێت یان لانی کەم خوێندبێتیەوە، دەڵێت: ئەوانە خورافەن؟ سەیرە لە کاتێکدا بۆ ئەم بەرهەمەی لێرەدا دەیخەمە ڕوو چەندەها کۆمەڵە زانا و پسپۆڕی شارەزای بواری زانستی جوگرافیا و نەخشەکێشانی گۆی زەوی بۆ دەیەها ساڵ سەرقاڵکردووە و دوای بەکارهێنانی ئامێرە پێشکەوتووەکان لەو بوارەدا و دوای بەراوردکردنیان، ئنجا ئەو قسانەیان کردووە کە ئێمە بە کورتی ئاماژەمان پێداوە.

دووانەدن لەهەرچییەك بکرێت بە تایبەت لە بواری زانستیدا (العلوم التجریبیة) باشتر وایە شێوازی خستنە ڕووی تیادا هەبێت بە جۆرێك کە دەبێت ڕوون بن و، قسەوباسی تر هەڵنەگرێت و ڕاستەوخۆ ئەو مەبەستەی کە هەیە بیدات بە دەستەوە، لێرەدا دەمەوێت ئەوە

ڕوون بکەمەوە: موسڵمانان لەسەر ئەم گۆی زەوییە بە درێژایی مێژووی سەرهەڵدانیان توانیویانە شارستانییەکی خزمەتگوزار بە ژیانی مرۆڤایەتی بونیاد بنێن کە سەرچاوەکەی ئایینی ئیسلامە، کە تا ئەمڕۆش کاریگەرییەکانی دیارن و نکوولی کردن لێیان نیشانەی نە شارەزایی و بێ ئاگایی بوونە لە زانستی ئەم سەردەمە! ئایینێ کە یەکەم وشە تێیدا فەرمان بێت بە خوێندنەوە کە ئەویش گرنگترین دەروازەیە بۆ تەشەنەکردنی زانست و زانیارییەکان.

بۆیە دەمانەوێت لەبەر ئەم هۆیانە چەردەیەك لەسەر بەرهەمی پیاوان و زانایانی نەتەوەی موسڵمان پێشکەش بکەین:

1- بۆ شارەزا بوون لە میژووی پڕ شکۆی دونیێی موسڵمانان.

2- بۆ دەرخستنی هێندێك لەو بەرهەمانەی کە شاردراونەتەوە بە پاڵنەری سیاسی و شێوێندراون.

3- با چیتر ڕۆڵەکانی ئێمە بە شەرمەوە نەڕوانە خۆیان و،خۆیان لەبیر نەکەن.

## زانای موسڵمان (بەیرونی)
## دۆزەرەوەی نیوەتیرەی زەوی بە بەکارهێنانی زانستی سێگۆشەکاری و جەبر

زانای پایەبەرز (بەیرونی)، کە ناوی تەواوی: (محەمەدی کوڕی ئەحمەدی بەیرونیە). لە (5ی ئەیلولی 973ز هاتووەتە دنیاوە. لە 15ی کانوونی یەکەمی 1048ز کۆچی دوایی کردووە)، لە شارۆچکەی (کاپ) کە ئێستا پێی دەوترێت بەیرونی و سەر بەشاری -کارکالبکستانی- نزیك دەریای (ئۆرارٚ)ە و سەر بە شاری (ئورجندە)ی پایتەختی (خوارەزم)ە لەدایك بووە، کە ئێستا بریتین لە: (ئەفغانستان، ئۆزبکستان، تورکمانستان، کازاخستان، تاجیکستان، بەشی سەرووی ئێران). بۆ ماوەی سیانزە ساڵ، لە نێوان (1030-1017ز) لە وڵاتی هیند ژیاوە، ئەو دەمەش زۆربەی کاتی تەرخان کردبوو بۆ

شارەزابوون لە زانست و زانیارییەکانی خەڵکی ئەو ناوچەیە. هەروەها شارەزاییەکی فراوانی دەربارەی زانیاری گریکەکانیش هەبووە. هەروەك زۆربەی زۆری زانایانی نەتەوەی موسڵمانان، شارەزایی ئەم زانایە لەم بوارانەدا بووە: کیمیا، گەردوونناسی، جیۆلۆجیا، بیرکاری، پزیشکی، دەرمانسازی، فیزیا، فەلسەفە، ئەستێرەناسی..




وێنەی پوڵێکی سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتی جاران کە وێنەیەکی خەیاڵی (بەیرونی)یە.

(بەیرونی) لەگەڵ زانایانی تردا بنەماکانی زانستی نوێی سێگۆشەکاری(المثلثات)ی دامەزراندووە. هەروەها لە زانستی فیزیادا لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە گواستنەوەی جۆریی و گەڕانی بە شۆین ئاوی ژێر زەویدا بووە. لێکۆڵینەوەشی دەربارەی ئەگەری سوورانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا ئەنجامداوە، لەمەشدا بە 600 ساڵ پێش (گالیلۆی ئیتاڵی) کەوتووە. بە پشتبەستن بە زانستی بیرکاریش توانیویەتی شێوازی ڕووکردنە (قیبلە) ڕووە و مەککەی پیرۆز لە جیهاندا دیاری بکات. توانیویەتی درێژی چێوە گۆی زەوی دیاری بکات(*) بەم جۆرە:

## شێوازی کارکردنەکەی (بەیرونی)

ئامێری (ئوسترلاب)

ئەویش بە سوود وەرگرتن لە زانستی جەبر و سێگۆشکاری و بەکارهێنانی ئامێری (ئوسترلاب) بەوەی لە خاڵێکی دیاری کراوەوە و بەرامبەر بە چیایەك، هەستاوە بە پێوانەکردنی گۆشەی بەرزییەکەی لە ئاستی زەوییەوە، هێمای (mk)h ی بۆ دادەنێین. پلەی پێوانەی لاری تیشکی خۆر لە کاتی ڕۆژئاوابوون لە خاڵێکی بەرزتروە، بە مەرجێ بڕوانێت بەسەر دەشتێك یان یەکێ لە دەریاکان، تاوەکو هیچ لە نێوانیاندا نەبێت.(10،11،12،13)




$$\cos\theta = \frac{BD}{AB}$$

$$\cos\theta = \frac{r}{r+h}$$

$$r = r\cos\theta + h\cos\theta$$

$$r(1-\cos\theta) = h\cos\theta$$

$$r = \frac{h\cos\emptyset}{1-\cos\emptyset} \quad (10)$$

ئەمەی سەرەوە ئەو هاوکێشەیەیە کە (بەیرونی) پێوانەی نیوەی گۆی زەوی پێ دۆزیوەتەوە و دەرئەنجامەکەی کە دەستی کەوتبوو 13,330,604 گەز بوو، کە دەکاتە 6,532کم بە نزیکەیی، بەڵام بە پێی زانیاری ئەم سەردەمەمان و دوای دەرکەوتنی پێشکەوتنە بەرچاوەکان لە بواری گەردوونناسی و جوگرافیادا، دەرکەوتووە کە 6,371.008(کلم)ە. جیاوازیی نیوانیان (1٪)ە. ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە ئەو پێش (1000) ساڵ بەر لە ئێستا دۆزیبوویەوە.

## ناوی هێندێك لە بەرهەمەکانی ئەم زانایە




وێنەیەکی ڕوونکردنەوەی جوولّەی مانگ، کە لە کتێبی (التفهیم)دا، کە بە فارسی نووسیوویەتی

ما للهند من مقولة مقبولة في العقل أو مرذولة. تحقيق: أدوارد سخاو، جامعة برلين.

التعليل بإجالة الوهم في معاني النظم.

التفهيم لأوائل صناعة التنجيم.

تجريد إشعاعات الأنوار.

الجماهر في معرفة الجواهر.

التنبيه في صناعة التمويه.

الآثـار الباقيـة عـن القـرون الخاليـة في النجـوم والتأريـخ. تحقيـق: أدوارد سـخاو، جامعـة برليـن: ئـەم كتێبـەی بـۆ (شـمس المعـالي قابـوس) دانـاوە و تێیـدا بـاس لـە شـێوازی نووسـینی ئـەو مێژووانـەی کـە نەتـەوە جیـاوازەکان بـەکاری دەهێنـن دەکات.

الإرشاد في أحكام النجوم.

الإستشهاد بإختلاف الأرصاد.

الشموس الشافية.

العجائب الطبيعية والغرائب الصناعية.

القانـون المسـعودي في الهيئـة والنجـوم: ئـەم کتێبـەی بـۆ (مەسـعود کـوڕی سـوبەکتین) نـاسراوو بـە (سـوڵتان مەحمـوود غەزنـەوی) دانـاوە، لـە سـاڵی 421ه.

كتاب الأحجار.

كتاب الأشعار والآثار.

كتـاب اسـتخراج الأوتـار في الدائـرة بخـواص الخـط المنحنـي فيهـا. تحقيـق: د. أحمـد الدمـرداش.

(*) لەسـەردەمی خەلیفـە مەئموونیشـدا کۆمەڵێـك لـە زانـا گەردووناسـە موسـڵمانەکان، لەوانـە (موحەممـەدی کـوڕی موسـای کـوڕی شـاکر)،

پێوانـی گـۆی زەوییـان بـە نزیکـی (٢٠٠٠٠ میـل) مەزەنـدە کـردووە، بـە جیـاوازی نیـو میـل زیاتـر لـە ڕێـژەی ئـەم سـەردەمە. (مـاذا قـدم المسـلمون للعـالم، راغـب السرجـاني، ص٢٩٧).

## گەورە زانای موسڵمان پیری ڕەییس (Piri Reis)

### دۆزەرەوەی ئەمریکای باشوور پێش کۆڵمبۆس

لـەو کاتانـەی کە وڵاتـی موسـڵمانان بەهـۆی ئایینـی پیرۆزی ئیسـلامەوە لـە سـەردەمی زێڕینـی خۆیـدا بـوو، هاوڵاتیانـی ئـەم نیشـتیمانە فراوانـە بـێ جیـاوازی بـۆ خزمەتکردنـی مرۆڤایەتـی سـەرقاڵی دۆزینـەوە و داهێنان بـوون و لـە پێشـڕەوی زانسـتیدا بـوون، لـە کاتێکـدا زۆربـەی هـەرە زۆری ناوچەکانـی تـر بـە دەسـت ئـاژاوە و خوێنڕێژییـەوە دەیانااڵنـد.

ئـەم زانایـە یەکێـك بـووە لـە زانایانـی بـواری جوگرافیـا و، دەریاوانێکـی زۆر چاپـوك و چـاالك، لـە هەمـان کاتـدا سـەرکردەیەکی سـەربازی ئـازای کەشـتیگەلی دەوڵەتـی خیلافـەی عوسـمانی بـووە لـە سـەردەمی خۆیانـدا کـە باڵادەسـتییان بەسـەر دەریاکانـدا هەبـووە.. ئەویـش (ئەحمـەد موحیەدیـن کـوڕی محەمـەد ئەلڕەییسـی قەرەنانـی عوسـمانییە)ە، کـە بـە (پیـری ڕەییـس) نـاسراوە، مێژوونووسـان لەسـەر مێـژووی لـە دایکبوونـی ئـەم دوو مێـژووە دەڵێـن: (872ك یـان 877ك -962ك) بـە سـاڵی زانینـی (1465 یـان 1470-1555م) بـووە. لـە حـەوت سـاڵییەوە لـە بەردەسـتی مامیدابـووە کـە ئەویـش دەریاوانێکـی شـارەزا و لێهاتووبـووە.

## دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکای باشوور

زۆربـەی زۆری خەڵـك و تەنانـەت لـە نـاو کتێبەکانـی خۆیندیشـدا ئـەوە جێگیـر کـراوە کـە گوایـا (کریسـتۆفر کۆڵمبـۆس) (1451 – 1506ز) دۆزەرەوەی ئەمریـکای باشـووەرە، بـەاڵم ئـەوەی لـە ڕاسـتیدا هەیـە پێچەوانـەی ئەوەیـە کـە باڵوبۆتـەوە.. (ئـەب ئەنیسـتانس ئەلکرملـی) ناوەکەشـی: (بوتـرس جبرائیـل یوسـف عـواد)ە، (1283- 1366ك، 1866-1947ز) زانـای ئـەدەب و فەلسـفە و زمانـی عـەرەب، دەڵێـت: «موسـڵمانەکان پێـش کۆڵمبـۆس ئەمریکایـان دۆزیوەتـەوە ئەویـش

بەهـۆی شـارەزابوونی زۆریـان لـە تەوژمـی ئـاوی گەرمـی نـاو زەریـای ئەتڵەسـی، کـە توانیویانـە بـە وریاییـەوە کەڵـك لـە جوولّەکـەی وەربگـرن کـە لـە مەکسـیکەوە دێـت تـا دەگاتـە ئێرلەنـدا». دەبێـت ئـەوە بزانرێـت زانـا موسـڵمانەکانی بـواری جوگرافیـا بـە سـێ قۆنـاغ پێشـڕەوی خۆیـان لـەم بـوارەدا سـەلماندووە:

1-ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی پێش خۆیان.

2-باسکردنی شۆینەوار و، ولّاتەکان بە وردی.

3- زیادکردنی دۆزینەوە جوگرافییەکان.

ئـەوان جیـاواز لـە یۆنانییـەکان و ڕۆمانییـەکان کـە بڕوایـان وابـووە زەوی ڕووتەختێکـی بازنەییـە بـە دەریـا و زەریـاکان دەورە دراوە، بـەڵام بنەمـای زانسـتیی موسـڵمانەکان کـە لـە قورئانـەوە سـەرچاوەی گرتـووە و ئامـاژە قورئانییەکانیـش بـە بـەردەوام پاڵنەربـوون لـە زیادکردنـی دەسـتکەوتە زانسـتییەکانیاندا، بـۆ نمونـە (ئایەتـی 5 ی سـوەرتی زمـر) ئـەوان بـەوە لێکیانداوەتـەوە کـە زەوی گۆییـە.

ئـەوەی مەبەسـتە لـە باسـی ئـەم زانایـە (پیـری ڕەییـس) شـاکاری بەرهەمەکانـی لـە ڕووی زانسـتییەوە کـە دوای خـۆی و لـەم سـەردەمی پیشـکەوتنی تەکنەلۆجیایـەدا دروسـتی دەرکەوتـووە، کـە ئـەوەش جارێکـی دی گەواهی دەری دروسـتی بنەمـا زانسـتییەکانی زانایانـی موسـڵمانانی پێـش خۆیـن، بـێ گومـان کەڵکـی وەرگرتـووە زانسـتەکانی ئـەوان لەبـەر ئـەوەی هەموویـان سـەر بـە یـەك قوتابخانـە و ڕێبـاز بـوون، ئـەو چەنـد نەخشـەیەی کـە ڕۆژهەڵاتناسـی ئەڵمانـی کالـە (P.Kahle) (پـۆل کالـە) (1964-1875ز) لـە مۆزەخانـەی (تـۆپ قابـی) لـە (ئەسـتەنبول) دۆزیبویـەوە لـە سـاڵی (1929ز)، ئەویـش کاتێـك لەلایـەن دەولّەتـەوە داوای لێکرابـوو لێکوڵینـەوە بـکات لەسـەر ئـەو بەڵگەنامانـەی کـە هـەن لەوێـدا بـۆ ئـەوەی ئـەوی بـێ کەڵکـە بفەوتێنرێـن، ئـەوە بـوو لەنـاو

پێکهاتەی ئەم مۆزەخانەیە ئەو نەخشە و وێنانەی بەرچاوکەوتبوو کە بە پێوانەی جیاواز و لەسەر پێستی ئاسك و بە بەکارهێنانی نۆ ڕەنگ نەخشێنراون، دوای تاوتێکردن و لێکۆڵینەوەی بەردەوام بۆ ماوەی چەند ساڵێك و، لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی بۆیان دەرکەوتووە کە یەکێك لە نەخشەکان هی ئەمریکای باشوورە لە ڕووی ڕۆژهەڵات و کیشوەری بەستەڵەکی باشوورەوە. هەروەها هێندێك لە کەنارەکانی ئیسپانیا و خۆرئاوای کیشوەری ئەفریقیەی تێدا دەرکەوتووە کە هەموویان دەکەونە سەر زەریای ئەتڵەسی، لەسەردەمی (پیری ڕەییسدا) بە (بحر الظلمات) ناو دەبرا، ئەوەندە بە دیقەت و وردی وێنەکان کراون ببوە مایەی سەرسوڕمانی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئاستی جیهانی ئەو کاتە و تا ئێستەش، بە جۆرێك دوورگەکان، بەندەرەکان، زیندەوەران، هاوڵاتییە ڕەسەنەکان (هندییە سوورەکان)، کە (پیری ڕەییس) ناوی ناون ڕووتەکان لە وێنەکانیدا دەریخستوون خەریکی لەوەڕاندنی مەڕن، وەك ئەوەی لە نەخشەکەدا دەردەکەوێت.






ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی (کراتشکوفسکی) J.Karckovski 1883-1951ز سەبارەت بەم نەخشەیەی کە (پۆل کالە) دۆزیویەتەوە و وەك پێشتر باسمان کرد (پیری ڕەییس) دروستیکردووە، دەڵێت: «لە ساڵی (1499ز)جەنگ لە نێوان کەشتیگەلی عوسمانی و کەشتیگەلی بندوقیەی ئیتالیادا ڕوویداوە، عوسمانییەکان سەرکەووتن بە دەست دەهێنن و هێندێك کەشتی دەکەوێتە بەر دەستی عوسمانییەکان، لەوێدا ئەو نەخشانەی (کۆڵمبۆس) دروستیکردوون دەستی عوسمانییەکان کەوتووە و پیری ڕەییس کەڵکی لێ وەرگرتوون»، بەڵام ئەم بۆچوونەی لەلایەن زۆرێك لە لێکۆڵەرەوان ڕەتکراونەتەوە لەبەر ئەوەی نەخشەکانی (ڕەییس) شوێنی وای تێدا تۆمارکردووە کە (کۆڵمبۆس) هەر شارەزای نەبووە؟ ئەوەش کە ئەم بۆ چوونە لاواز بکات ئەو لێکۆڵینەوانەن کە ئەنجامدراون لەسەر نەخشە و وێنەکان دوای چەند سەدەیەك لە دروستکردنیان.

لە ساڵی (1952)دا (د.جنگز) کە مامۆستای زانستی شۆینەوارناسی و کۆمەڵایەتییە لە زانکۆی (ویستواترستراند) لە کۆماری ئەفریقیای باشوور، دەڵێت: «ئەوە هەڵەیە لە کتێبە مێژوویییەکاندا دۆزینەوەی ئەمریکا دەدرێتە پاڵ (کریستۆف کۆڵمبۆس) بەڵکو لە ڕاستیدا موسڵمانەکان چەند سەد ساڵێك پێش ئەوە، ئەو ناوچانەیان دۆزیوەتەوە»، ئەمەشی بە پشت بەستن بە لێکۆڵینەوەیەکی خۆی وتووە، کە چەند ساڵێکی خایاندووە کاتێك لە میانەی لێکۆڵینەوەکەیدا لە ناوچەی (غەرناداەی بەرازیلی) ئەنجامی داوە و، هێندێك ئێسك و پروسکی مرۆڤی دۆزیبوەوە کە هی موسڵمانەکان بووە.



Dünya Haritası, Piri Reis
Topkapı Sarayı Müzesi Kütüphanesi. No. H. 1824



ئەو ناوچانەی کە لە ئەمریکای باشوور دۆزرابوونەوە، لە ژێرناوی (ئەنتلیا)، بەناوی دەوڵەتی عوسمانییەوە تۆمار کرابوون.

نووسەر (ئیریك فۆن دانکن) لە کتێبی (Chariots of the gods) دەگێڕێتەوە، دەڵێت: «نەخشەکانی (موحییەدین ئەلڕەییس) کاتێك دراوەتە (د. مالێری ئارلنگتۆن) مامۆستای نەخشە جوگرافییەکان لە زانکۆکانی ئەمریکا، دەڵێت: دوای وردبوونەوەی لێیان گومانی هەبووە لەوەی زانیارییەکانی سەر نەخشەکان ڕاست بن، پێی وابووە هەڵە هەیە لە ناوی هەندێك لەو جێگایانەی لەسەر نەخشەکان بوون، لەبەر ئەوە پشتی بەستووە بە جوگرافیاناسانی کەشتیگەلی ئەمریکی بۆ پێداچوونەوەیان، لە کۆتاییدا لێکۆڵینەوەکانی ئەوان دەریخستووە کە زانیارییەکان ڕاستەوخۆ لە شوێنەکانەوە وەرگیراوە، واتا سروشتی بەرزونزمی و تۆبۆگرافیای شوێنەکە چۆن بووە لە کیشوەرەکە ئەوا ڕاستەوخۆ زۆر بە وردی تۆماری کردوون، لە نەخشەکانیدا دۆڵ و شاخەکان و ڕووبارەکان وەك خۆی کە هەیە ئەو وا تۆماری کردووە»،

لێکۆڵینەوە و باسوخواس لەسەر ئەم نەخشانە زۆرن لەوانە مێزگردێکی ڕادیۆیی کە کۆمەڵێك زانا و پسپۆڕی بواری نەخشە کێشانی زانکۆی (جۆرج تاون) لە ئەمریکا لە ساڵی (1956ز) بووە، هەموویان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە ئەمە کارێکی لە ڕادەبەدەری وردن ئەو پیاوە ئەنجامی داوە، لەو کاتەی جیهان کە پێش ئەو هیچ کەسێکی تر بەو جۆرە دروستی نەکردوون.

## دۆزینەوەی کیشوەری شەشەم لە جەمسەری باشوور

نەخشەکانی (پیری ڕەییس) وردی و دیقەتبەرزییان بە جۆرێکە کە شارەزایان و زانایانی سەرسام کردووە، بە تایبەتی لە دوای سەردەمی دەستپێکردنی گەشتە ئاسمانییەکان و بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی وێنەگرتن لە مانگە دەستکردەکانەوە، بەهۆی ئەو کەشتییانەوە کە لە ئاسماندا جێگیر دەکرێن، یەکێك لەو کەڵکانەش کە لێیان وەردەگیرێت نەخشەکێشانی ڕووی گۆی زەوییە. لە سەرەتای سەدەی بیستدا زانایانی ئەوروپا و ئەمریکا سەبارەت بە نەخشەکانی (پیری) بۆچوونیان وابووە، کە ئەو وێنە و نەخشانە وردنین و زانیارییەکانیشی ڕاست نین، بەڵام بە پێی تازەترین زانیارییەکان بەهۆی وێنەی مانگە دەستکردەکانەوە لەسەر ئەو ناوچانە ئەوانی تووشی شۆك کرد! بەهۆی ئەوەی وێنەکانی (موحییەدین ڕەییس) نەك هەر هەڵە نەبوو بەڵکو هەر زۆر وردتر و ڕێکترە لەوەی ئەوان کە پێشتر دەیانزانی و شارەزای بوون.. لەبەر ئەوەی نەخشەکانی ڕەییس سەرلەبەری لەگەڵ وێنەی مانگە دەستکردەکانی ئەم سەردەمە چوونییەکە، لەبەر ئەو وەسفکردنە ورد و بەدیقەتانەی دەریای کاریبی و کوبا و کەنارەکانی بەرازیل و ئەرجەنتین و بەندەر و کەنداوەکاندا کە زیاد لە پێش (400)ساڵ بەر لەم سەردەمە ئەو کردوونی، بە پێچەوانەوە بۆیان دەرکەوت زانیارییەکانی ئەوان هەڵە بووە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵێك لە زانا و شارەزای ئەم بواره لە (ناسا) هەستان بە سەر لە نوێ لێکۆڵینەوەکردن لەسەر نەخشەکان بەش بەش دوای گەورەکردنی وێنەکانی (ڕەییس) چەند جارێك و بەراوردکردنیان

لەگـەڵ وێنـەی مانگـە دەسـتکردەکان، بـەڵام سـەرەنجام بـۆ جـاری دووەم هـەر سەرسـامی کـردن لەبـەر ئـەوەی بۆیـان دەرکـەوت کـە (موحییەدیـن ڕەییـس) نەخشـەی کیشـوەری شەشەمیشـی کێشـاوە (Antarctica)پێـش دۆزینـەوەی ئـەوان بـە دوو سـەدە، چونکـە ئـەو وێنـەی شـاخ و دۆڵ و شـیوەکانی زۆر بـە وردیکـردووە پێـش ئـەوان واتـە سـاڵی (1952ز).



لـە سـاڵی(1957ز) یشـدا کۆمەڵێکـی تـر لـە زانایانـی جوگرافیایـی ڕوانگـە گـەورەکان و کەشـتیگەلی ئەمریکـی جارێکـی تـر هەسـتان بـە لێکۆڵینـەوەی زیاتـر لەسـەر نەخشـەکانی (ڕەییـس)، دوای بەکارهێنانـی ئامێـرە پێشـکەوتووەکان بۆیـان دەرکـەوت کـە وێنەکانـی (کیشـوەری شەشـەم acitcratnA) بەشـێوەیەکی سەرسـوڕهێنەر ورد و ڕاسـتە، سـەبارەت بـەو ناوچانـەی کـە تـا ئـەو کاتـە بـە تەواوەتـی نەدۆزرابوونـەوە زۆربـەی زۆری ڕواڵەتـی ناوچەکـە نادیـار بـوو بۆیـان واتـە لـە (1952)دا، لەبـەر ئـەوەی ناوچـەی بەسـتەڵەکی باشـوور بـەردەوام بە بەفـر داپۆشراوە بـۆ زانینـی (تۆبۆگرافیا)کـەی پێویسـتی بـە ئامێـری نوێـی دەنگـی -Eco) (Sounding apparatusهەبـووە تـا بتوانـرێ ئـەو بەرزونزمیانـە لەسـەر نەخشـە نوێیـەکان دیـاری بکرێـن. لەبـەر ئـەوەی لـە هێندێـك شـوێندا ئەسـتووری بەفـر تێیـدا (1700م)ە.

دەبێت ئەوەشمان لە یاد نەچێت ئەو گرنگی پێدانەی (ناسا) بە وێنە و نەخشەکان و بەردەوامبوونیان لەسەر لێکۆڵینەوەکردن دەربارەیان لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، چونکە لەو کاتەوەی ئێستر مانگە دەستکردەکان بەکاردەهێنران بۆ وێنەگرتنی گۆی زەوی لەکاتی تێپەڕبوونی بەسەر ناوچەی بەستەڵەکی باشووردا وێنەکانی پانتایی 5000)میل)ی دادەپۆشی، لەکاتی بەراوردکردنیان لەگەڵ وێنەکان و نەخشەکانی (ڕەییس)دا بۆیان دەرکەوت کە وێکچوونێکی لە ڕادەبەدەر و سەرسوڕهێنەر لە نێوانیاندا هەیە.

## پیری ڕەییس نەخشەی تەواوی زەوی زۆر بە وردی کێشاوە

هەروەها ( پیری ڕەییس ) لە کتێبەکەیدا کە بە ناوی (کتاب البحرية) لە ساڵی 1513ز پێشکەش بە سوڵتان سلێمان قانوونی کردووە، وێنەی تەواوی زەوی زۆر بە وردی کێشاوە، ئەم نەخشەیەش یەکێکە لە وێنەکانی ناو ئەم کتێبە.



شایەنی باسە ئەم وێنەیەی گۆی زەوی ڕێکخراوی جیهانی (یونسکۆ) بە یەکەم نەخشەی جیهانی داناوە کە زۆر چوونیەکە لەگەڵ ئەو نەخشانەی کە لەم سەردەمەدا کێشراون و بەکەڵك وەرگرتن لە ئامێرە پێشکەوتووەکان وەرگیراوە.

## پەراوێز و سەرچاوەکانی بابەتی بەیرونی

(1) www-history.mcs.st-and.ac.uk/Biographies/Al-Biruni.html

(2) هەمان سەرچاوە.

(3) (4) كتيبى/ قصة التتار من البداية الى عين جالوت، راغب السرجاني، ص١٤:

www-history.mcs.st-and.ac.uk/Biographies/Al-Biruni.html.

(5) إسهام علماء المسلمين في الرياضيات، ص٩٠.

Bibhutibhusan Datta and Avadhesh Narayan Singh, History of Mathematics (Lahore, Motilal Banarsi Das, 1935) Part I,P.98

(6) هەمان سەرچاوە وەرگیراوە لە:

Sir William Cecil Dampier, A Shorter History of Science (New York, The Macmillan Company, 1945), p39

(7) إسهام علماء المسلمين في الرياضيات، ص ٩٠.

Carl B .Boyer, A History Mathematics (New York, Johan Wiley and .Sons, 1968) pp, 263-4

(8) إسهام علماء المسلمين في الرياضيات، ص٩٠.

Rom Landau, The Arab Heritage of Western Civilization (New York, .Arab Information Center, 1962), p.82

(9) إسهام علماء المسلمين في الرياضيات، ص ٩٠.

Jamil Ali (trans), Tahdid al – Amakin by Al- Biruni (Bairut, The American University Press,1966), p.8

(10) گرتەیەکی ڤیدیویی کەناڵی (BBC).

(11) http://nssdc.gsfc.nasa.gov/planetary/factsheet/earthfact.html.

**سەرچاوەی بابەتی پیری ڕەیس**

كتيبى (ماذا قدم المسلمون للعالم إسهامات المسلمين في الحضارة الانسانية)، ن: د. راغب السرجاني، 294-291ص.

# سەرقافڵە موسڵمانەکان لە زانستە تاقیگەرییەکاندا

و: م. ئەنوەر فتاح محەممەد

و: م. ئەنوەر فتاح محەممەد

بەکالۆریۆس لە زانستە ئیسلامییەکاندا

ئیسلام یەکەم لایەنە کە بانگەوازی کرد بۆ فێربوونی زانست و گەڕان و لێکۆڵینەوە، هاندانی تیایە بۆ داهێنانکاری و دۆزینەوە و، پەردە لابردن لەسەر شارراوەکان و ڕوانین و سەرنجدان لە دروستکراوانی ئاسمان و زەوی، ئەوەندە بەسە کە یەکەم ئایەتی قورئانی پیرۆز هاتە خوار، دەفەرموێت: ﴿إِقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ﴾ (العلق:١)، زۆر فەرموودەی پیرۆزیش هەن لەسەر واجبوونی فێربوونی زانست و هەوڵدان تیایدا، زۆر نوسراو لەسەر ئەم بابەتە هەیە، لە نووسەرە دێرینەکان و نوێیەکان، وەکو: (الشوكاني، والبيحاني، والمحاسبي، وابن عبد البر، والقرضاوي، وأبو غدة) و غەیری ئەمانیش.

ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە شارستانیی ئیسلامی پشکی شێری هەیە و، پێشڕەو بووە لە زانستەکانی: پزیشکی و ڤێتێرنەری و دەرمانسازی و توێکاری و سروشتزانی و ئەندازیاری و ماتماتیك و کیمیا و زانستی گەردوون و کشتوکاڵ و زەوی ناسی(جیۆلۆجیا) و ئابووری و ڕامیاری و ...هتد، تەنها ئەوەندە هەیە زۆربەی ئەو بابەتانە ناوە کۆنەکانیان گۆڕاون لەم سەردەمەدا، چونکە ئەورووپییەکان گۆڕیویانەتە سەر شێوەزاری خۆیان لەپاش ئەوەی ئەوان زانستەکەیان بردو و تێیدا شارەزا و سەرکەوتوو بوون، ئێمەش کەمتەرخەم بووین و زانستمان پشتگوێ خست، لەگەڵ ئەو هەموو فەرمانانەی کە خوا پێی کردووین.

زانستی میکانیك پێی دەووترا (علم الحيل)، زانستی جوگرافیا پێی دەووترا (تقويم البلدان)، زانستی کۆمەڵناسی پێی دەووترا (العمرانيات)، زانستی (جیۆلۆجیا) پێی دەووترا (زانستی بەرد و چینەکانی زەوی)، زانستی فیزیاش پێی دەووترا سروشتزانی(علم الطبيعة)، هەموو ئەم زانستانەش پێیان دەووترا زانستە داناکان (العلوم الحكيمة)، هەرچەندە موسڵمانان لەم زانستانەدا پێشەنگ

بـوون، کـە یەکێـك لـەو بەڵگانـە لەسـەر پێشـکەوتنی بـواری زانسـتی لـە موسـڵمانانەوە ئەوەیـە کـە خەلیفـە (هـارون الرشـید) بەدیـاری سـەعاتێکی نـارد بـۆ (شـارلەمان)ی پادشـای فەرەنسـا و نیـوەی ئەورووپـا لـەو کاتـەدا، کاتژمێرێکـی ئاویـی بـوو و ئیشـی دەکـرد بەشـێوەیەك عەقڵـی خەڵکـی ڕۆژئـاوای ڕاکێشـابوو، تەنانـەت وایاندەزانـی کـە (سـیحرە).

هەروەهـا موسـڵمانان سـەرکەوتوو بـوون لـە دروسـتکردنی ئاوێنـەی ئەسـتێرە بینیـن کـە پێـی دەوترێـت (ئوسـترلاب) بـە یۆنانـی، کـە بەهۆیـەوە گەردوونـزان دەتوانێـت گۆشـەکان دیـاری بـکات بـۆ گشـت تەنـە ئاسـمانییەکان لـە هـەر شـوێنێکدا بـن.

لـە کتێبـی (الإسـلام والعلـم الحديـث)دا (عبدالـرزاق نوفـل) هاتـووە کـە: "یەکێـك لـە شـارەزایان لـە زانسـتەکانی حیکمەتـدا (العلـوم الحكيمـة) زانـا (المسـعودي)یە کـە سـاڵی (345ك) کۆچـی دوایـی کـردووە، یەکـەم کـەس بـووە باسـی زەوی کـردووە کـە شـێوەی (گۆیی)یـە و، باسـی سـووڕانەوەی زەوی کـردووە بـە دەوری خـۆردا، لـە کتێبەکەیـدا (مـروج الذهـب) دەڵێـت: "خـۆر کاتێـك لـە ئەوپـەڕی چیـن ون دەبێـت، ئـەوا لـە دورگـە ئاوەدانەکانـی دەریـای ئۆقیانـووس دەردەکەوێـت، ئەگـەر لەوێشـەوە ئاوابـوو لەوپـەڕی چیـن هەڵـدێ"، کـە ئـەوە (نیـوەی بازنـەی زەوییـە)، هەروەهـا زۆر لـە زانایانـی موسـڵمان باسـیان لـە (گۆیـی) بوونـی زەوی کـردووە، لـەو زانایانـە وەك گەردوونناس (محمـد بـن محمـد الإدريـسي) کـە سـاڵی (548ك) کۆچـی دوایـی کـردووە، وێنـەی ئـەو شـارانەی کـردووە لەسـەر گۆیەکـی زەوی کـە لـە (زیـو) دروسـتی کردبـوو، ئەمـە کاتێـك پاشـای (نورمـان) بانگهێشـتی دەکات بـۆ (سـەقەڵییە)، لـە کتێبەکەیـدا (نزهـة المشـتاق في اخـتراق الآفـاق) باسـی لـە (گۆیەتـی) زەوی کـردووە، هەرچەنـدە لەپێـش ئەویشـدا (عبداللـەی کـوڕی عەبـاس) ڕاڤەکـەری قورئـان پێـش ئەویـش ئامـاژەی پێکـردووە".

یەکـەم کـەس کـە زانیویەتـی زەوی هەسـارەیەکە و لـە ئاسـماندا

مەلە دەکات (إبن الشاطر) بووە، یەکەم کەس بووە کە وتویەتی: «سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا و بە دەوری خۆیدا دەبێتە هۆی هاتنی شەو و ڕۆژ و دروستبوونی وەرزەکانی ساڵ».. (موسی بن شاکر)یش یەکەم کەس بووە هەستاوە بە ئەندازەکردنی قەبارەی زەوی و دیاریکردنی پێوانەی چواچێوەکەی، هەروەها زانایانی موسڵمان یەکەم کەس بوون چەقی زەویان دیاریکردووە، و هەڵەکان و تێڕە گەردونییەکانی (بطلیموس)یان ڕاست کردۆتەوە.

هەروەها یەکەم فۆتۆگرافی جوگرافیایی (محمەد کوڕی موسای خەواریزمی) بووە، چونکە وێنەی هەرێمەکانی دەوڵەتە ئیسلامییەکانی کێشاوە لە کتێبەکەیدا (صورة الأرض).. یەکەم فەرهەنگی جوگرافیایی لە مێژوودا بریتییە لە (معجم البلدان) کە نووسەرەکەی (یاقوت الحموي)یە، کە لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا مردووە، ئێستاش کتێبەکەی نرخە زانستییەکەی هەرماوە.. یەکەم کەس کە باسی (هێزی کێشکردنی) کردووە پێشەوا (الخازن)ە کە دەڵێت: «تەنەکان دەکەونە سەر زەوی بەهۆی هێزێکی کێش کردنەوە و، پەیوەندی هەیە لە نێوان خێرایی و دووریی و کێشدا»، ئەم وتەیەی چەندەها سەدە پێش لە دایکبوونی (نیوتن) وتووە، هەروەکو چۆن دەربارەی یاسای (کێشکردنی گشتی) زانایانی ئیسلام قسەیان کردووە و، بەستنەوەی گەردوون بەیەکەوە بەهۆی ئەو هێزی کێشکردنەوە.

زانایانی موسڵمان یەکەم کەس بوون کە لێکۆڵینەوەیان لە سەر تاشە بەردەکان و سروشتەکانیان کردووە و، ئەم زانستەیان بنیاتنا.. شێخ (وەقفي) لە کتێبەکەیدا (تلك حدود الله) دەڵێت: زانایانی موسڵمان یەکەم کەس بوون کە یاساکانی کارەبایان داناوە، کە دوایی زانا (کریرت) لێکۆڵینەوەکانی لەسەر بنیات ناوە، یەکەم کەس بوون کە شوێنی دەرزی موگناتیسی (البوصلة) دروست بکەن، یەکەم بوون لە دروستکردنی (تفەنگ) لە غەرناتە، یەکەم کەس بوون کە (بارووت) دروست بکەن، یەکەم بوون لە دروستکردنی سەعاتی

خولگـەدار و ڕەوڕەوەدار.. (إبـن خلـدون) یەکـەم کـەس بـووە لـە کۆمەڵناسـیدا (زانسـتی خۆشـگوزەرانیی و ئاوەدانیـدا).. (إبـن رشـد الأندلسي) یەکـەم کـەس بـوو کـە سـەلماندی مـرۆڤ دووجـار تووشـی ئاووڵـە نابێـت.. موسـڵمانان یەکـەم کـەس بـوون لـە دروسـتکردنی بیمارسـتانەکاندا بـە شـێوەیەکی فـراوان، چەندەهـا پزیشـکی پسـپۆڕیان لـە سـەردەمی (وەلیـدی کـوڕی عبدالملـك)دا پێگەیانـدووە کـە زۆر گرنگـی داوە بـە بـواری پزیشـکی، پـارە و خۆراکـی زیاتـری بـۆ پزیشـکەکان دابینکـردووە و، فەرمانـی کـرد کـە ئەوانـەی نەخۆشـی (گولی)یـان هەیـە بـا سـواڵ نەکـەن، بەڵکـو جیـای کردنـەوە و بژێـوی ژیانـی بـۆ دابیـن کـردن بـە دروسـتکردنی شـوێنێکی جیـا بۆیـان (حجـر صحـي).

یەکـەم نەخۆشـخانە لـە ئیسـلامدا ئـەو چـادرە بـوو کـە پێغەمبـەر (ﷺ) هەڵیـدا لـە (مەدینـە) لـە شـەڕی (خەنـدەق)دا و، ئافرەتێکـی تیـا دانـا نـاوی (ڕەفیـدە) بـوو کـە برینەکانـی تیـمار دەکـرد و گرنگـی بەنەخۆشـەکان دەدا.. (ئیـبن سـینا) یەکـەم زانایـە کـە ڕوونـی کـردەوە دیاریکردنـی (نێرینـەی کۆرپەلـە) پەیوەنـدی بـە پیاوەوەیـە نـەك ژن. هـەر زانایانـی ئێمـە بـوون کـە دەرمانخانەکانیـان دروسـت کـرد، زۆر لـە مـادده کیمیاییەکانیـان لـە دەرمانـدا بەکارهێنـا، بەتایبـەت (إبـن البیطـار و داود الانطـاكي)، کـە باسـی ڕووەکەکانیـان کـردووە بـۆ دەرمـان و ئەنـدازەی بەکارهێنانەکـەی.. (ڕازی) یەکـەم کـەس بـووە کـە (جیـوە)ی بەکارهێنـاوە لـە پێکهاتـەی مەرهەمـی سـارێژ کردنـەوەی برینـدا و، یەکـەم کـەس بـووە کـە جیـوەی بەکارهێنـاوە لەسـەر (مەیمـوون) و سـەرکەوتوو بـووە تیایـدا. (عبدالطیـف البغـدادي) یەکـەم کـەس بـووە کـە هەڵەکانـی (جالینـۆس)ی بـە وردیـی دیاریکـردووە لـە زانسـتی (تۆیکاری)زانیـدا، لەوانـە (جالینۆس) وتویەتـی: (کاکیلـەی خـوارەوە لـە دوو ئێسـك پێـك دێـت).

بەرگی پێشەوەی کتێبی (القانون في الطب)، دانراوی (ئیبن سینا)، کە لە ساڵی (1593ز) لە (ڕۆما) چاپکراوە، ئەم کتێبە تا سەدەی هەژدەیەم بە سەرچاوەیەکی زانستی پزیشکی دادەنرا لە ئەوروپادا

(الزهراوي) یەکەم کەس بووە لە زانستی (نەشتەرگەری)دا کتێب بنووسێت.. (إبن زهر) یەکەم کەس بووە کە بەردی گورچیلەی دەرهێناوە.. (إبن النفيس)یش یەکەم کەس بووە کە سووڕی خوێنی بچکۆلەی لە لەشی مرۆڤدا دۆزییەوە و، یەکەم کەس بووە کە باسی کردنەوەی بۆری هەوایی (القصبة الهوائية)ی کردووە لە نێو پزیشکاندا، لە کتێبێکیدا بەناوی (التيسير في المداواة والتدبير).. زانا (الرازي) یەکەم کەس بووە باسی کاریگەریی بۆماوەیی کردووە لە نەخۆشییەکاندا و یەکەم کەس بووە دەستنیشانی نەخۆشی سوورێژە و ئاوولّەی کردووە و، جیای کردوونەتەوە لە بارە سەرەتاییەکانیاندا و، یەکەم کەس بووە باسی تاقیکردنەوەی کۆنترۆڵکراوی کردووە، کە وتویەتی: «تاقیکردنەوە لەسەر نیوەی نەخۆشەکان بکرێت و نیوەکەی تر وازیان لێبێنن»، یەکەم کەسیش بووە تەلی نەشتەرگەری دۆزییەوە کە لە ڕیخۆلّەی ئاژەڵ دروست کراوە.. یەکەم کەسیش دەربارەی زانستی ژینگە نووسیویەتی و باسی کاریگەریی ژینگەی لەسەر زیندەوەران کردووە (ابن خلدون) بووە..

(جاحظ)یش یەکەم کەس بووە کە زانستی توێکاری بەراورد (التشریح المقارن)ی داناوە، دەچوو سکی ئاژەڵانی هەڵدەدڕی و بەراوردی دەکرد لە نێوان ئەندام و کۆئەندامەکانیاندا و، بە دامەزرێنەری یەکەمی زانستی (زیندەوەرزانی ئەزموونکاریی) دادەنرێت و، یەکەم کەس بووە لێکۆڵینەوەی لە ئاکاری زیندەوەران کردووە، ئەورووپییەکان (جاحظ) بە یەکەم زانا و نووسەر لە بواری (زیندەوەرزانی)دا دادەنێن.. موسڵمانان یەکەم کەس بوون کە (پاڵەپەستۆی هەوا)یان دۆزییەوە، پێش (ڕێنیسانس)ی ئەورووپا بە چەندەها سەدە و، لەنێو خۆیاندا ئەم یاسایانەیان نەقڵ کردووە، کە دەڵێت: (کێشی تەن لە هەوادا کەمترە لە کێشی ڕاستەقینەی خۆی) و، (هەوا هێزێکی هەڵکێشەری هەیە وەکو شلەکان) بەپێی یاسای (ئەرخەمیدس) و، یاسای (کێشی تەن لە نزیك ڕووی زەوی جیاوازە لەو کێشەی لەبەرزاییدا هەیەتی، ئەویش بەپێی بەرزیی ستوونی هەوا لە سەرەوەی).

(جابری کوڕی حەییان) یەکەم کەس بووە کە باسی هاوکێشی (الأوزان المتکافئة)ی کردووە، ناوی ناوە (زانستی میزان)، یەکەم کەس بووە کە وتویەتی (مس) ئاگرێکی ڕەنگ سەوز دروست دەکات.. (ئیبن سینا)ش یەکەم کەس بووە کە دەربارەی پیتاندن لە ڕووەکدا نووسیویەتی، کە دەگونجێ لەم ئایەتە وەریگرتبێ: ﴿وَأَرْسَلْنَا الرِّيَاحَ لَوَاقِحَ﴾ (الحجر: ٢٢)، ئەم ڕاستییە زانستییەی بە چەند سەدەیەك پێش لە دایکبوونی (لینس) باس کردووە.. (عباس بن فرناس)ی (ئەندەلوسی)ش کە ساڵی (274ك) مردووە، یەکەم کەس بووە کە بیرۆکەی فڕینی داهێناوە، کەسێکی فیزیایی و کیمیایی و ئەدیب و پزیشکیش بووە، (ئەمەوییەکان) بە پزیشکی تایبەتی مناڵ و خێزانانی کەسانی حوکم بەدەست دایان ناوە.

(رحاب خضر عکاوي) لە کتێبەکەیدا (عباقرة الإسلام ج٤)، دەڵێت: «یەکەم کەس کە زانستی سروشت (فیزیا)ی داهێناوە (حسن

کـوڕی هیثـم) بـووە، یەکـەم کـەس بـووە کـە باسـی تیشـکدانەوەی کـردووە، هەروەهـا یەکـەم کـەس بـووە کـە باسـی دیـاردەی (سراب)ی کـردووە و، دیـاردەی بینینـی خـۆر پێـش هەڵهاتـن و دوای ئاوابـوون لێکداوەتـەوە.. (جابـری کـوڕی حەییان)یـش یەکـەم کـەس بـووە کـە بناغـەی زانسـتی کیمیـای نوێـی داهێنـاوە، کـە (70) مـاددەی کیمیایـی ئامـادە کـردووە و خاسـییەتەکان و کارلێکەکانـی دیـاری کـردوون، وەك: ترشـەکان و کبریتـەکان و کلۆریـدەکان.. یەکـەم کەسـیش بـووە ڕێگـەی لێکۆڵینـەوەی کیمیایـی داهێنـاوە و، یەکـەم کـەس بـووە کـە باسـی کردارەکانـی (توانـەوەی مـاددەکان)ی کـردووە و، یەکـەم کـەس بـووە کـە باسـی کارلێکەکانـی پاڵاوتـن و بـە کریسـتاڵبوونی کـردووە و، یەکـەم کـەس بـووە کـە بـە کردارەکانـی (بەقەتـرە بـوون) هەسـتاوە و باسـی کـردوون، هەروەهـا کردارەکانـی سەرخسـتنی بـاس کـردووە کـە هیـچ کـەسِ پێشـی نەداوەتـەوە».

(خەواریزمـی) یەکـەم کـەس بـووە کـە (سـفر)ی داهێنـاوە، کـە زانایانـی بـواری ماتماتیکـی سـوودیان لـێ وەرگـرت و وای لێکـردن کـە بتوانـن هاوکێشـە دریـژەکان شـیکار بکـەن، یەکـەم کەسـیش بـووە کـە پەیوەندیـی نێـوان (جەبـر) و (هەندەسـە)ی دۆزیوەتـەوە، هەروەهـا بەکارهێنانـی هاوکێشـە جەبرییـەکان بـۆ شـیکارکردنی بابەتـە ئەندازەییـەکان و، یەکـەم کـەس بـووە بنچینەکانـی شـیتەڵ کردنـی ئەنـدازەی دانـاوە. (موسـی کـوڕی شـاکر)یش یەکـەم کـەس بـووە کـە لـە زانسـتی (الحِیَـل) واتـە (میکانیکـا)دا شـت بنووسـێت.. زانایانـی موسـڵمان یەکـەم کـەس بـوون کـە پرۆگرامـی ئەزمونییـان دەرهێنـاوە لـە ئایەتـی: ﴿وَفِيٓ أَنفُسِكُمۡ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ﴾ (الذاریـات :١٢)، هەروەهـا لـە ئایەتـی: ﴿أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلۡإِبِلِ كَيۡفَ خُلِقَتۡ وَإِلَى ٱلسَّمَآءِ كَيۡفَ رُفِعَتۡ وَإِلَى ٱلۡجِبَالِ كَيۡفَ نُصِبَتۡ وَإِلَى ٱلۡأَرۡضِ كَيۡفَ سُطِحَتۡ﴾ (الغاشـیة: ١٧-٢٠).. (ڕۆژئـاوا) دان بـەوە دەنێـن کـە: موسـڵمانان یەکـەم کـەس بـوون پرۆگرامـی ئەزمونییـان داهێنـاوە.. (جابـری کـوڕی حەییـان) دەڵێـت: "ئـەی ڕۆڵەکـەم بـەردەوام تاقیکردنـەوە بکـە"، کـە

مەبەستی تێڕوانین و بیرکردنەوە و تێڕامانە و جێبەجێکردنی ئەزموونیی جیاوازە بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی شتەکان. (جابر) یەکەم کەس بووە کە ئامۆژگاری زانایانی کردووە بە سێبارە کردنەوەی ئەزموونەکان بە مەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستێتی تاقیکردنەوەکە.. (أبو موسى الكندي) یەکەم بیریاری موسڵمان بووە کە لە پۆلێنی یۆنانی تەقلیدی بچێتەدەر، هێڵکاری و پلانێکی نوێی گشتی تازەی دانا تاکو زانستەکان لەسەر ئەو پلانە پۆلێن بکرێن، ئەو پۆلێنەی ئەو کردی، بووە هۆی ئەوەی زانایانی تریش وەکو (فارابی و خەواریزمی و ئیبن سینا) ڕێچکەی ئەو بگرن لەگەڵ هەندێ تازەگەریدا. (بلاذري) یەکەم کەس بووە کتێبی داناوە لەسەر پرۆگرامی بەستنەوەی ڕووداوەکانی مێژوو بە یەکتریيەوە بە شێوەیەکی پتەو و چڕو پڕ.

هەروەها زانایانی ئێمە یەکەم بوون لە سوود وەرگرتن لە زانستی کەسانی تر، زانایانمان شیاوترین کەسن بۆ ناسینی حەق و ڕاستی، کە هەستاون بە پاراستن و گواستنەوەی زانستی غەیری خۆیان بەبێ ئەوەی بیدەنە پاڵ خۆیان، هەر زانستێکیان لە هەر کەس و شوێنێکەوە وەرگرتبێت ئاماژەیان بە خاوەنەکەی داوە.

هەروەها زانایانی موسڵمان بزووتنەوەیەکی زۆر فراوانیان لە وەرگێڕاندا کرد، سەرەتا بە وەرگێڕانی واتاکانی قورئانی پیرۆز دەستی پێ کرد بۆ زمانی (سندی) و، هەوڵیاندا کە زانستەکانی خۆمان بۆ میللەتان بنێرن و، لە زانستی ئەوانیش سوود وەربگرن لەو شتانەی کە سوودیان لێوەردەگیرێت، وەك: ڕێکخستنی دیوانەکان و وەرگێڕانی نووسراوەکان، لەکاتێکدا بە (یۆنانی و فارسی و قیبتی) دەنووسران، موسڵمانان یەکەم کەس بوون پۆستە(برید)یان داهێنا، کە لە سەروو هەموویانەوە (عومەری کوڕی خەتاب) بوو، موسڵمانان یەکەم کۆمەڵگەی زانستییان لە هەموو جیهاندا لە (بەغدا) دامەزراند بە ناوی (دار الحكمة)، کە باوەڕ وایە (هارون الرشيد) دەستی بە پێکهێنانی کردبێت و لەسەردەمی (مأمون)دا گەشەی کرد بێت.

سەردەمی یەکەمی (زێڕینی) (عەباسییەکان) بەناوبانگ بوو بە (سەردەمی کتێب نووسین)، یەکەم کەس کە کتێبی نووسی (عبد الملك بن عبد العزيز بن جريج البصري) بوو کە لە ساڵی (155 ك) دا کۆچی دوایی کردووە، هەندێ دەڵێن یەکەم کەس (أبوالنصر سعيد بن عروبة) بووە، کە ئەویش (155ك) کۆچی دوایی کردووە، هەندێ دەڵێن یەکەم کەس (ربيع بن مسعود) بووە، کە لە (160 ك) دا کۆچی دوایی کردووە.

موسڵمانان یەکەم زانکۆیان لە جیهاندا داناوە، یەکەم کەس کە بەردی بناغەی زانکۆی دانا (أبو موسى الأشعري) بوو لە ساڵی هەشتی کۆچی لە (زبید) لە ناوچەی (تهامە).

موسڵمانان لە زانستی (پەروەردە)دا زۆر لێهاتووبوون، کە گرنگییان دەدا بە پەروەردەی لاشە و عەقڵ و ڕۆح، بە پێچەوانەی (گاورەکان)وە کە لایەنی عەقڵ و لاشەیان فەرامۆش کردبوو و تەنها گرنگییان بە (ڕۆح) دەدا، بە پێچەوانەی (جولەکەکان)یشەوە کە گرنگییان تەنها بە لاشە دەدا و (عەقڵ و ڕۆح)یان فەرامۆش کردبوو، هەروەها (یۆنان) یەکانیش کە لایەنی (ڕۆحی)یان فەرامۆش کردبوو تەنها گرنگییان بۆ عەقڵ و لاشە بوو، دەیانووت: «عەقڵی ساغ لە لاشەی ساغ دایە»، گرنگترین زانایانیشمان لەم بوارەدا لە سەرەتای ئەم بابەتەدا ئاماژە بە ناوەکانیان دراوە.

**سەرچاوە**

بابەتی (أوائل المسلمين في العلوم التجريبية)، د. أحمد هجوان.

# مەجریتیی گەردوونناس و کیمیاگەری موسڵمان لە ئەندەلوس

ئا: هاوژین تاڵیب ڕەزا

ئا: هاوژین تاڵیب ڕەزا

نووسەر لە گۆڤاری هەیڤ
hawzhint@gmail.com

سەرەتا مەبەست لەم نووسینە، پیاهەڵدان نییە بە مێژووی زانستی موسڵمانانداا، چونکە زانستە ئەزموونییەکان مۆڵکی هەموو مرۆڤایەتین و هەر سەردەمەش پێویستی زانستیی خۆی هەیە، یان بڵێین هەرچی زانستی ئەمڕۆ هەیە، سەرچاوەکەی زانستی موسڵمانانن، نەخێر، بەڵکو بەشداریکردنێکە لە هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی متمانەبەخۆبوون بۆ نەوەی نوێ و هاندانیان تا بچنەوە مەیدانی کردەنی و توێژینەوە ئەزموونییە زانستییەکان و ببنەوە بە هۆکارێك بۆ هەستانەوەی میللەتیان.

مەجریتی ناوی تەواوی (ئەبولقاسم مەسلەمە، کوڕی ئەحمەد مەجریتی)، لە ساڵی (950ز) لە شاری (مەجریت) کە (مەدرید)ی پایتەختی (ئیسپانیا)ی ئەمڕۆیە، لەدایك بووە. دواتر چۆتە (قورتوبە)، لەوێ ژیاوە و هەر لەوێش لە ساڵی (1007ز) کۆچی دوایی کردووە، گەردوونناس و کیمیاگەر و بیرکار و ئابووریناس بوو لە ئیسپانیا، یەکێک بووە لە بەناوبانگترین زاناکانی سەردەمی حوکمی ئیسلامی لە ئەندەلوس[١].

(١) د. صبري الدمرداش: قطوف من سير العلماء، تقديم د. عبد الحافظ حلمي 3/79، 80.

مەجریتی لە تۆژینەوەکانی بواری کیمیادا، پشتی بە ئەزموونی تاقیگەیی دەبەست، هەروەها بە تێبینیکردن و وردبوونەوە لە کارلێکە کیمیاییەکان و ئەو شێوە و کارلێکە کیمیاییە نوێیانەی لێیان پەیدا دەبوون[1]، ئاماژەی بۆ بنەمای (مانەوەی مادده) کردووە کە بریتییە لە: (کۆی بارستەی ئەو ماددانەی لە هەر کارلێکێکی کیمیاییدا بەشدار دەبن، یەکسانە بە کۆی بارستەی ئەو ماددانەی لەو کارلێکەوە پەیدا دەبن) و بە یەکێك لە بناغە گرنگەکانی کیمیای نوێ دادەنرێت. تەنانەت حەوت سەدە دوای ئەو، ئینجا هەردوو زانای ئینگلیزی (بریستلی) و فەرەنسی (لافوازییە)، تێبینیی ئەم بنەمایەیان کرد و پێشیان خست[2].

(١) د. رحاب خضر عكاوي: موسوعة عباقرة الإسلام ٤٠/٤، ٤١.
(٢) أ. د. بركات محمد مراد، المجريطي بين الكيمياء وعلم الفلك. مجلة حراء، العدد 41، السنة 2014 ص 30.

## مەجریتی و گەردوونزانی

مێژوونووسان پێیان وایە مەجریتی یەکەم کەس بووە داوای ئەوەی کردووە کە دەبێت کیمیاگەر زانستەکانی بیرکاری بزانێت[١]، داهێنانی (سایە)ش لە زانستی ئەندازەدا کە شیکردنەوەی مەسەلەکانی سێگۆشەکارییە بە ڕێگای لۆگاریتم، بۆ مەجریتی دەگەڕێننەوە[٢]. هەروەك پێشبینیی ئەوەشی کردووە کە پێویستە بۆ دەربڕین لە دیاردە و ڕاستییە زانستییە سروشتییەکان، بەتایبەتی لە بواری گەردوونزانی و کیمیادا، زمانی ژمارە و ڕەمزە بیرکارییەکان بەکار بهێنرێت کە لە زانستی سەردەمدا پێی دەوترێت بەرنامەی چەندی (المنهج الكمي)، کە مەبەست بەکارهێنانی زمانی ژمارەیە لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامارەکان و ڕێژەی سەدی و... تاد، بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردەکان، چونکە پێش ئەو بەکار نەهێنراوە و دواتر زانستە سروشتییەکان ئەو شێوازەیان لەخۆ گرتووە[٣].

لە گەردوونزانیشدا بەهرەدار بووە، کە ئەوکات گەردوونزانی بەشێك بووە لە زانستەکانی بیرکاری. هەر بۆیە لە سەرەتای ڕاپەرینی ئەوروپادا، هەندێك لە بەرهەمەکانی بوونە مایەی پەرەدان بە گەردوونزانی، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە مەجریتی؛ کتێبی (السند هند)ی خەواریزمی لە ساڵی (1000ز) لە قورتوبە پوختە و بژارده و دەستکاری کرد کە یەکێکە لەو کتێبانەی خشتە گەردوونییەکان لەخۆ دەگرن، کە بە هۆیانەوە جوولّە و ئاڕاستەی ئەستێرەکان دەزانرێت و ساڵنامەکانیان لێ دەردەهێنرێت، دوای ئەویش (ئەدیلارد ئەلباس) بۆ لاتینی تەرجەمەی کرد[٤]، هەروەها پوختەکردنی نەخشە گەردوونییەکانی (ئەلبەتانی) کە دواتر لە ڕێی دەلاقەکانی وەرگێڕانەوە بۆ ئەوروپا گواستراینەوە و دادەنرا

(١) موسوعة عباقرة الإسلام، 4/40، 41.
(٢) عمالقة العلوم التطبيقية، لسليمان فياض، الهيئة المصرية العامة للكتاب ٢٠٠١م، ص ٩١.
(٣) المجريطي بين الكيمياء وعلم الفلك، ص 30.
(٤) المجريطي بين الكيمياء وعلم الفلك، ص 30.

بـە گرنگتریـن سـەرچاوەکانی زانیـاری لـە ئەورووپـای سـەردەمی هەسـتانەوە و ڕاپەڕینـدا، هـەر بۆیـە دەبینیـن کـە نامەکـەی لەبـارەی (ئوسـترلاب)ەوە؛ (جـۆن هبالینیـس) بـۆ لاتینـی تەرجەمـەی کـردووە و (ڕۆدۆلـف ئـاوف بێرگس)یـش سـەرنجەکانی مەجریتـی لەبـارەی بەرهەمەکانـی (بەتلیمـۆس)ەوە و کتێبـی (حسـاب المعامـلات)ی بـۆ لاتینـی تەرجەمـە کـردووە. (نفیـس أحمـد) لـە کتێبەکەیـدا بـە نـاوی (الفکـر الجغـرافي في الـتراث الإسـلامي)، لەبـارەی ئـەم کتێبانـەوە کـە ئاماژەمـان بـۆ کـرد، دەڵێـت: «ئـەم کتێبانـە لەگـەڵ بەرهەمەکانـی تـری مەجریتـی، وەك (ثمـار علـم العـدد) و (تعدیـل الکواکـب)، ببوونـە سـەرچاوە بـۆ گەردوونزانـان.» هەروەهـا (القـاضي الصاعـد الأندلسـي) لـە کتێبەکەیـدا (طبقـات الأمـم) دەڵێـت: «بیردۆزەکانـی مەجریتـی لـە بیرکاریـدا لـە سـەردەمی خـۆی، لـە هەمـوو زانکۆکانـی ڕۆژئـاوا و ڕۆژهـەڵات وەك یـەك دەخوێـنرا[1].»

## قوتابخانەی مەجریتی

قوتابخانـەی مەجریتـی لـە قورتوبـە بریتـی بـوو لـە پەیمانگایەکـی زانسـتی، هەمـوو زانسـتە ئەزموونـکاری و کردەنییەکانـی لەخـۆ دەگـرت (هاوشـێوەی زانکـۆ تەکنیکـی و پەیمانـگا نوێـکان)، خوێنـدکاری زۆری پێگەیانـد و هەندێکیشـیان قوتابخانـەی زانسـتییان لـە هەمـوو شـوێنەکانی جیهانـی ئیسـلام کـردەوە، بەتایبەتـی لـە وڵاتانـی مەغریـب و ئەندەلووسـدا، ناودارتریـن قوتابیەکانیشـی بریتـی بـوون لـە: (أبـو القاسـم الغرناطـي) 1035ز)، (أبوبکـر الکرمـاني 1066ز)، (ابـن السـمح)، (الزهـراوي) و (ابـن خلـدون)، بەتایبەتـی (ابـن خلـدون) کـە هەندێـك باسـی پێشـەکیيە بەناوبانگەکـەی لـە هـەردوو کتێبـی (رتبـة الحکیـم) و (غایـة الحکیـم)ی مەجریتـی هەڵینجـاوە، کـە بـە هۆیـەوە (ابـن خلـدون) بۆتـە دامەزرێنـەری (کۆمەڵناسـی) و دانـەر لـە زانسـتە ئیسـلامی و مرۆییـە جۆراوجۆرەکانـدا[2].

(١) المجریطي بین الکیمیاء وعلم الفلك، ص 30.
(٢) http://islamstory.com/ar/artical/27797/المجریطي_حجة_عصره_في_الکیمیاء.

## مەجریتی و کیمیا

مەجریتی بە هۆی سەرکەوتنەکانی لە زانستی کیمیادا، نازناوی کیمیاگەری موسڵمانانی لێ نرابوو، ئەو تەنها بە زانیاری و پراستییە بیردۆزە تیۆرییەکانی شارستانییە کۆنەکانی پێشینەوە نەوەستا بەتایبەتی شارستانی ئەغریقی، بەڵکو ئەو خۆی بە کیمیاوە خەریک کرد و لە ڕێی شارەزایی زانستیی خۆیەوە لە کارگەکانی موسڵمانانداو ئەنجامەکانی بەدەست هێنا. هاوڕا بوو لەگەڵ (جابری کوڕی حەییان)؛ دامەزرێنەری زانستی کیمیا لە شارستانی ئیسلامیدا لە سەر جیاوازیی کانزاکان و دەیانگەڕاندەوە بۆ ڕێژەی چوار سروشتەکە (گەرما و سەرما و تەڕی و وشکی)، کە لە لای سروشتگەرە دێرینەکان بناغەن بۆ هەموو بوونەوەران، هەروەها لە سەر ئەوەی کە لە توانادا هەیە بە هۆی (ئیکسیر)ەوە کە دەرمانێکە لە ڕێی تاقیکردنەوە کیمیاییەکانەوە بەرهەم دێت، کانزا هەرزانەکان بگۆڕدرێن بۆ کانزا گرانەکان[1]، بە نموونە لە زیوی دەدەن و دەبێت بە ئاڵتوون.

مەجریتی ناوبانگێکی گەورەی پەیدا کرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی توانیی (ئۆکسیدی جیوە) لە ماددەی جیوە ئامادە بکات کە پێش ئەو کەس نەیتوانیبوو ئەو گۆڕانە بکات. شایانی باسیشە کاتێک هەردوو زانا (بریستلی) و (لافوازییە) سوودیان لەم ئەزموونە وەرگرت و ئەم شارەزاییە کردەنییەی ئەم زانا موسڵمانەیان پەرە پێ دا، هیچ ئاماژەیەکیان بۆ ڕۆڵی ئەو لەم بوارەدا نەکرد. بەڵام لە سەردەمی نوێماندا، هەندێک لە ڕۆژئاواییە بەویژدانەکان ڕۆڵی مەجریتی لە سەر زانستی کیمیا لە سەردەمی ئێستاماندا بەرز دەنرخێنن. بە نموونە؛ کاتێک (هولمیارد) لە کتێبەکەیدا (الکیمیاء حتی عصر الدالتون) دەڵێت: «بەسە شانازی بۆ مەجریتی، کە ئەو سەرنجی بنەمای مانەوەی ماددە یان بارستەی داوە کە کەس لە کیمیاگەرەکانی پێش ئەو ئاماژەیان پێ نەداوە.« کە دوای ئەو بە چەند سەدەیەك ڕۆڵێکی گرنگی لە مێژوودا بینی و دادەنرێت

(١) د. صبري الدمرداش: قطوف من سير العلماء 3/81، 82.

بـە یەکێـك لـە بناغەکانـی زانسـتی کیمیـا. هەروەهـا مەجریتـی کووڕەیەکـی بـۆ تکەکردنـی میکانیکـی دیزایـن کـرد، هەروەهـا تەرازوویەکـی هەسـتیاری داهێنـا کـە پێنـج تایبەتمەندیـی هەبـوو، لـە سـەر ئـاو دادەنـرا و کێشـی جۆریـی مـادەی دیـاری دەکـرد پێـش ئـەوەی تاقیکردنـەوەی لـە سـەر بکرێـت. بایەخێکـی زۆریشـی دەدا بـە تاقیکردنەوەکانـی سـووتان و ئـەو کارلێکانـەی لـە سـووتانەکانەوە بەرهـەم دەهاتـن، هەروەهـا ئـەو گۆڕانانـەی کـە دوای سـووتان لـە کێشـی کانزاکانـدا دروسـت دەبـوو[1].

مەجریتـی لـە باسـی یەکێـك لـە تاقیکردنەوەکانیـدا کـە خـۆی ئەنجامـی داوە، دەڵێـت: «زیـوەی پـاك و پوختـم هێنـا و لـە نـاو شووشـەیەکی شـێوە هێلکـەدا دامنـا، پاشـان لـە دەفرێکـدا لـە شـێوەی ئـەو دەفرانـەی کـە چێشـتی تیـا لێدەنرێـت، پاشـان دامپۆشـی و ئاگرێکـی هێواشـم کـردە ژێـری بـۆ مـاوەی 40 ڕۆژ، لەگـەڵ ڕەچاوکردنـی ئـەوەی کـە گەرمییەکـە ئەوەنـدە کـز بێـت بـە شـێوەیەك بتوانـم پەنجـەم لـە سـەر دەرەوەی دەفرەکـە دابنێـم. دوای ئـەوە تێبینیـم کـرد جیوەکـە کـە لـە بنەڕەتـدا کێشـی چارەکـە ڕتڵێـك بـوو، هەمـووی بۆتـە هاڕڕاوەیەکـی سـووری سـاف، کێشەکەشـی هـەر وەك خـۆی بـوو.» شـایانی باسـە لـەم تاقیکردنەوەیـەدا، دەبێـت کێشـی جیوەکـە هێنـدەی بەشـێك لـە سـەدی ڕتڵێـك زیـادی بکردایـە، بـەڵام مەجریتـی تێبینیـی ئـەوەی نەکردبـوو، ئەویـش بـە هـۆی ئـەوەی کـە بەشـێك لـە جیوەکـە بووبـوو بـە هەڵـم، ئـەو کەمکردنـەش یەکسـان بـووە بـەو زیادەیـەی کـە دروسـت دەبێـت لـە ئەنجامـی یەکگرتنـی جیـوە ماوەکـە لەگـەڵ ئۆکسـجیندا[2]. هـەر بۆیـە (د. السـمري) دەڵێـت: «گومانـی تێـدا نییـە بنەمـای مانـەوەی مـادەی کـە مەجریتـی داینـاوە، بـە دەسـتکەوتێکی زانسـتیی داهێنـەر دادەنرێـت، بەتایبەتـی کـە (بریسـتلی) و (لافوازییـە) و زانایانـی کیمیاگـەری دوای ئەوانیـش سـوودیان لـەم بنەمایـە وەرگرتـووە و پشـتیان پـێ بەسـتووە

(١) المجريطي بين الكيمياء وعلم الفلك، ص 30.
(٢) د. علي عبد الله الدفاع: العلوم البحتة في الحضارة العربية والإسلامية ص391.

بۆ دەرچوون بەرەو ئاسۆ نوێکانی زانستی کیمیا[١].»

مێژوونووسان پێیان وایە کە کتێبی (غایة الحکیم)ی مەجریتی، هیچ توێژەرێکی بواری مێژووی شارستانیی ئیسلامی ناتوانێت دەستبەرداری ببێت. ئەو کتێبە تەنها مێژووی کیمیا لەخۆ ناگرێت، بەڵکو زۆرێك لە بەرهەمە زانستییەکانی میللەتانی پێش میللەتی ئیسلامیش کە پێی گەیشتبوون لە بوارەکانی کیمیا و گەردوون و بیرکاری و میکانیك و مێژووی سروشتیدا[٢].

لە ڕاستیدا ئەمە مۆرکی دیاری مێژووی زانستی موسڵمانانە لە هەر بوارێکدا بێت، چونکە زانا موسڵمانەکان پەرەیان بە هەر زانستێکی پێش خۆیان دابێت، ئاماژەیان بە سەرچاوەکەی و ئەو شارستانییەی لێیان وەرگرتووە کردووە، ئیتر هندی بێت یان فارسی یان ئیغریقی، بەڵام بەداخەوە زانایانی ئیفرەنج (ئەوروپییەکان)، زۆرێك ئەگەر نەڵێین هەموو ئەزموونە کردەییەکانی مێژووی موسڵمانانیان داوەتە پاڵ خۆیان، بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەکیان پێ بکەن و بەم شێوەیەش بە نەوەکانیان دەگەیەنن. خاوەنی بەرنامەی (جیهانی موعجیزەکان)؛ زانا (هێندریك های) دەڵێت: «جێی سەرسوڕمانە لە خۆیندنگاکانماندا بەدەگمەن باسی چاکەی کلتووری ئیسلامی بەسەر ئەوروپاوە دەکرێت[٣]».

(١) أبو القاسم المجريطي كيمياوي العرب والمسلمين، للدكتور محمد مصطفى السمري، منار الإسلام، العدد ٣٧٥، أبريل ٢٠٠٦م.
(٢) قطوف من سير العلماء، 3/83.
(٣) https://www.youtube.com/watch?v=xNH0CiHc5oE

## سەرچاوەکان

١- أ. د. بـركات محمـد مـراد، المجريطـي بـين الكيميـاء وعلـم الفلـك. مجلـة حـراء، العـدد 41، السـنة 2014.

٢- عمالقـة العلـوم التطبيقيـة، لسـليمان فيـاض، الهيئـة المصريـة العامة للكتاب 2001م.

٣- https://islamstory.com/ar/artical/27797/ المجريطي_حجـة_عصره_في_الكيمياء








## پـــرۆژەی تـوێشـــووی قەڵەم لەبەر زیاد لە هۆکارێك

- خێرێکی هەمیشە و نەبڕاوە.
- سەدەقەی جارییە.
- بەکلتووریکردنی خوێندنەوە.
- بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی.
- ئیشکردن لەسەر فیکری ناتوندوتیژی و گەڕانەوە بۆ عەقڵییەتی لۆجیك و بـردودان بە فەلسـەفەی ئاخـاوتن لـە ڕێگەی وشە و کتێبەوە.

## خوێنەری هێژا

- بەشـداریکردنت بـە لەئەسـتۆگرتنی نرخـی چەنـد دانەیەك لە کتێبـی ئەم پـرۆژەیەدا، نیشـانەی بەرزنرخانـدنی لایەنـی ڕۆشـنبیری و ئایینـداری و خزمەتکردنتە بە مەعریفەت.
- بۆ پەیوەندی :

0772 529 5497
0750 192 5345
0772 518 5408

بیری قوول • خامەی نوێ
توێشووی قەڵەم